
بەرهەم ٥

گۆڤاری ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری

ساڵی ٤ ژمارە ٥ هاوینی ١٣٩٢ی هەتاوی



مۆدێلەکانی ڕەخنەی ڕەوانکاوی دوای فرۆید

دەقی سەرەڕۆ، بووتیقای سەرەڕۆ

ئەدەبیات... هەڵزنان بەسەر هزری مردوو!

وەرگێڕان لە ئالمانی، تورکمانی و فارسییەوە بۆ کوردی

شێعری عەبدولقادر نیازی، هاجەر پەرویزنیا، محەممەد ئەحمەدی، زانکۆ خەلیفە، زاهیر سەیدی و...

چیرۆکی کورستان گولابی نازەر، جەلیل ڕەحیمی، مریەم قازی و...

هەواڵنامەی کتێب





بەرهەم ٥

گۆڤاری ئەدەبی، فەرهەنگی و هـــونەری
ساڵی ٤ ژمارە ٥ هاوینی ١٣٩٢ی هەتاوی

دەستەی نووسەران:

مریەم قـــــازی، هەرمـــان وەتمانی،
شەویار گولابی ئازەر، عەبدولقادر نیـازی
هـــــەوارخزرزادە

سەروتار.....٢
تالیّس لە سەرەتای فەلسەفەدا (Thales) ـ ڕەسوولّ ئامادەپوور.....٣
مۆدێلەکانی ڕەخنەی ڕەوانکاوی دوای فرۆید ـ یاقووب خزری.....٧
واسیلی نیکیتینی کوردناس ـ مێهرداد ڕامیدینیا.....١٢
دەقی سەرەڕۆ، بووتیقای سەرەڕۆ ـ مورادە ئەعزەمی.....١٨
نرخاندنی دارستانێک لە شمشاڵ ـ ئەحمەد حەقناس.....٢٦
ئەدەبیات... هەڵزنان بەسەر هزری مردوو! ـ غەمگین بۆڵی.....٢٩
لە شارەوە بۆ شار ـ سەیوان مورادی.....٣١
ئاوازەخان ـ سامان خزری.....٣٣
شێعر: عەبدولقادر نیازی، محەممەد ئەحمەدی، هاجەر پرویزنیا و هتد.....٣٥
وەرگێڕانی شێعر لە فارسییەوە ـ ئەرسەلان چەڵەبی.....٥١
باریکەڕێی مەزرایە وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە ـ هیوا قارەمانی.....٥٢
ئەو خەونانەی دێنە دی! وەرگێڕان لە تورکمانییەوە ـ عەبدوسەتار جەباری.....٥٥
چیرۆک: کوردستان گولابیئازەر، جەلیل ڕەحیمی، مریەم قازی، هێمن سۆهرابی و هتد.....٥٧
وتووێژی لوورا میلێر دەگەڵ هاروکی موراکامی ـ وەرگێڕان لە فارسییەوە هەرمان وەتمانی.....٦٥
بروسکەی سەرەخۆشی، پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزان.....٧٢

بەرهەم گۆڤاری ناوخۆیی ئەدەبیی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەیە، هەروەها دەتوانن بۆ ناردنی بابەت پێوەندیمان پێوە بکەن.

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

هەرچـــی ئەم گۆڤـــارە چاپـــــــی دەکا
حوکمی نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی یێ
بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم

زمانی ئاشتی‌خوازی، هێمای هەڵبژاردنە



لەبەر تۆ بوو بەسەر باڵی تەپوتۆزی چیاکان‌دا وەسەر کەوتم
لەبەر تۆ بوو کە مانیفێستی هاچەرم
بە گوێی قوفڵەکان‌دا چرپاند،
قژەکانم هەڵبڕین و
هەتاوی دیلی چاڵاوم پێهەڵکێشا...
چاوەکانم کرد بە دەریا.
لەبەر تۆ بوو فرمێسکەکانم کردە بەرد
بۆ مەنتقی چڕژی شووشە
لە بەر تۆ بوو هێلانەم ئەسپاردە دەس با...

شک لەوەدا نییە کە زمان زۆرترین حەولی ئەوەیە کە یەکەم دیاردە بێت لە چارەسەری گرفتەکان‌دا، ئەزموونی دڵتەزێنی زۆربەی دراوسێیەکان وەک پاکستان، ئەفغانستان، عێراق و لەم دوایانەش‌دا سووریە لەمەڕ شەڕ و ڕەشەکووژی و تەقینەوەکان، کە لەو بەشانەدا بنەمای ڕەوشت بەتەواوی وەژێر پێی خراوە، گرینگی ئەم بابەتە زیاتر ئاشکرا دەکات. زمانی ئاشتی‌خوازی، باشترین هێمایە بۆ سازکردنی سەکۆی وتووێژ. پانتایەکە بۆ بڕیاردان و پێکهاتن و دابینبوونی دادپەروەری و سەقامگیری و ئاشتی کە بە ئەگەری بەشداریی‌یەکی هەمەلایەنە بە کردەوە دەبێ.

بەشێک لە بەستێنی زمان، ئەدەبیات لە گەڕیانی دەخا و ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ سرنجدان بە ناوەڕۆک و چۆنییەتی ئەم بەرهەمانەی دێنە بەردەم بەردەنگ و خوێنەر. بایەخی‌دان بە ناوەندەکانی ئەدەبی، ئاوەڵابوونی دەستی نووسەران و ئەدیبان و پڕۆپەنگبوونی دەوری گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە شیکاری، شرۆڤە و ڕوونکردنەوەکان‌دا سەرەکی‌ترین پێداویستییەکانی ئەو بەشەن. بە شاهیدی مێژوو، پێشگرتن بە چالاکییەکانی ئەو بەشانە نەک نەبۆتە هۆی ئارامی و سەقامگیربوون، بەڵکوو لە دوای گرێدانی زمان، کۆمەڵ لە بێدەنگی سامناکی خۆی‌دا بۆتە گێژەنی سەرلێشێواوی و نائارامی و ئامادەبوون بۆ تەقینەوەیەک کە لەودا تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێن و قەیرانێکی سەرهەڵگرتوو، چارەنووسی کۆمەڵ هەڵدەگرێ و دیار نییە و چۆن و لە کوێ، چی بە سەر دێنێ؟!

ئەدەبیات دەقە، دەقێک کە دەتوانێ هەموو لایەنێک بخاتە ژێر چاوەدێری و بەستێنی ئاوەز و ئاوەزمەندی، فەرحانی کۆمەڵ بکات. ئەدەبیات ویژدانی هروووژاوی مرۆڤایەتی و ڕەوایەتی چارەنووسە.

کەوابوو "بەرهەم" ئەو جارەش حەولی داوە و ئاواتی ئەوەیە کە بە هەموو کەمداهاتی و کەم و کوڕییەکانییەوە، ببێتە زایەڵەیەکی بەردەوام بەسەر خەوی بێبڕانەوەدا و لە هەمان کات‌دا کە تام و چێژێکی تایبەت پێشکەش دەکات، زۆر لایەنی شاراوە و گرینگیش بخاتە بەر باسی خوێنەرەوانی خۆی.

مریەم قازی

هەوڵدەدی کتێب

تالێس لە سەرەتای فەلسەفەدا (Thales)

ڕەسوڵ ئامادەپوور



پێشەکی: خوێندنەوەی بەڕێز ئەوەی کە لە دەقی ئەو وتارەدا دێتە بەر چاو، خوێندنەوەیەکی دووبارەیە لە فەلسەفەی کەسایەتییەک کە بەگشتی خۆی لە ئەفسانەکانی پێش سەردەمی خۆی کە سەبارت بە چۆنییەتی پێکهاتنی جیهان و مرۆڤ و خواکان کە بە شێوازی شێعر لە لایەن دوو شاعیری بەناوبانگ و هاوڵاتی خۆی بە ناوەکانی هێزیۆدۆس و هۆمێرۆس ڕازابوونەوە؛ هەڵدەپچڕێ و هەنگاوێک لە سروشت نزیکتر دەبێتەوە ،هەر بۆیە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا تالێس بە یەکەم فیلسووف دەناسرێ کە لەودا گواستنەوەی بیر و هزر لە ئەفسانە و خورافەپەرەستیەوە بەرەو سرنجدان بە سروشت و زانست ڕووی دەدا.

سەرچاوەی سەرهەڵدانی فەلسەفە؛ بەڵام پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بچینە سەر دەقی فەلسەفەی تالێس، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێستاش وڵامی ئەو پرسیارە کە ڕووبارەی فەلسەفە لە کام وڵاتدا سەرچاوەی گرتووە، بەتەواوی ڕوون نەبۆتەوە و سەبارەت بەو مەسەلەیە بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارا دایە. هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەکەم جار زانست و فەلسەفە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا وەک هیند و چین سەری هەڵداوە. هۆی ئەو بیروبۆچوونەش ئەوەیە کە نیشانەکانی تەمەدوون و شارستانیەت، وەک نیشتەجێبوونی کۆچەرەکان لە شوێنێک و دەستەمۆکردنی زیندەوار و بەدیهێنانی ئامرازی کشتوکاڵ و لە هەمووان گرینگتریش بەدیهێنانی خەت و پەرەگرتنی ئەدەبیاتی زارەکی بەرەو کەتیبەنووسین کە حیماسەی گیلگەمێش یەکێک لەو کەتیبە بەرچاوانەیە، لەو ناوچانەدا دۆزراونەوە و زۆربەی ئایینەکانی وەک زەرتەشتی و بەرهەمایی و بوودایی و هەروەها ئایینەکانی ئیبراهیمیش لەو وڵاتانەدا سەریان هەڵداوە. ئەوانەی کە لایەنگری ئەو بیروبۆچوونەن، پێیان وایە کە پەرەسەندنی تەمەدوون و شارستانیەت دەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینەکان بوونەتە هەوێنی هەوەڵین و ڕاستەقینەی فەلسەفە. بەڵام ئەوەی کە ڕاستی بێ، زۆربەی مێژوونووسەکانی فەلسەفە لەسەر ئەو باوەڕەن کە فەلسەفە وەلەدی وڵاتی یوونانە و هەوەڵین فیلسووفەکان خەڵکی مەڵبەندی ئیۆنیای سەر بە یوونانی قەدیم بوون. ئیۆنیا بە هۆی ئەوەی کە مەڵبەندێکی گرینگی پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە باری تەجارەت و بازرگانییەوە بوو، ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە ئاڵوگۆڕی بیری تێدا بکرێ و فەلسەفە لە تێکەڵاوی زانستی کۆنی کاهینەکانی میسری و موغەکانی ئێرانی و هەروەها پارساکانی هیندی و شێعرە فەلسەفیەکانی هێزیۆدۆس و هۆمێرۆس بە شێوەیەکی تازە سەرهەڵداتەوە. خاڵی گرینگ و تایبەتمەندی فیلسووفەکانی ئیۆنیا ئەوە بوو کە بیر و ئەندێشەکانیان لە هەر چەشنە ئۆستووریەکی دینی و ئەفسانەکانی پێشوو دەرباز کرد و بۆ یەکەم جار خواکانیان لە جیهانناسی خۆیان وەدەر نا و ڕوویان لە هۆیە سروشتییەکان و ئاسەوارەکانی سروشت کرد. هەر بۆیە لە مێژووی فەلسەفەی یوونانیدا بە سروشتناسەکان یا ماتریالیستەکان ناوبانگیان دەرکردووە.


ئەگەر ناوەندی دەرەوشانەوەی ئەندێشەی یوونانی لە مەڵبەندی ئیۆنیادا بوو، بێگومان شاری (میلتووس)یش کانگای فەلسەفەی ئیۆنیا بوو. چوونکە لە شاری میلتووسدا بوو کە تالێس وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی فەلسەفەدا دەرەوشایەوە.

ژیانی تالێس: بە داخەوە زانیاری ئێمە سەبارەت بە کاتوساتی ژیانی تالێس زۆر کەمە و هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەو زانیارانەی کە مێژوونووسەکان و فیلسووفەکانی دواتری وەک هێرۆدۆت و ئەرەستوو بە ئێمەیان داوە.

ناوی بابی ئیکسامیس و ناوی دایکی کلئۆبۆلینە بووە. بە وتەی هێرۆدۆت ئەژدادی تالێس دەگەڕێتەوە سەر فینیقیەکان و نەجیبزادەکانی سلسلەی کادمۆس و ئاگنۆرۆس. بەڵام هێندێک لە مێژوونووسەکانی تر، بەتایبەت لێکۆڵەرانی سەدەی نۆیێ پێیان وایە کە تالێس لە ڕەگەزی پاراوی میلتووسەکان بووە.

ئاپۆلۆدۆرۆس نووسەری گاهنامە سالّی ٥٨٥ پێش لە دایکبوونی مەسیح بە دەورانی بە کەمالّگەیشتنی تالێس دەزانێ کە ئەوکات تالێس چل سالّانە بووە.

بە وتەی دیۆگنێسی لائێرتیووس تالیس لە ساڵی ٦٤٤-٧ پێش لە دایکبوونی مەسیح ساڵێک پێش ڕووخانی شاری ساردیس پایەتەختی لیدیەکان بە دەستی کووروشی پادشای ئێرانی، کۆچی دوایی دەکات. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە تالیس لە نێوان ساڵەکانی ٦٢٣-٤ هەتا٥٤٦-٧ پێش لە دایکبوونی مەسیحدا ژیاوە و هەروەها چەرخی پاشایەتی کووروشی هەخامەنەشی بووە. لە سەرەتای ژیانی تالیسدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەفەرێکی بۆ وڵاتی میسر هەبووە و لەوێ ماوەیەک خەریکی فێربوون و لێکۆڵینەوەی زانستی بووە. بە وتەی پرۆکلیس تالیس یەکەمین کەسە کە زانستی هەندەسەی لە میسرەوە هێناوەتە یوونان.



تالیس لە سەردەمی پیریدا وەک یەکەمین حەکیم لە حەوت حەکیمی یوونانی قەدیم دەناسرێ. لە ئاکامدا تالیس لە کاتێکدا کە تەماشاگەری کێبەرکێیەکی پاڵەوانی بوو، لە تەمەنی ٧٨ساڵیدا بەهۆی گەرمابردوویی کۆچی دوایی دەکات. لەسەر گۆڕی تالیس ئەو ڕستەیە هەڵکەندراوە. ((لێرە لەو گۆڕە تەنگەدا تالیسی گەورە نێژراوە بەڵام ناوبانگی بەهۆی زانستی زۆر لە ئاسمانەکان تێپەڕیوە.))

تالیس وەک سیاسەتمەدار: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فیلسووفەکانی یوونانی قەدیم ئەوە بووە کە نە تەنیا هۆگری بیر و تێڕوانینی زانستی بوون، بەڵکوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبووە. بێگومان تالیسیش لە چارەنووسی شاری میلتووسدا دەستی هەبووە. بەڵام ژیانی سیاسی تالیس زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر بەربەرەکانی ئێونیەکان لەگەڵ بەرامبەر ئەرتەشی بەهێزی ئێرانییەکان کە بۆ بەدیهێنانی ئاواتی گەورەترین ئیمپڕاتووری سەردەم تازە گەیشتبوونە ئەو ناوچەیە. هێرۆدۆت دەنووسێ کە پێش وێرانبوونی ئێونیا تالیس هاوواڵاتییەکانی ڕێنوێنی دەکرد کە کۆڕێکی پەرسوڕا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لە شاری تێئۆس کە ناوەندی ئێونیای ئەوکات بوو، پێکبێنن. هەروەها دیۆگنێسی لائێرتیووس دەنووسێ کاتێک کە کرۆسبۆس پادشای لیدیەکان، باڵوێزێکی نارده لای خەڵکی میلتووس تا پێشنیاری یەکگرتوویان لە بەرامبەر ئەرتەشی ئێراندا پێبدا، تالیس خەڵکی میلتووسی لە قەبووڵکردنی ئەو پێشنیارە گێڕایەوە و هەر ئەو کارەش بوو بەو هۆیە کە کاتێک کووروش لە شەڕدا سەرکەوت، شاری میلتووس لە سووتان و وێرانبوون ڕزگاری بێت. خوێنەری بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە هەر چەند لە بەڵگەکانی مێژوویی وا دەردەکەوێ کە تالیس لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکەیدا بەشداری هەبووە بەڵام ئەوە هیچ کات بەو مانایە نییە کە ئێمە تالیس وەک سیاسەتمەدارێک لە مێژووی سیاسەتدا بناسین، چوونکە هیچ سەرچاوەیەک تاکوو ئێستا ڕاستەوخۆ باسی لە سیاسەتمەداربوونی تالیس نەکردووە، تالیس زۆرتر وەک فیلسووفێک ناوبانگی هەبووە تا وەک سیاسەتمەدارێک.

تالیس وەک ئەستێرەناس و ڕیازیزان: تالیس سەرەڕای ئەوەی کە وەک یەکەمین فیلسووف ناوبانگی هەیە، لە سەردەمی خۆیدا ئەستێرەناس و ڕیازیزانێکی گەورەش بووە. هێراکلیتووس دەڵێ: "تالیس یەکەمین کەس بوو کە لە ئەستێرەناسیدا بە ئاکام و دەستکەوتی گرینگ گەیشت". تالیس پاش سرنجدانێکی تەجرەبی زۆر، ڕۆژگیرانێکی کە بە ڕەوایەتی هێرۆدۆت لە کۆتایی شەڕی نێوان لیدیەکان و مادەکان کە لە ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردانی ساڵی ٥٨٥ی پێش لە دایکبوونی مەسیح ڕووی دەدا پێشبینی دەکا. لەو کارکردە ئەستێرەناسیانەیتر کە دەیخەنەوە سەر تالیس بەدیهێنانی ساڵ نوێنێکی ئەستێرەناسیانە و بە کارهێنانی تەجرەبەی فینیقیەکان بۆ دەست نیشانکردنی خەتی ڕەوتی کەشتیەکان بە یارمەتی ئەستێرەی دوببی ئەسغەرە، کە ڕەوایەت وایە کە تالیس یەکەمین کەس بوو کە ئەستێرەی دوببی ئەسغەری دۆزیبەوە. دیۆگنێسی لائێرتیووس لە کتێبی ژیان و باوەڕی فیلسووفەکانی بەرچاودا دەنووسێ ((هێندێک بەتایبەت کۆئێریلووس دەڵێن کە تالیس لە هەرمانیەت و مانەوەی ئەبەدی ڕوح پشتیوانی دەکات و یەکەمین کەسە کە خەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەتاو لە شۆڕشی زستانەوە هەتا شۆڕشی هاوین دەستنیشان دەکات و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەندازەی مانگ دەبێ یەک حەوتسەدوبیستەمی ڕادەی ئەستوورایی بازنەی ڕۆژ بێ. هەروەها تالیس بوو کە وەرزەکانی ساڵی دۆزیبەوە و ساڵی بە سەر ٣٦٥ ڕۆژدا دابەش کرد.)) ئەفلاتوون لە کتێبی تەئتەتووسدا چیرۆکێکی سرنجڕاکێش دەربارەی تالیس دەگێڕێتەوە: ((کاتێک کە تالیس چاوی لە ئەستێرەکانی سەر سەری

خۆی بڕیبوو لە قوولکەیەک دەکەوێ، کچە خزمەتکارەکەی بە ڕیشیەوە پێدەکەنێ و دەڵێ تالیس تامەزرۆیە کە سەبارەت بەو شتانەی کە لە ئاسمانەوە هەیە زانیاری بە دەست بێنێ بەڵام ئەو لە پشت سەر و پێش پێی خۆی بێخەبەرە.!))

بەڵام تالیس وەک ڕیازیزانێک سەبارەت بە قەزییەکەی ناوبانگی هەیە، پرۆکلێس سێ قەزییە بە ئی تالیس دەزانێ.

۱-ڕادەی ئەستوورایی (قووتری) بازنە دەکا بە دوو بەش

۲-سووچەکان (زاویە) لە بنواشەی (قاعیدەی) سێ گۆشی لاسک یەکسانەوە (موتساوی ئەلساقیینەوە) بەرابەرن.

۳-سووچەکانی ڕووبەڕووی یەک لە سەردا (بەرە ئس) بەرابەرن.

هەروەها سەبارەت بە ژیانی ڕیازی تالیس هێرۆفۆمۆرێس ئاماژە دەکا کە تالیس بە یارمەتی سێبەر لە کاتێکی دیاری کراوی ڕۆژدا بەرزایی ئەهرامەکانی سەلاسەی میسر بە دەست دێنێ. تالیس کاتێک کە دەبینێ سێبەری ئێمە بەرابەری بەژنی ئێمەیە، تێدەگات کە بەرزایی ئەهرامەکانی سەلاسەش بەرابەری سێبەری ئەوانە.

ئاو وەک هەوێنی هەوەڵینی شتەکان: تالیس یەکەمین کەس بوو کە دەربارەی هەوێنی هەوەڵین و ماکەی شتەکان بیری کردەوە. بە باوەڕی تالیس هەوێنی هەوەڵین یا ماکەی ماکەکان (مادە تۆلمەواد) ئاوە. ئەرەستوو لە مێتافیزیکدا دەڵێ: ((بە بڕوای تالیس زەوی لەسەر ئاو ڕاگیراوە، لە ڕوانگەتدا زەوی لە لای تالیس وەک تۆپێکی مەلەوار لە ناو ئاو دایە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە تالیس ماکەی ماکەکان یا ئەسڵییەتی هەوەڵینی بوونەوەرەکان بە ئاو دەزانی. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چ شتێک بوو بەو هۆیە کە تالیس ئاو بە هەوێنی هەوەڵینی شتەکان بناسێنێ؟ گومانی لێدەکرێ کە تەنیا هۆیەکی ژیرانە کە تالیسی بەو ئاکامە گەیاند؛ دەبێ گرینگیەتی ئاو لە ژیان و سروشت دایێ، شایانی باسە کە گرینگیەتی تالیس لە هێنانە ئارای ئەو پرسیارە دایە کە سروشت و ماکەی نەهایی جیهان چییە؟ نە لە وڵامێکدا کە تالیس بەو پرسیارەی دەداتەوە.

شتەکان پڕن لە خواکان: باوەڕێکی تر کە ئەرەستوو بە هی تالیسی دەزانێ ئەوەیە کە تالیس بەپێی ئەو وتانەی کە لێی دەگێڕنەوە وا وێدەچێ کە ڕوح بە شتێکی جوولێنەر بزانێ، چوونکە تالیس دەڵێ موقناتیس ڕوحی هەیە و ئاسن دەجوولێنێ. ئەرەستوو لە مێتافیزیکدا دەڵێ: ((هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕوح لە گەڵ جیهان تێکەڵاوی هەیە ئەوەش لە وانەیە بەو هۆیە بێ کە تالیس پێی وایە شتەکان پڕن لە خواکان.)) لە وتەکانی ئەرەستوو وا وێدەچێ کە تالیس باوەڕی بە بوونی هێزەکانی نەبیندراو لە هەموو شتدا هەبووە کە لە ئەوپەڕی نەجوولان و بێدەنگی ئەوانەدا سەرچاوەی جوولان و ژیانی ئەوانە. هەر وەک خواکان کە لە باوەڕی ئایینی یوونانیەکاندا جوولێنەر و هەڵسووڕێنەری جیهان بوون، لە لای تالیسیش ئەو هێزە نەبیندراوەی ناو ناخی شتەکان جوولێنەری ئەوانە و وا وێدەچێ کە شتەکان لە ڕوانگەتدا ڕوحیان هەیە و پڕن لە خواکان. شایانی باسە کە هێندێک حەولیان داوە کە بەو بیروبۆچوونەی تالیس ڕەنگ و بۆنێکی خواناسانەی پێبەدەن بەڵام ئەو لێکدانەوەیە دەگەڵ بیروبۆچوونەکانی تالیس هاوئاهەنگێکیان نییە چوونکە تالیس بە بێئەوەی کە بیر لە بوون لە نەبوونی خواکان بکاتەوە. بیر و هۆشی خۆی زۆرتر بۆ ناسینی سروشت و ئاسەوارەکانی و هەروەها یاساکانی نێوان ئەوان بەکار هێنا. تەنانەت هیچ شاهید و بەڵگەیەکیش لە دەستدا نییە لە ئەوەی کە تالیس دەڵێ شتەکان ڕوحیان هەیە مەبەستی بوونی ئەسڵێکی خوداوەندی لە جیهاندا بێ.

سەرجەمی نووسراوەکانی تالیس: دیۆگنێسی لائێرتیووس دەنووسێ ((بەپێی باوەڕی هێندێک، تالیس نووسراوەیەکی لە پاش خۆی بە جێنەهێشتووە، چوونکە کتێبی ئەستێرەی ڕێنوێنی دەریاییش کە بە ئاسەواری تالیسی ناو دەبەن دەکوترێ کە لە ئاسەواری فۆکۆسی خەڵکی سامیانە.)) بەڵام هێندێک لە ڕەستە فەلسەفیەکانی تالیس دەتوانین لە دەقی فیلسووفەکانی دواتری خۆی وەک ئەرەستوودا بدۆزینەوە. ئێستاش هێندێک لە وتەکانی تالیس کە لە کتێبی ژیان و باوەڕی فیلسووفەکانی بەرچاوی دیۆگنێسی لائێرتیووس‌دا هاتووە، دەخوێنینەوە.

۱- لە نێوان هەموو شتەکانی کە هەن کۆنترینیان خوایە، چوونکە ئەو نەئافراندراوە.

٢ ـ جوانترین جیهانە، چوونکە ئەو دەستکردی خودایە.

٣ ـ گەورەترین بۆشای (فەزا)یە، چوونکە هەموو شتێک لە باوەش خۆی وەردەگرێ.

٤ ـ چالاکترین زەینە، چوونکە بە تووندی دەچێتە هەر شوێنێک.

٥ ـ بەهێزترین پێویستیە (زەرووڕەتە)، چوونکە ماکەی هەموو شتەکانە.

٦ـ ژیرترین کاتە، چوونکە هەر شتێک دەخاتە ڕووناکی.

٧ ـ هەر شتێک کە ئێوە دەیدەن بە دایک و بابتان دەبێ چاوەڕێ بن کە هەر ئەو شتەش لە منالّەکانتان وەرگرنەوە.

٨ ـ هیچ جیاوازییەک لە نێوان مەرگ و ژیاندا نییە.

٩ ـ خۆت بناسە.

١٠ ـ کەسێک لێی دەپرسێ: کێهەیان پیرترە، شەو یا ڕۆژ؟ لە وڵامدا دەڵێ: شەو، ڕۆژێک پیرترە.

١١ ـ کەسێک لێی دەپرسێ: بەختەوەرترین مرۆڤ کێیە؟ لە وڵامدا دەڵێ: کەسێک کە لەشی ساغ و زەینێکی نوێهێنەر و سروشتێکی سەر بە ڕێی هەبێ.

گرینگیەتی تالیّس: لە کۆتایی ئەو وتارەدا دەبێ ئاماژە بکەین کە تالیّس تێکەڵاوێکە لە فیلسووف و زانیاری هۆگر بە کردەوە و تێڕوانینی تەجرەبی. بەڵام گرینگترین ویستی تالیّس دۆزینەوەی ماکەکان بوو، کە بە لای ئەوەوە، ئەو ماکەیە ئاوە. لە ڕاستیدا تالیّس مەسەلەی یەکیەتی لە زۆریدا یا یەک شت لە هەموو شتدا (وەحدەت دەر کێسرەت) دێنێتە گۆڕێ و شتەکان وەک ڕووەکانی لە گۆڕانی زاتێکی هەوڵی و نەهایی کە سەرچاوەی هەموو شتەکانە، دێنێتە بەر چاو. تالیّس باوەڕی بە ئەزەلیبوونی جیهان هەبووە و پێی وا نەبووە کە جیهان لە نەبوو هیچ هاتۆتە دی، بە واتایەکی تر تالیّس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیهان کۆنە و ئەوی کۆنیش بێ هەر هەبووە و دەبێ. وەک ڕووداوێکیش نەئافراندراوە. بێرتراند راسێل لە کتێبی مێژووی فەلسەفەدا دەڵێ: ((هونەری تالیّس لەوەدا بوو کە ئەو وشەی لە چی؟ هێنایە جێگای وشەی لە کێ؟ تالیّس وەک پێشینیەکانی خۆی نەپرسی کە جیهان بە دەستی کێ ئافراندراوە؟ بەڵکوو ئەو بە شێوەیەکی تر دەپرسێ جیهان لەچی بەدی هاتووە؟)) بە واتایەکی تر تالیّس لێکدانەوەی ئوستوورەناسیانەی کۆن سەبارەت بە بەدیهاتنی جیهان ڕەها دەکا و تێدەکۆشێ کە هۆیەکی ئەقڵی بۆ ناسین و بەدیهاتنی جیهان بدۆزێتەوە. نیچە لە کتێبی فەلسەفە لە سەردەمی تراژیکی یوونانیدا دەڵێ: ((وا وێدەچێ کە فەلسەفەی یوونان بە مانا و مەفهوومێکی زۆر ناماقوول دەست پێدەکات، یانی بەو ڕستەیە کە ئاو سەرچاوەی هەموو شتەکانە بەڵام ئێمە دەبێ بە سێ هۆ سرنج بدەینە ئەو ڕستەیە، یەکەم: چوونکە شتێک سەبارەت بە ماکەی هەوەڵینی شتەکان باس دەکا. دووهەم: چوونکە ئەوە بەجۆرێکی هاتۆتە سەر زمان کە لە خورافە و ئەفسانە بەتاڵە. سێیەم: چوونکە ئەگەر وەک نووتفەیەکیش بێ ئەو ئەندێشەیەی تێدا گونجاوە کە هەموو شتەکان لە یەک شتن. هۆی یەکەم تالیّس لە ناو دەستەی مەزهەبیەکان و خورافەپەرەستان بەجێ دەهێڵێ، هۆی دووهەم ئەو لەو دەستەیە دەردواێ و وەک زانایەکی سروشتناس دەیهێنێتە بەرچاو. بەڵام ئەوە هۆی سێیەمە کە تالیّس دەکا بە یەکەم فیلسووفی یوونانی قەدیم)). لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگەین کە تالیّس وەک یەکەمین فیلسووف لە سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوادا ڕێگە بۆ داهاتووەکان خۆش دەکا کە جیهان بەبێ دەست بە داوێنبوونی خواکان و ئەفسانەکانی پێش سەردەمی خۆی بناسن.

ئەو سەرچاوانەی کەڵکیان لێوەرگیراوە:

١ـ مێژووی فەلسەفەی کاپێلێستۆن، ڕووبەرگی یەکەم، وەرگێڕ؛ سەید جەلالەدینی موجتەبەوی

٢-مەکتەبەکانی فەلسەفی لە دەورانی باستانەوە هەتا ئەمڕۆکە، وەرگێڕ و گردار؛ پەرویزی بابایی

٣-فەلسەفەکانی گەورە، ئەسەری پییێردۆکاسێ، وەرگێڕ؛ ئەحمەدی ئارام

٤-مێژووی ڕەوتی فەلسەفە لە ئوروپادا، ڕووبەرگی یەکەم، دوکتوور عەلی ئەسغەری حەلەبی

٥-فەلسەفە لە سەردەمی تراژیکی یوونانیدا، ئەسەری نیچە، وەرگێڕ؛ دوکتوور مەجیدی شەریف


6-tdi.blogfa.com/post-13.aspx

7-fa.wikipedia.org/wiki/thales

8-www.iptra.ir

مۆدێلەکانی ڕەخنەی ڕەوانکاوی دوای فرۆید

یاقووب خزری



پێشەکی

بە هێندێک وردبینیەوە دەکرێ بڵێین مێژووی ڕەخنەی ڕەوانناسی هاوکاتە دەگەڵ مێژووی زانستی ڕەوانناسی، ڕەخنەی ڕەوانکاوی لە ئەدەبیات هەر لە سەرەتاوە بەشێکی گرینگ بووە لە لێکۆڵینەوەکانی فرۆید. ئەو بە کەڵکوەرگرتن لە ئەدەبیات و هونەر بۆ دەوڵەمەندکردنی بنەما فکرییەکانی مەکتەبی ڕەوانکاوی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی گەورەی لە زانستی ڕەوانناسیدا وەدی هێنا. لەم نووسراوەیەدا هەوڵ دراوە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی - وەسفی (تاریخی - توصیفی) ڕەوتی ئاڵۆگۆڕییەکانی ڕەخنەی ڕەوانناسی لە ئەدەبیاتدا دوای فرۆید بخەینە بەرباس. هەر بەو هۆیە پێویستە بنەماکانی ئەو مەکتەبە فکرییە باس بکرێ و وەکوو ڕەوتێکی مێژوویی لە فرۆیدەوە دەست پێبکەین و پاشان کورتەیەک لە بیروڕاکانی یونگ لە بابەت هونەر و ئەدەبیات دەخەینە بەرباس. دوای یونگ کەسانێک وەکوو هانری دۆلاکێرۆوا (henri delacroix) ، شارل بوودئین (Charles baudouin). ژاک لاکان (Jacques lacan) و... کە لەو بەستێنەدا هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، باسیان لەسەر دەکرێ. بۆیە پێویستە بۆ ئاشنابوونی زیاتریش بێ، کورتەیەک لە بۆچوونەکانی ئەو دوو زانایە (فرۆید و یوونگ) بخەینە بەرباس.

فرۆید: سەرەتایەکی نوێ لە ڕەوانکاویدا

تیۆری و بۆچوونەکانی فرۆید لە هەمبەر ڕەوانکاوی و ڕەخنەی ڕەوانکاوانە لە ئەدەبیات و هونەردا، ئەگەرچی گەلێک کێشەی لێکەوتەوە، بەڵام لە عەینی حاڵیشدا ئاڵۆگۆڕییەکی گەورەی لە گۆڕەپانی ڕەخنەدا بەدی هێنا. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا پێوەندی نێوان ڕەوانکاوی و هونەر یەکێک لە سەرەکیترین پرۆسەکانی ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی بووە.

فرۆید جگە لە ڕەوانکاوی بەگشتی، دامەزرێنەری لێکۆڵینەوەکانی ڕەوانناسانە لە ئەدەبیات و هونەریشە. ئەو بە کەشف و دۆزینەوەی "نەست" (ناخودآگاه) و چەمکەکانی پێوەندیدار بەو مەفهوومە ئاڵۆگۆڕییەکی گەورەی لە چییەتی ڕەخنەدا بەدی هێنا. چونکە تا پێش فرۆید ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری تەنیا لەسەر بنەمای مەفهوومی "هەست" (خودآگاه) بە ئەنجام دەگەیشت. بە واتەیەکی تر ڕەخنەگر لە ڕابردوودا بە دوای نییەتی هونەرمەند و نووسەردا دەگەڕا، بەڵام پاش فرۆید و بە شۆڕنوەرگرتن لە ئەوی، مەسئەلەی نەست بوو بە یەکێک لە گرینگترین مەسئەلەکانی پێوەندیدار بە ڕەخنە، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی ڕەخنە بگاتە قۆناغێک کە لەودا ڕەخنەگران بە دوای ئەو بابەتانەدا بگەڕێن کە هونەرمەند و نووسەر یا بۆخۆیان نایزانن یا نایانهەوێ بیڵێن. ئەوەش بۆتە هۆکارێک بۆ فەرزکردنی پێوەندییەکی پەتی (انتزاعی) نێوان خەیاڵی شاعیرانە و خەون، نێوان شێعر و گوتاری نەخۆشەکان. چوونکە هەمووی ئەوانە سەرچاوەی نەستی مرۆڤە. (یاوەری، ١٣٨٤)

یوونگ؛ نەستی بە کۆمەڵ

جیاوازییەکی سەرەکی نێوان فرۆید و یوونگ دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕوانینی ئەوان لەمەڕ مەسئەلەی نەستی مرۆڤ. بەپێچەوانەی فرۆید، یوونگ باوەڕی بە نەستی بەکۆمەڵ هەبوو. بە واتەیەکی تر فرۆید جەختی لەسەر شوێنەواری نەستی بەتاک (ناخودآگاه فردی) لەسەر دوو مەسئەلەی خوڵقانی ئاسەواری ئەدەبی و هونەری و هەروەها شوێندانان لەسەر کردەوە و ئێحساسەکانی مرۆڤ دەکرد، بەڵام یوونگ سوور بوو لەسەر بنەما کۆن و مێژوویییەکانی نەستی مرۆڤ. یوونگ لە بەراوردکردن دەگەڵ فرۆید هۆگرییەکی زیاتری بە هونەرە وێنەییەکان (هنرهای بصری) هەبوو. دەسکەوتەکانی یوونگ لە بازنەی ڕەخنەی ڕەوانکاوانەدا بە نیسبەتی فرۆید پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، بەڵام ڕەخنەگرانی بواری ئوستووورەناسی و نمادناسی کەڵکی زیاتریان لە بۆچوونەکانی یوونگ وەرگرت. هەڵبەت لە زانستی ڕەوانناسیدا جێگەوپێگەی خۆی ڕاگرت. (هەمان سەرچاوە).

دوای فرۆید و یوونگ کەسانێک وەکوو شارڵ بوودۆئێن (Charles baudouin) هەوڵیان دا بە ئاوێتەکردنی بۆچوونەکانی فرۆید، یوونگ و تەنانەت ئادلێریش دەسکەوتێکی فکری تازە بە دەست بێنن. بوودۆئێن ڕێڕەوی یوونگ بوو. ئەو کتێبەکەی خۆی بە نێوی " ڕەوانکاوی هونەر" پێشکەشی فرۆید کرد. تاقمێکی دیکەش وەکوو "ماری لووویز ڤەن فرانز" شێوازی یوونگیان لەبەر چاو گرت، بەتایبەتیش ئەو بەشە لە بۆچوونەکانی یوونگ کە باسی ئارکی‌تایپەکان (کهن الگوها) و ئوستووڕەکانی ئەدەبی و هونەریان دەکرد. ڤەن فرانز دوای مەرگی یوونگ درێژەی بە کارەکانی یوونگ دا. بۆ وێنە کارکردن لەسەر کتێبە بەناوبانگەکەی بە نێوی " مرۆڤ و هێماکانی". بەڵام پاڕادایمی زاڵ لە کەلتووری ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا ئیزنی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتەی نەدا. تاقمێکی دیکە وەکوو "ژاک لاکان" بەرەو شیوازەکانی فرۆید گەڕانەوە، هەڵبەت بە مێتۆد و پێکهاتەیەکی نوێ. بۆ وێنە لاکان لە هەوڵی ئەوە دابوو لە دەستکەوتەکانی زمانناسی بە باشترین شێوە لە ڕەوانکاوی‌دا کەڵک وەرگرێ. لاکان پێی وابوو پێکهاتەی نەستی مرۆڤ وێچوویی هەیە دەگەڵ پێکهاتەی زمانناسانەی مرۆڤ و هەروەها سازبوونی ململانێی نێوان " دال و مەدلوول" و " خوازە (استعاره) و مەجاز" بەرهەمی بۆچوونەکانی لاکان بوو. بیرۆکەی لاکان شوێنێکی ئەوتۆی دانا لەسەر ئەندێشەی کەسانێک وەکوو "ژولیا کریستێوا" و "ژاک دریدا". (تادیە،۱۹۹۹).

ڕەخنەی ڕەوانناسی و "هانڕی دۆلاکێرۆوا" (henri delacroix)

دۆلاکێرۆوا لە ساڵی ۱۹۲۷دا کتێبێکی بە ناوی "ڕەوانناسیی هونەر" بڵاو کردەوە. چەند بەشی ئەو کتێبە بریتین لە بابەتگەلێکی وەک: هونەری جوانی‌ناسانەی هونەرمەند، شوێندانانی هونەری شێعر لەسەر مرۆڤ، هەروەها بنەماکانی هونەری موسیقا.

دۆلاکێرۆوا بە هۆی ئەوەی کە ئاشنایەتی هەبوو دەگەڵ عیرفان و ئەدەبیاتی عیرفانی، شێوەی ڕوانینی سەبارەت بە ڕەخنەی ڕەوانناسی هێندێک جیاوازتر بوو لە زانایانی تری ئەم بواره. بەڵام بەداخەوە لێکۆڵەرانی بواری مێژوویی ڕەخنەی ڕەوانناسانە، سرنجێکی ئەوتۆیان نەداوە بەو کەسایەتییە. لە ڕوانگەی دۆلاکێرۆوا هونەر هەموو لایەنەکانی ئەدەبی، موسیقایی و هتد، دەگرێتەوە و بەگشتی شوێنی بە ئاکامگەیشتن و وەدیهاتنی مرۆڤە.

ئەو تێدەکۆشا خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هونەر و ڕەوانناسی و هەروەها هونەر و زانست بدۆزێتەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە ڕەسمیەکان و زانستگاکانی ئورووپا و ئامریکا، ئیزنی سەرهەڵدان بەو ئەندێشە و بیرۆکانەیان نەدەدا کە تێکەڵاوی عیرفان بوون، بۆچوونەکانی دۆلاکێرۆوا پێشوازییەکی وای لێنەکرا و ڕێڕەوانی خۆی پەیدا نەکرد. (هەمان سەرچاوە).

شارڵ بوودۆئێن (Charles baudouin)

شارڵ بوودۆئێن یەکێک لە بیرمەندانی ڕەخنەی ڕەوانناسی لە ئەژمار دێ، کە لە ئورووپا سرنجێکی کەمی پێدرا. ئەو هەوڵی دەدا لە ڕێگای ئاوێتەکردنی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەی ڕەوانناسی، کۆتایی بە ململانێی تیۆریکی نێوانیان بێنێ و مێتۆدێکی نوێ لەو بوارەدا دەستەبەر بکا. هەڵبەت سووکەئاوڕێکیشی لە فرۆید و یوونگ و تاقمێک لە ڕێڕەوانی هەڵکەوتەی ئەوان دەداوە. بوودۆئێن لە ڕێگای پشکنینی ئوستووڕەکانەوە هەوڵی دەدا بنەمای گریمانەکانی (عقدەها) وەک ئۆدیپ یا نارسیس لە دەقە بەناوبانگەکان‌دا بدۆزێتەوە.

شێوازی بوودۆئێن لە ڕەخنەی ڕەوانناسی‌دا لەسەر بنەمای مێتۆدی" پەیکەرەیی" داڕێژراوە. لەو شێوازەدا هیچکات ناکرێ لێکدانەوە لەسەر بەشیک بکرێ بەبێ لەبەر چاوگرتنی گشت پێکهاتەکەی. بۆ وێنە دێڕێکی غەزەلێک پێویستە لە چوارچێوەی پێکهاتەی گشت غەزەلەکەدا لێک بدرێتەوە. ئەو دەڵێ: " لێکۆڵەر پێویستە ئاسەوارەکانی هونەرمەندێک وەکوو ئەندامەکانی زیندووی مرۆڤ شرۆڤە بکا، هەر بەشەی پەیوەستە بە گشت ئاسەوارەکانی هونەرمەند و بە سرنج‌دان بە هەموو ئاسەوارەکانی دەبێ لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. لێکدانەوەی شێعرێک بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەموو ئاسەوارەکانی شاعیر، کارێکی بێئاکامە.

ژاک لاکان (Jacques lacan)

لاکان هەوڵ دەدا بە کەڵکوەرگرتن لە فەلسەفەی دیالێکتیکی هێگێل و زمانناسی سۆسۆر، بۆچوونەکانی فرۆید بە شێوەیەک بنووسێتەوە کە ڕەوانکاوی لە لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ حزووری هەبێ. بەرهەمی هەوڵەکانی لاکان بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕەوانکاوی بە شێوەیەکی بەرچاو سنووورەکانی خۆی ببەزێنێ و تێکەڵاوی فەلسەفە، سیاسەت، ئەدەبیات، مەزهەب و زانستەکانی تر ببێ. چونکە ئاسەوارەکانی لاکان زیاتر بە شێوەی لێدوان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بووە، تێگەیشتنیان گەلێ سەخت و دژوارە و پڕن لە

دەستەواژەی گرژ و ناڕوون. بە سرنجدان بە ئاستۆی ڕەوانکاوی، لاکان باس لە سێ نەزم یا بنەما دەکا کە بریتین لە: ئەمری خەیاڵی، ئەمری هێمایی، ئەمری ڕاستەقینە. (کدیور،۱۳۸۱).

ئەمری خەیاڵی (I): ئەمری خەیاڵی نیشانەی گەڕانی بێپایانی مرۆڤە لە خودی خۆی. لاکان پێی وایە مرۆڤ بە شێوەیەکی ناقیس دێتە سەر دونیا. یانی تا چەند ساڵ دوای لە دایکبوونی، حەڕەکەی ئەندامەکانی جەستەی هەماهەنگ نابن. منداڵ لە تەمەنی شەش مانگانەدا تێدەکۆشێ بۆ دەستەبەرکردنی هەمزادپێنداری و هەماهەنگی ئەندامەکانی جەستە. بە دیتنی وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا (مەبەست دەتوانێ هەم ئاوێنەی ڕاستی بێ، هەمیش دەلاقەی ئاوێنەی تاکێکی تر) بە سەر ئەو گرفتەشدا زاڵ دەبێ. وێنەی ناو ئاوێنە منداڵ ئارام دەکاتەوە، چونکە بۆخۆی لە خەیاڵی خۆیدا تەسویرێکی کاملی لە خۆی نیە. ئەو خەڵکانی تر بە خاوەنی هەر یەک لە بەشەکانی وجوودیی خۆی دەزانی. وێنەی ناو ئاوێنە هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵ وێنەیەکی بێکەموکووڕی لە خۆی هەبێ. ئەو جێگای دروستی ئەندامەکانی لەشی نازانێ. کاتێک دەیهەوێ شتێک بخوا، ناتوانێ جێگای ڕاستەقینەی زاری دیاری بکا. ئەو بە ڕوانین لە دەلاقەی کەسانێکی تر وەکوو ئاوێنەیەک، تێدەکۆشێ وەکوو ئەوان بە شێوەیەکی یاسامەند ئەندامەکانی لەشی وەجوولە بخا، لە ئاکامدا وەکوو ئەوانیش کامڵ بێ. ئەو هەوڵە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی "من" یا نەفسی منداڵ. " پێکهاتەی نەفس پێکهاتەیەکی لێکدابڕاوە و لە نێوان خۆی و وێنەکەیدا دابەش کراوە، بۆیە تێدەکۆشێ ئەوی تر (دیگری) (مەبەست وێنەی ناو ئاوێنە یا کەسێکی تری کە دیتوویەتی) دەگەڵ خۆی بکا بە یەک. منداڵ دوای گەورەبوونیشی هەمیشە دەیهەوێ بەرەو کاملتربوون هەنگاو بنێتەوە و یەکێتی (وحدت) ببەخشێ بە کەسایەتی خۆی. لە حەقیقەتدا "منی دڵخواز" (من مطلوب) بنەمای سەرەکییە لە ئەمری خەیاڵیدا. تاک وێنەیەک لە خۆی لە خەیاڵیدا ساز دەکا کە زۆر دوورە لە ڕاستی. لە ڕوانگەی لاکانەوە ئەمری خەیاڵی ئەمرێکی نزمە و بایەخێکی ئەوتۆی نیە. لاکان پێی وایە سەردەمی مۆدێرن سەردەمی بە لوتکە گەیشتنی ئەمری خەیاڵییە، چونکە لەو سەردەمە دایە، مرۆڤ تەنیا خەریکی خۆیەتی و دەیهەوێ بە دەستی خۆی و بەرهەمەکانی دەستی خۆی، جیهان داگیر بکا.

ئەمری هێمایی (S): ئەمری هێمایی هەمووی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ئێمە پێی دەڵێین "ڕاستەقینە". لە زمان بگرە تا دەگاتە یاسا و هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمری هێمایی باس لەوەی دەکا هەر تاکێک بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. مرۆڤەکان تەنانەت پێش لە دایکبوونیشیان لە چوارچێوەی ئەمری هێماییدا گرفتارن. هەر تاکێک خاوەنی وڵات، زمان، قەوم، بنەماڵە، گرووپێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕەگەزنامەیەکی تایبەتە. تەنانەت بەر لە دایکبوونیشی نێوی بۆ هەڵدەبژێرن. بە ڕای لاکان ئەوە زنجیرەی دەلالەتەکان یا بە واتەی خۆی یاسای داڵە کە ئەمری هێمایی ساز دەکا. لاکان مەفهوومی "دال"ی لە زمانناسی سوویسی بە نێوی سۆسۆر وەرگرتووە. سۆسۆر پێی وابوو زمان پێکهاتووە لە نیشانەکان، هەر نیشانەیەکیش پێکهاتووە لە دوو بەشی "دال" و "مەدلوول".

دال تەئویلی ئێمەیە لە دەنگی (صوت) نیشانەکان. مەدلوول مەفهوومێکی پێوەندیدارە بە دەنگ. سۆسۆر هەروەها پێی وابوو زمان سیستمێکی دوو لایەنەیە، هەم پێوەندیدارە و هەمیش لێکترازاو. یانی هیچ نیشانەیەک بەبێ نیشانەیەکی تر تەفسیر ناکرێ و لێک نادرێتەوە. بۆ وێنە: ڕاست ڕاستە چونکە چەپ نیە. لە ئاکامدا دەبێ بڵێین چونکە ئەمری هێمایی لە ڕێگای پێوەندی نێوان زنجیرە دەلالەتەکانەوە پێکهاتووە، ئێمەش بە ناچار مەحکووم بە ئەوەین هیچکات بە جۆری پێویست جیهانی ڕاستەقینە دەرک نەکەین و تا ئەبەد خۆمان لە زیندانی زماندا بەند بکەین. لە ڕاستیدا هەموو شتێک زمانە.

ئەمری ڕاستەقینە (R): ئەمری ڕاستەقینە ئەو بەشە لە ژیانە کە ناتوانین بیناسین. لە حەقیقەتدا هەمان جیهانە پێش ئەوەی کە پارچەپارچە بکرێ لە لایەن زمانەوە. ئەمری ڕاستەقینە نایهەوێ ببێ بە هێما و ناشیهەوێ بناسرێ و تەنانەت بێتە سەر زارانیش. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە نەخۆشی ئیدز نموونەیەکی باشە. تاقمێک بڕوایان وایە ئەو نەخۆشییە سزایەکە بۆ هۆموسێکشوالەکان (همجنس گراها) و هەروەها سزایەکیشە بۆ لادان لە ڕەوشتی ژیانی مەسیحییەت. تاقمێکیش پێیان وایە پلانی ڕێکخراوەی (CIA)یە بۆ کەمکردنەوەی حەشیمەتی ئافریقاییەکان. تاقمێکی دیکەش بە دەستێوەردانی مرۆڤی دەزانن لە سروشت. هەمووی ئەوانە بەو هۆیەیە، ئەو نەخۆشیە بەستەزمانە. چونکە ئیدز گرینگی نادا بە هەموو ئەو هۆکارانەی بۆیان دیتۆتەوە. یانی ئیدز هێرشێکە لە لایان ئەمری ڕاستەقینە. هەروەها تەواوی ئەو هەوڵانەی دەیانهەوێ ئیدز نمادین بکەن و بیهێننە نێو بازنەی زمانەوە، تووشی ناکامی دەبن. دەیانهەوێ پەیامێک لە ئەمری ڕاستەقینەدا بدۆزنەوە کە لە ڕاستیدا تێیدا بەدی ناکرێ، چونکە ئەمری ڕاستەقینە بێمانایە. مانا تەنیا لە ئەمری هێمایی دایە. هێندێک لە نەخۆشییە ڕەوانییەکان بە هۆی ئەوەی کە نەخۆش ناتوانێ لە زمانی دیالۆگ کەڵک وەرگرێ و ناتوانێ قسان بکا و ئێحساسەکانی خۆی دەربڕێ و بیهێنێتە سەر زمان، بەدی دێن. (مووەلەلی،1384).

شارڵ مۆرێن

مۆرێن ڕۆڵێکی کاریگەری بووە لە پەرەپێدانی ڕەخنەی ڕەوانکاوانە و یەکێکە لە گرینگترین زانایانی بواری ڕەخنەی ڕەوانناسی. دەستەواژەی ڕەخنەی ڕەوانناسانە (Psychocritique) هەوەڵ جار مۆرێن بە کاری برد و هاتە نێو گۆڕەپانی بەرباڵاوی ڕەخنە. مۆرێن لە کتێبێکدا بە نێوی " ڕەخنەی ڕەوانناسانەی ژانری کۆمیک" شێوازی خۆی پەرە پێدا. مۆرێن هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر شاعیرانی گەورە بۆ وێنە لە ئاسەوارەکانی "مالارمە"دا زنجیرەیەکی لە خوازەکان (استعارەها) دۆزیەوە. ئەو زنجیرەیە ڕوانگەیەکی ئوستووریی‌مان نیشان دەدا کە پێی‌دەڵێن " ئوستووریی شەخسی". مۆرێن لە کتێبێکی دیکەدا بە نێوی " لە خوازە کەڵکەڵەمێنەکانەوە تا ئوستووریی شەخسی" شێوازەکانی ئەزموونگەری و زانستی ڕەچاو کردووە بۆ گەیشتن بە ئوستووریی شەخسی. مۆرێن لە مێتۆدی ڕەخنەی خۆی‌دا گرینگی دەدا بە خودی دەق، ژیاننامەی نووسەرانیش تا ڕادەیەکی زۆر وەلا دەنێ. ڕەوتی ڕەخنەی ڕەوانکاوانە و ڕەوانناسانە دوای مۆرێن لە لایەن کەسانێک وەکوو "ژان بێلمەن ــ نۆئێل" و "ژولیا کریستێوا" بە هێنانەگۆڕی بیرۆکەی "لێکدانەوەی نیشانەکان" و " ڕەخنەی فێمینیستی" درێژەی پێدرا. ڕەخنەی ڕەوانناسانە پێش مۆرێن بە شێوەی بانەدەقی (فرامتن محور) بووە یا بە واتەیەکی تر جەختی دەکرد لەسەر نووسەر و تایبەتمەندییەکانی نووسەر، بەڵام بە زاڵبوونی ساختارگەرایی ئەم بیرۆکەیە گوازترایەوە بۆ بەشە زۆر تایبەتی و قۆرغ (انحصار)کراوەکانی نووسەری دەق. لە ڕابردوودا ئاسەوارە ئەدەبی و هونەرییەکان وەکوو گوتاری نەخۆشەکان لە ئەژمار دەهاتن، دەقی ئەدەبی و هونەری بۆ فرۆید و ڕێڕەوانی فرۆید ڕێگایەک بوو بۆ ناسین و هەروەها گەیشتن بە پێکهاتەی نەستیی نووسەر. ژیاننامەی نووسەران ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو. بەو هۆیە بوو دەتوانین بڵێین مۆرێن ڕۆڵێکی کاریگەری بووە لە ڕەخنەی ڕەوانناسی‌دا.

ژان بێلمەن-نۆئێل (j.bellmen noel)

ڕەوتی ڕەخنەی ڕەوانکاوانە و ڕەوانناسانە دوابەدوای شارڵ مۆرێن، بە نووسینی کتێبێکی بە نرخ بە نێوی "گەیشتن بە نەستی دەق و ڕەوانکاوی و ئەدەبیات" لە لایان ژان بێلمەن ـ نۆئێلەوە درێژەی پێدرا. ژان بێلمەن ـ نۆئێل بەپێچەوانەی ڕەخنەگرانی پێش خۆی بە جێی ئەئەوەی کە جەخت بکا لەسەر پێکهاتە و ناوەڕۆکی نەستی تاکی نووسەر، بەدوای ناوەڕۆکی نەست لە دەقدا دەگەڕا، لەو بەشەدا لە مۆرێن نزیک دەبێتەوە. بازنەی لێکۆڵینەوەکانی ژان بێلمەن ـ نۆئێل مەسئەلەی نەستە، بەڵام لە دەقەکان‌دا. ئەو یەکێک لە گرینگترین ئاسەوارەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. لە حەقیقەت‌دا ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی ژان بێلمەن ـ نۆئێل گەیشتن بە نەستێکی تایبەت لە دەقێکی تایبەت دایە.

ژان بێلمەن ـ نۆئێل سرنجێکی تایبەت دەدا بە چۆنییەتی خوڵقانی دەقێک یان ئاسەوارێک و تایبەتمەندییە ڕەوانناسانەی ئەم دەقە یا ئاسەوارە. هەروەها ئەم پرسیارە کە "گومانێک چلۆن دەبێتە ئاسەوارێکی جوانی‌ناسانە؟" لە نیگەرانییەکانی هەمیشەیی ژان بێلمەن ـ نۆئێل بووە. ئەو لە چوارچێوەی لێدوانێک بە نێوی " ڕەوانناسیی خوڵقانی دەق" باسی ئەو بابەتە دەکا و دەڵێ: " سەرەکی‌ترین کەڵکەڵەی من دەرمان و ناسینی خەیاڵ نیە بەڵکوو ئەوەی بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە کە ئەو خەیاڵە بە چ شێوەیەک و لە ڕێگای چ مێکانیزمێک دەبێ بە دەق و هەروەها چۆن دەبێتە ناوەندێکی بەردەوام بۆ هەستی جوانی‌ناسانەی مرۆڤ و هەروەتر ئێحساسەکانی تاکێک. (مەک ئافی،۲۰۰۵)

ژولیا کریستێوا (j.cristeva)

کریستێوا بە هێنانە کایەی دوو باسی گرینگ بە ناوەکانی " لێکدانەوەی نیشانەکان" و "ڕەخنەی فێمینیستی" درێژەی بە لێکۆڵینەوەی زانایانی پێش خۆی دا. ئەو بە شوێنوەرگرتن لە ڕەوانناسی لاکان باس لە دوو ئەمری نیشانەیی و هێمایی دەکا. هەرکام نیشانەی سەردەمێکی تایبەتن لە ژیانی مرۆڤ. ئەمری نیشانەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئاخافتنی مرۆڤ دەگەڵ خەڵکانی تر، ئەمری هێماییش نیشان‌دەری سەردەمی ئاخافتنی مرۆڤە بە واتایەکی تر سەردەمی زمان‌ناسانەی مرۆڤ. بە ڕای کریستێوا ئەمری نیشانەیی تەنانەت پێش وەقسەهاتنی مرۆڤ دەست پێدەکا و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش وەدی‌هاتنی گریمانەی نۆدیپ و لە ڕووی ئوستووریی‌یەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییەکی کەونارایی دەگەڵ دایک. بە شێوەی ڕاستەوخۆش پێوەندی هەیە بە هێز و گریمانەکانی جەستەیی مرۆڤ. (ماتیۆ،۱۹۹۹).

کریستێوا ساڵی ۱۹۶۹ بە بڵاوکردنەوەی هەوەڵین کتێبی خۆی شوێنکی زۆری هەبووە لە "لێکدانەوی ڕەخنەگرانە"، "تیۆری فەرهەنگ" و "فێمینیسم ". کارەکانی کریستێوا بریتین لە: گەڵێ کتێب و وتار لە بارەی نیشانەناسی، بەینامەتنییەت، زمان‌ناسی، تیۆری ئەدەبی و

ڕەخنە، ڕەوانکاوی، ژیاننامەنووسی، نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی، لێکدانەوەی سیاسی و فەرهەنگی، هونەر و مێژووی هونەر. کاتێک ساختارگەرایی گەیشتە لووتکە، ئەو یەکێک بوو لە پێشڕەوانی ئەو ئەندێشەیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان‌دا. کریستێوا لە مەکتەبی پەساساختارگەراییش‌دا خاوەن پێگەیەکی قووڕس و قایمە. (مەک ئافی،۲۰۰٦)

لێدوانی کۆتایی و ڕوانگەکانی ئێستای ڕەخنەی ڕەوانناسانەی دەقی ئەدەبی

بە سرنجدان بە هەمووی ئەو وتانەی باس کرا، هەروەها بە پێداچوونەوەیەک بەسەر ئاڵوگۆڕییەکانی تیۆریکی لە پانتایی ڕەخنەی ڕەوانناسی‌دا، بەو ئاکامە دەگەین ئەوڕۆکە ڕەخنەگرانی ڕەوانناسی بە کەڵکوەرگرتن لە بنەمایەکی دەوڵەمەند لە بواری تیۆریی‌یەوە کار لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر وەکوو نووسەر، دەق و بەردەنگ دەکەن. لە لێکۆڵینەوەکانی ئێستادا تاقمێک ئێستاش بە گوێرەی ڕابردوو، گرینگی بە نووسەر و پێکهاتەی نەستی نووسەر دەدەن. تاقمێکی تر جەخت دەخەنە سەر دەقەکانی هونەری و ئەدەبی. هەروەها تاقمێکی زۆریش گرینگی دەدەن بە بەردەنگ و باسکردن لەسەر ڕەوانناسی فەهمی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان. بەبێ دڕدۆنگی ڕەوتە فکری و فەرهەنگییەکانی زاڵ بەسەر فەزای ئێستای کۆمەڵگا شوێنی هەیە لە مەکتەبی ڕەخنەی ڕەوانناسانە. بەو هۆیە ئەوڕۆکە بابەتەکانی وەک خود (self) و کەسێکی تر (دیگری) دوو بابەتی بنەڕەتین لە گۆڕەپانی ڕەخنەی ڕەوانناسی‌دا.

بە سرنجدان بە ئەوەی کە ئەوڕۆ لێکۆڵینەوەکانی فەرهەنگی بەشێکی گرینگن لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، ڕەخنەی ڕەوانناسانەش پێویستە جیاوازیی‌یەکانی فەرهەنگی و شوناسی قەومییەتەکان لەبەرچاو بگرێ و ببێتە میراتداری پێکهاتە ڕەوانییەکانی کلتوورە جۆراوجۆرەکان.

سەرچاوەکان:

- تادیە، ژان ایو، نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمه مهشید نونهالی، انتشارات نیلوفر:۱۳۷۸
- پژوهشنامه فرهنگستان هنر، شماره ٤؛ مرداد و شهریور ۱۳۸٦
- کدیور، میترا؛ مکتب لکان (روانکاوی در قرن بیست و یکم)؛ انتشارات ا×لاعات: ۱۳۸۱
- ماتیو، اریک، فلسفه فرانسه در قرن بیستم، ترجمه محسن حکیمی، انتشارات ققنوس:۱۳۷۸
- موللی، کرامت؛ مبانی روانکاوی فروید-لکان؛ نشر نی: 1384
- نوئل، مک آفی، ژولیا کریستوا، ترجمه مهرداد پارسا، نشر مرکز:۱۳۸۵
- یاوری، حورا، روانکاوی و ادبیات، انتشارات سخن:1384
- ماڵپەڕەکان:
- ماڵپەڕی تاکەکەسی کریستێوا: www.kristeva.fr
- ماڵپەڕی ئافتاب: www.aftabir.com
- ماڵپەڕی ئینتێرنێتی ویکی پێدیا

* بە ڕای نووسەری ئەم وتارە هێندێک وشە وەک "ڕەوانناسی" و "ڕەوانکاوی" دەبێ بەم شێوەیە بنووسرێ: "ڕەواننناسی"، "ڕەوانکاوی"؛ کەچی بەپێی یاسا و چوارچێوەی گۆڤاری بەرهەم هاتوونە سەر ڕێنووسی گۆڤارەکە.



واسیلی نیکیتینی کوردناس

Vasili Nikitine, 1881 _ 1960

مێهرداد ڕامیدی‌نیا

[پێشکەش بە دکتور فەرهاد پیرباڵ]

واسیلی نیکیتین Vasili Nikitine یا باسیل نیکیتین Basile Nikitine کوردناسی ناوداری ڕووسی و بە ڕەچەڵەک لەهێستانی ساڵی ١٨٨١ ی مەسیحی لە دەڤەری " سۆسنۆویتسە" ی Sosnovitsè کیشوەری لەهێستان لە دایک بووە.[*]

باپیری سێناتۆرێکی بەناوبانگ و خودان نووسراوەی حقوقی بووە و لە سەردەمی پاشایەتی " نیکۆلای یەکەم" لە ئیدارە گرینگەکانی پێتەختی ڕووسیەدا، دەورێکی بەرچاوی بووە و هاریکاری"سپرانێسکی" بووە لە دانانی یاساگەلی ڕووسیەی تێزاری‌دا. باوکی کارمەندی دەوڵەت بووە و باری قورسی بەخێوکردنی نیکیتین و دوو خوشک و براکەی لە ئەستۆ بووە.[1] خوێندنی ناوەندی لە"وێرشۆ" ی [لەهێستان] تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٠٣ دا لە وێرشۆوە هاتۆتە مسکۆ.[2] خوێندنی لە ڕووسیەی تێزاری و لە ژێر چاوەدێری "ویلهۆڵم بارتۆلد [١٨٦٩- ١٩٣٠] ڕۆژهەڵاتناسی ناودار کۆتایی پێهێناوە و لە ئێران کراوە بە کۆنسول.[3] لە ساڵی ١٩٠٤ تا ١٩١٠ لە زانکۆی "لازارێفی" مسکۆ و کولێژی "سەنپێتێرزبۆرگ" کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە بووە درێژەی بە تەواوکردنی زمانەیلی ڕۆژهەڵاتی داوە.[4] لە ساڵی ١٩٠٤ بە ڕازیبوونی بابی چووەتە مەدرەسەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی لازارێف لە مسکۆ. لە ساڵی١٩٠٥ دا بە هۆی هەڵاویسانی بشێوی ناوخۆ، مەدرەسەکە داخراوە و بە هۆی لێهاتوویی سەرۆک مەدرەسەکە سەرلەنوێ ئەو مەدرەسە کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی هاتنە ئارای باری ڕامیاری تایبەت لە ڕووسیە(چالاکی بلشویکەکان) دیسان ئەو مەدرەسەیە داخراوەتەوە.[5] هەر لەو ساڵەدا چووەتە تورکیە و لە ناوەندی کۆنینەناسی ڕووسی لە قەستەنتەنیە[= ئەستەمبول] کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٠٦ چووەتە ئیتالیا و لە ١٩٠٧ دا سەفەری بولغارستان و فەڕانسەی کردووە و لە کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان‌دا خەریکی تەواوکردنی کەمۆکوڕییەکانی خوێندن بووە.[6] لە ساڵی ١٩٠٨ دا چووەتە کۆلێژی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی سەنپێتێرزبۆرگ. لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە ماوەی تەعتیلاتی کۆلێژدا بۆ خولێکی فێرکاری ناردراوەتە ئیسفەهانی[ئێران] و هەر لەم سەفەرەدا شەیدا و خولیای ئێران و ئێرانی بووە. لە ساڵی١٩١٠ دوای تەواوکردنی ئەو خولە بەرەو پێتێرزبۆرگ گەڕاوەتەوە و هەر لەو ساڵەدا دەگەڵ کەنیشکێکی فەڕانسەوی بە نێوی "لۆرە" [هـ .لێرۆی \ لۆرە | H.leroy] زەماوەندی کردووە.[7]



واسیلی نیکیتین و لۆرەی خێزانی


ئوستادەکانی بریتی بوون لە: ئا. کریمێسکی، A.Krimsky ئوستادی زمانی عارەبی و مێژووی ئیسلام.کۆرش، Korsh ئوستادی زمان و ئەدەبی فارسی. وێزوۆڵد فێدرۆویچ میلێر، Vesvold Fedrovich Miller سەرۆکی مەدرەسەی لازارێف و ئوستادی مێژووی کەونارای ڕۆژهەڵات و زمانی سانسکریت بووە. مۆسیو پوتێر، Potierئوستادی ئەدەبی بەراوردکاری فەڕانسە و ڕووسی بووە. میخاییل ئۆسیپۆویچ عەتیە، Osipovihch بە ڕەچەڵەک عارەب و ئوستادی زمانی عارەبی بووە. پرۆفسۆر ئا. ژۆکۆفسکی، A.Joukovski. بارۆن. ڕ. ستاکێلبێرگ، .Baron. R.Stakelberg ، میرزا جەعفەری مەحەلاتی، میرزا عەبدوڵڵاغەفاری، میرزا ڕەزای ئێرانی. بۆ بەشی کوردناسیش بەدیعوزەمان عەللامە سەعیدی نەورەسی [١٣٧٩ – ١٢٩٣ک.م | 1873 – 1959] کورد. لە ساڵانی [1918 - 1915] کە نیکیتین لە ورمێ کۆنسوڵی حروسان بووە کوردی لێ فێربووە و زۆر جار بۆ چارەسەرکردنی گرێیەکانی کۆمەڵایەتی و ساغبوونەوە لەسەر نووسینی وتار و نامیلکە و کتێبەکانی لەسەر کورد پرسی پێکردووە و چاری لێخواستووە.[8]



واسیلی نیکیتین لە بەهاری ساڵی ١٩١٠ دا دێتە نێو وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە و لە ساڵی ١٩١١ دا لە ئەزموونی دیپلۆماتیک (ڕامیاری) وەردەگیرێ و هەر لەو ساڵەدا دەبێتە چاپاری تایبەتی بردنی هەواڵەکان بۆ بێرلین و پاریس و لەندەن و لە ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٩ لە ئێران‌دا لە سرویسی کۆنسولخانەکانی ڕووسیە لە ڕەشت، تەورێز، ورمێ و سابلاغ و تاران کاری کردووە.[9] لە ساڵی ١٩١٢ دا بۆتە میرزا و وەرگێڕی [کۆنسولخانەی حروسان] لە شاری ڕەشتی ئێران. بە دوای ئەوەدا لە ساڵی ١٩١٥ دا چەند مانگێک وەکوو جێگری کۆنسولی شاری تەورێز ئەرکی خۆی بەجێهێناوە. لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ کراوە بە کۆنسولی ورمێ. لە ماوەی نیشتەجێبوونی خۆی لە ورمێ وێڕای خەریکبوون بە کاروباری کۆنسولی دەستی بە موتالا و لێکۆڵینەوە لەسەر کوردان کردووە. لە سابلاغ (مهاباد)، ڕواندز، دەڤەری شەمدینان، بانە، بۆکان، ئۆرەمار، هەکاری و... لەگەڵ ڕاستەقینە و ڕووداوگەلێکی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوە و ئەوان ڕووداوگەلە کۆمەڵایەتی و ڕاستەقینانەی بە شێوەی ڕاپۆرت، نامیلکە و پەڕۆک باڵاو کردۆتەوە.[10]

ژیانی پڕ لە ڕووداو و تژی لە تێکۆشانی نیکیتین هاوڕێ بووە لەگەڵ جەنگی یەکەمی گیتی(١٩١٤-١٩١٨) و دووهەم لە(١٩١٣تا١٩٤٥)، شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕوسیە، شۆڕشی ئێران بۆ لەناوبردنی پاشایەتی قاجار و شۆڕشی تورکە لاوەکان بۆ تواناکردنی ئیمپراتۆری وەسمانلی. نیکیتین دەگەڵ ئاکامی هەموو ئەو شۆڕشانە بەرەوڕوو بۆتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو کاریگەری و شوێن وەرگرتنە لە نووسراوەکانی ئەودا دیار و بەرچاوە.[11] واسیلی نیکیتین لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٨دا ورمێ و سابلاغ و نیشتمانی کوردانی جێهێشتووە و بەرەو قەزوین و تاران ڕۆیشتووە و لە ڕێی بادکوبە و ئەستەمۆلەوە لە (١٩١٩) بەرەو پاریس ئاژۆتووە و درێژەی ژیانی بە پاسپۆرتی بێنیشتیمانان، تێپەڕ کردووە.

محەمەد عەلی جەمالزادە لە وتارێکدا (ساڵی١٣٣٥ هەتاوی) کە بە دوای باڵوبوونەوەی کتێبی "*کوردو کوردستان*" ی نیکیتین (1956) لەسەر ئەو کتێبەی نووسیوە لەو بارەوە دەڵێ: نیکتین پتر لە چل ساڵ بە پاسپۆرتی بێنیشتیمانان ناسراو بە پاسپۆرتی "نا نسێن" دەگەڵ هاوژینەکەی [لۆرە] وەکوو غەوارەیەک نیشتەجێی پاریسە و شەو و ڕۆژی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەر دۆزی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان و بە تایبەت ئێرانی ئێمە و کوردستان و گەلی کورد تەرخان کردووە و دەکا و لەو ڕێیەدا وەها ئەوین و گوڕ و تینێکی هەیە کە تا ڕادەیەک پرۆفسۆر " ئێدوارد براون" مان [Brown, Ed. Gr 1926 – 1862] بیر دێنێتەوە. [12] واسیلی نیکیتین ڕۆژهەڵاتناسێکە کە زۆر لە نێو کوردان‌دا ژیاوە و لە نزیکەوە دەگەڵ تاقمە جۆر بە جۆرەکانی ئەو گەلە لە پەیوەندی دابووە؛ لە لایەکەوە بەو هەموو زانیارییە پوخت و بەربڵاوەی کە لەسەر مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ڕوحی و نژادی و داب و نەریت و ئایین و ئەدەبی ئەو گەلەی هەبووە. کتێبێکی پوختی مێژووی ئەو گەلەی لە سەردەمی بەر لە دەستەڵاتی "ماد"ەکان لە دووهەزاروحەوسەت ساڵ بەر لە ئێستا تا کۆتایی جەنگی یەکەمی گیتی نووسیوە و بۆ ئەم کارە کەڵکی لە سەرچاوەگەلێکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی وەرگرتووە. [13] بازیل.پ.نیکیتینی ڕووسی لە فەرانسەدا ژیاوە و خەریکی کاری لێکۆڵینەوە بووە و لە نێوان نزیک بە ئەو چل لێکۆڵینەوەی کە تا ئێستا بە کوردانی بەخشیوە " کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی، پاریس ١٩٥٦ " گرینگێکی تایبەتی هەیە.[14] لەو دوایی‌یانەدا لە ئاکامی چل ساڵ زەحمەت و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و سەرچاوەگەلی زۆر کتێبێکی دانسقەی بە نێوی "کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی بە زمانی فەرانسە (1956) بە چاپ گەیاندووە کە بێگومان دەتوانرێ ئەو کتێبە باشترین و پوختترین کتێبێک بێت کە تا ئێستا لە بارەی کورد و کوردوستانەوە هاتۆتەنویساندن و



وێنەی دەستنووس و نیشانی واسیلی نیکیتین

وەشاندن.[15]

نیکیتینی کوردناس زۆر شەیدای کورد و نیشتمانەکەی بووە، لەو ساڵانەی لە ورمێ کۆنسوڵی حروسان بووە دەگەڵ گەورە پیاوان و زانایان و ئەدیبانی سابڵاغ و دەڤەرەکە لە پەیوەندی دابووە. ساڵی ۱۹۱۵ز لە سابڵاغ چاوی بە " میسباحولدیوانی ئەدەب "(۱۸۵۹– ۱۹۱٦) کەوتووە و ئەدەب گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی خۆی بە یادگار داوەتێ و هەروەها بەر لە مەرگی " شێخ بابای بەرزەنجی "(۱۹۱۵) بە دەست تورکانی عوسمانلی لە ڕێی نامەوە دەگەڵی لە پەیوەندیدا بووە و داوای نامیلکەیەکی دەبارەی تەریقەتی عێرفانی لێکردووە، بەڵام مەرگ کۆتایی بەو پەیوەندییە هێناوە. نیکیتین شارەزای زمانگەلی ڕووسی، لەهێستانی، فەرانسەوی، ئینگلیسی، کوردی، فارسی، عارەبی و تورکی بووە و بە هەموو ئەو زمانانە نزیک بە چل وتار و نامیلکە و کتێبی لە سەر کوردان هێناوەتە نووسین و وەشاندن و بەوە بۆتە یەکێک لە بەرچاوترینی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە تا ئێستا لە بارەی کورد و کوردستانیان نووسیوە. شوێنەوارەکانی کەرەسەیەکی گەورەن بۆ وەکۆڵین لەسەر کورد و کوردستان و پێویستە سەرجەم نووسراوەکانی بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک بکرێنە کوردی و هەڵاوەژێریان لە سەر بکردرێ. نیکیتین نەمرە و تا هەتایە جێگەوپێگەیەکی گەورە و تایبەتی لە ناو دڵی ئەو گەلەدا هەیە.

لە ماوەی نیشتەجێبوونی لە پاریسدا ۲۸ ساڵ سەرۆکی بەشی ئابوری بازرگانی دەرەوەی بانکی فەڕانسە بووە و ساتێک لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر کوردان و ئێران نەویستاوە. نیکیتین لە پاریس ئەندامی چەندین کۆڕی زانستی بووە وەکوو: کۆڕی ئاسیایی و کۆڕی لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی، کۆڕی شوێنەوارە مادییەکانی گەلان ، ناوەندی نێو نەتەوەیی مێژووی سروشتی ئینسان ، ئاکادێمی دیپلۆماتیکی نێونەتەوەیی ، کۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی و کومیسیۆنی ڕۆژهەڵاتناسی، ئاکادێمی زانستی تۆرەمەناسی و...

لە ساڵی ۱۹۱۳ نیشانی شێر و خۆڕی ئێرانیان پێبەخشیوە، ساڵی ۱۹۲٦ نیشانی[فەرانسەوی] لۆژیۆن دۆنۆریان ئاراستە کردووە. لە ساڵی ۱۹۳۱ دا کۆڕی جوغرافیایی ـ بازرگانی پاریس نیکیتنی بۆ ئەو حەوڵ و چالاکیانەی کە لە ڕێی ئابوری ئاسیای ڕوسیە و وڵاتانی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی داویەتی بە بەخشینی خەڵاتێک سەرفراز کردووە.[16]

سەرئەنجام واسیلی نیکیتینی کوردناس و ئەو دۆستە لەزنەی کورد دوای ۷۹ ساڵ ژیانی تژی لە کار و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر ئێران و بەتایبەت کورد و کوردستان لە ڕۆژی ۷ ی ژۆئەنی ۱۹٦۰ دا لە "مۆرت سێرف" [Mortcerf] دڵی گەورەی لە لێدان دەکەوێ و بۆ هەمیشە گەردوون جێ دەهێڵێ.

پەرتووکناسی واسیلی نیکیتین:

پێڕستی ئەو پەرتووک، نامیلکە و وتارانەی کە نیکیتین بە زمانگەلی جۆراوجۆر لە سەر کوردانی نووسیوە. ئەو پێڕستە بە هەندێک جیاوازی و یادداشتی نوێ لە کتێبی بە نرخی "*کُرد دراتیار واسیلی نیکیتین*" ی تەها فەیزی زادە وەرگیراوە.

بە زمانی فارسی:

1.مقالەی تتبعات ایرانشناسی و کردشناسی در شوروی. مجلەی یغما. شمارە 6. سال 10 . شهریور 1336.

وتاری لێکۆڵینەوەکانی ئێرانناسی و کوردناسی لە شۆڕەوی. لە گۆڤاری یەغما دا لە تاران.

بە زمانی کوردی:

2. کتێبی ئاخافتن بە زمانگەلی کوردی – ڕووسی، ورمێ، چاپخا نەی لازاریستەکان، ۱۹۱۵ ی مەسیحی.

3. فەرهەنگی نیزامی (کوردی – ڕووسی)، ورمێ، چاپخا نەی لازاریستەکان، ۱۹۱٦ ی مەسیحی.

بە زمانی ڕوسی:

4. چەند وتارێک دەربارەی کوردان‌دا، ورمێ، ۱۹۱۷ی مەسیحی.

بە زمانی ئینگلیسی:

5- The Tale Of Suto And Tato , Vol III 1re Partie, 1923 . En Collaboration avec Soane.

چیرۆکی سوتۆو تاتۆ بە هاوکاری سوون.

6 . Kurdish Stories From My Collection , B. S . O . S` Vol IV , 1926 .

چیرۆکەکانی کوردی زنجیرەی نیکیتن کە بریتییە لە سێ چیرۆک بە زاراوەی بادینی و بە نێوی " حکایەتا رز گوری گر "، "حکایەتا شێخ سلێمان " و " حکایەتا میری حەکاریان و مزگێنیا تەیرێ بەهاری". حەکایەتی سێیەمی ئەو زنجیرە لە لایان نووسەری ئەم وتارە لە ئینگلیسییەوە کراوەتە کوردی(بڕوانە: میری هەکاری و باڵندەی بەهاری، باسیل نیکیتین، وەرگێڕ: مێهرداد ڕامیدی نیا، گۆڤاری مەهاباد، ژ٨٤، ١٣٨٦، ل١٩.) نیکیتین ئەو چیرۆکانەی کردۆتە ئینگلیسی و دەگەڵ دەقە کوردییەکانی لە ساڵی۱۹۲۳ دا لە پاریس چاپی کردووە.

بە زمانی لەهێستانی:

7 -Kwestja Kurdyjska A Mosul , Przeglazd Wspol Czesny . Cracovie , 1926. Ñ 50 – 51 .

کوردەکانی موسڵ، لە گۆڤاری کراکۆوی لەهێستانـدا.

بە زمانی تورکی:

8 – Kurd Meselesi Bir Ecnebi Nukteye Nezerinden. Kitabhana Hawari , Sham , 1934 .

کێشەی کورد لە ڕوانگەی بیانییەکـدا.

بە زمانی فەرانسەوی:

9 _ ئێرانێک کەم من ناسیومە، وەرگێڕاو لە فەرانسـەوە بـۆ فارسـی، وەرگێـڕ؛ عـەلی محەمـەدی فەرەوەشـی(وەرگێـڕی هومـایون)، تـاران، بڵاوکەرەوەی مەعرەفەت، ۱۳۲٦. ئەو وەرگێڕانە لە ڕوی دەقێکی تایپ کراوەوە وەرگێڕدراوە کە نیکیتین لە پاریسەوە بۆ وەرگێـڕی نـاردبوو. ئـەو کتێبە جارێکی دی بە نێوی " خاطرات و سفرنامه ی واسیلی نیکیتین قونسول سابق روس در ایران" بە هەندێک لێ زیادکردن بە کۆششـی بـەهرامی فەرەوەشی ساڵی ۱۳٥٦ لە تاران چاپ کراوەتەوە.

10 –Quelques Observations Sur Les Kurdes . Mercure de France . 1921 .

لێکۆڵینەوەگەلێک لەبارەی کوردانـدا .

11 – Les Kurdes Et Le Christianisme . Revue De Religions , 1922 .

کوردەکان و مەسیحیەت.

12- Un Sujet De Fabel , Variontes Kurde et Persane . Revue D'Ethnologie et Des Traditions Populaires , 1922 .

ئەفسانە و تاتە بەدەڵەکانی ئەو لە زمانەکانی کوردی و فارسیـدا.

13 – Les Valis D'Ardelan . Rwvue Du Monde Musulman . 1922 .

والییەکانی ئەردەڵان .

14- Les Idèes Religieuses Chez Les Kurdes . Kongrès De L'Histoire Des Religions , Paris – , 1923 .

بیر و باوەڕی ئاینی لە نێو کوردانـدا .

15- La Vie Domestique Kurde . Pevue D' Ethnologie Et Des Tradition Populaires , . 1923

ژیانی نێو خۆیی کورد .

16 – La Fèodalitè Kurde . Revue Du Monde Musulman ' 3Trimestre . 1925 .

نامیلکەی نیزامی مولوکوتەوایەق کوردی .

17- Les Kurdes Recontès Par Euy - Mêmes . Bulletin De L' Asie Française ', Mai , 1925 .

کوردان باسی خۆیان دەکەن .

18 – Quelques Fables Kurdes D, Animaux . Folklore , Londes , Sept , 1929 .

چەند ئەفسانەی کوردی لە بارەی گیانلەبەرانـدا .

19-Une Apologie Kurde Du Sunnisme . Rocznik Orientalistyezny , Lwow , T . VIII , 1933.

ڕاڤەی کورد لە سوننی .

20 - Notes Sur Le Kurde . Oriental Studies in Honour Of Pavry , Oxford Univercity . Press , 1933

چەند یادداشتێک لە بارەی کورد .

21- Les Système Routier Du Kurdistan . La Gèographie , Mai – Juin , 1935 .

زنجیرە ڕێگاکانی کوردستان .

22 – Ou En Fast La Kurdologie ? Annali Di R . Instituto . Orientale Napoli ' Dec 1936.

کوردناسی بە چی دەکوترێ؟

23 – Ismaël Tchol ' Al Yazidiah Qadiman Wa Hadithan . Beyrouth , 1937 .

گوزارشتێکی نیکیتین لە بارەی کتێبی ئێزیدی قەدیم و ئێستای نووسەر سمایل چۆل.

24 - L' Element Kurde Dans La Situation Internationale En Orient Moyen . Supplèm . Bull . Quotid . Avr ' 1940 .

ماکی کوردەکە لە هەڵکەوتی نێونەتەوەیی پۆژهەڵاتی ناوینداد .

25 - Le Pluriel En – T . I' Ethnographie , 1944 .

کۆ لە پیتی _ ت دا .

26 - Problème Kurde . Politique Etrangère , Jui , 1946.

کێشەی کورد .

27 - La Poèsie Lyrique Kurde . L' Ethnographie . N 45 , 1950 .

شێعـری غەنایی کورد. .

28 - Kurdes . Dictionnaire Diplomatique , Vol 1 , (S . D) .

کوردەکان لە واژەنامەی پامیاریدا، بەرگی یەکەم .

29 - Encyclopèdie De L'Islam . 1 re Edit . Articles : Oramar , Rawandiz , Shamdinan .

بابەتەکانی : ئۆرەمار ، پواندز ، شەمدینان لە دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی ، چاپی یەکەم .

30 - ibid , 2 `Ed , Articles : Bradust , Bani Saif - Al – Akrad , Baneh , Bahlul , Baderkhanides .

بابەتەکانی : برادۆست، بەنی سەیفی کورد، بانە، بەهلول ، بەدرخانییەکان لە دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی، بەرگی یەکەم ، پیتی A و B بە زمانی ئینگلیسی ، چاپی دوهەم .

31 - Christoff : Kurden Und Armenien . Compte rendu Dans L' Ethnolographie , 1936 .

پاپۆرتێک لە نیکیتین دەبارەی کتێبی کورد و هەرمەنییەکان، نووسراوەی کریستۆف.

32 - Les Kurdes . Etude Sociologique Et Historique , Paris , 1956 .

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسی دەبارەی کوردان . ساڵی 1962 کراوەتە ڕووسی و بە نێوی کوردەکان لە مسکۆ چاپ کراوە .حەمەی قازیش لە ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی کردوویەتە فارسی و بە نێوی کورد و کوردستان چاپەمەنی نیلوفەر لە تاران بڵاوی کردۆتەوە. تەها فەیزی زادەش ساڵی ١٣٤٣ نیوەی ئەو کتێبەی کردۆتە کوردی و تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە.

33 - Les Themes Religieux Dans Les Textes De La Collection De Nikitine , Actes Du Congres International D' Histoire Des Religions Tenu A Paris 1923 , T. II . Paris 1925 , II . Champion .

بابەت گەلی ئایینی لە دەقەکوردییەکانی زنجیرەی نیکیتینداد، بەڵگەکانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان بەڕێوەچوو لە پاریس ، چاپەمەنی شامپۆلیۆن.

34 – Ereb Chamo . Berger Kurde . Je L' Ai Traduit En Français.

چیرۆکێک لە عەرەب شەمۆ[١٨٩٧-١٩٧٨] نووسەری کوردی قەفقاز بە نێوی شوانی کورد. کە نیکیتین لە ڕووسیدا کردوویەتە فەرانسەوی. ئەو کتێبە هەر لە سەردەمی بڵاو بوونەوەی[١٩٣٠] دا کراوەتەڕووسی، هەرمەنی، گورجی و تورکی .

35 - Communication Intitulèe Confribution À L' E`tude Du Djihad , Au Congrès International D' Histoire Des Religions Tenu À Bruxelles En Sep , 1935 .

بانگەوازێک بە عینوانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان بەڕێوەچوو لە برۆکسێل لە سێپتامبری ١٩٣٥ز لە ژێر ناوی بەشداری لە موتاڵای ئەمری جەهاد .

3 6- Contribution À L' E`tude Du Djihad , Vle Congrès International À Bruxelles En 1935 .

بەشداری کردن لە موتاڵا و وەکۆڵین لە ئەمری جەهاد ، بەیاننامەیەک کە درا بە شەشەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان لە برۆکسێل .

37- Essai De Classification De Folklore À L' Aide D' Un Inventaire Social – Economique À Propos De Mêm - O – Zin Bruxelles , 1935 .

وەکۆڵین لە دەستەبەندی فولکلۆڕ، بە یارمەتی پێڕستێکی ئابووری – کۆمەڵایەتی لە بارەی بەیتی مەم و زینداد ، شازدەهەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی مەردمناسی لە برۆکسێل .

38 - Thèatre De La Grande Guerre Dans Le Nord – Ouest La Perse . L' Asie Française , Paris , 1921 .

هەولێر کتێب

تەئاتری (شانۆ) جەنگی جەهانی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران‌دا.
[مەهاباد، پاییزی ۱۳۹۱]

ژێدەر و پەڕاوێز:

---

[*]- لە سەرچاوەکان‌دا لە سەر سالّی لە دایکبوونی نیکیتین جیاوازی هەیە، فەیزی زادە سالّی ۱۸۸۵ ی تۆمار کردووە(بڕوانە: *کُرد و کُردستان در آثار واسیلی* نیکیتین، ل ۱۵) و لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتناسانیش‌دا سالّی ۱۸۸۳ تۆمار کراوە.(بڕوانە: *فرهنگ جامع خاورشناسان*، ل۱۱۵۳). لە کتێبی بیرەوەری و سەفەرنامەی نیکیتین‌دا سالّی ۱۸۸۱ تۆمار کراوە کە بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە نیکیتین نوسخەی تایپ کراوی ئەو کتێبەی بۆ وەرگێران داوە بە عەلیمحەمەدی فەرەوەشی ڕەنگە ئەوە مێژووی ڕاستی لە دایکبوونی نیکیتین بێ.

[1]. کُرد و کُردستان در آثار واسیلی نیکیتین ؛ طه فیضی زاده، ناشر مولف، [تبریز] : 1367، ل13.

[2]. خاطرات و سفرنامه ی موسیوب. نیکیتین؛ ترجمه ی علیمحمد فره وشی، چ2، نشر معرفت، تهران: 2536 شاهنشاهی، لل 20 ، 3 .

[3]. فرهنگ جامع خاورشناسان مشهور و مسافران به مشرق زمین؛ نصرالله نیک بین، ج2، چ1، نشر آرون، تهران: 1379، ل1154.

[4]. ژێدەری ژ۲ ، ل۱۰.

[5]. ژێدەری ژ ۱، ل۱٤.

[6]. ژێدەری ژ۲ ، لل۱٦، ۱۰.

[7]. ژێدەری ژ۱ ، ل۱۵.

[8]. ژێدەری ژ۲ ، ل۱۰ و هەر وەها ژێدەری ژ۱ ، ل۱۲.

[9]. ژێدەری ژ۲ ، لل۱۱، ۱۰.

[10]. ژێدەری ژ۱ ، ل۱۵.

[11]. پێشوو، ل ۱٦.

[12]. کُرد و کُردستان یک کتاب تازه ی بسیار ممتاز؛ سید محمدعلی جمالزاده، مجله ی یغما، سال نهم، شماره ی نهم (زنجیرەي 101) ، تاران، اپر ماه ۱۳۳۵، ل۴۰۵.

[13]. کُرد و کُردستان؛ واسیلی نیکیتین، ترجمه ی محمد قاضی، نشر نیلوفر، تهران: 1366، ل 14.

[14]. پنجاه سال ایرانشناسی در فرانسه(1972 – 1922)؛ حسن روا ، نشریه ی دانشکده ی ادبیات و علوم انسانی تبریز، شماره ی 119، پاییز 1355، ل 406.

[15]. ژێدەری ژ۱۲ ، لل٤۰٦ ، ٤۰۵.

[16]. ژێدەری ژ۲، ل۱۱.

"دەقی سەرەڕۆ، بووتیقای سەرەڕۆ"

یان:

(دەقی ناوشیار بە بووتیقای وشیارانە ناخوێندرێتەوە)

(چەند سرنجێک سەبارەت بە زمانی شێعری حەمەسالّەی سووزەنی بە خوێندنەوەی بەشێک لە "بە عینجەوفینجەوە چ شار")

موراد ئەعزەمی



نیچە، لە جێگایەکی (لە شەوگاری بتەکان)دا ، زۆر بەر لە فرۆید، باسی خودی نابەئاگا و هانە و غەریزەی ئاوەزنەویست دەکا و بە بەردی بناغەی داهێنەرایەتی هونەری دێنیتە ئەژمار و دەڵێ هەموو جەزمە و مەستییەکان، هەر چۆنێک پێک هاتبن، ئەو توانایییەیان هەیە هونەر بخوڵقێنن. جەزمە، خودی نابەئاگا و غەریزە، لە دوای نیچە و بە پێداچوونەوە و پەرەپێدانەکانی فرۆید، ئەوەندە بەربڵاوبوونەوە، تاوەکوو گەیشتنە قۆناغی جێمس جۆیس و مارسێل پرۆست و لافاوی زەین (stream of consciousness) و، بانگهێشتن (association) . ئەو قۆناغە ئەستەمەی کە ئەدەب لە جیهانی بەرهەستی دەرەوە، بەرەو دنیای دەرهەستی ناوەوە و لە ڕەوایەتە قەبەکانەوە، بۆ لای گێڕانەوەی ئەزموونە تاکەکەسییەکان وەرسووڕا.

ئەو ڕەوایەتە تاکەکەسیانەش، دوابەدوای شۆڕشی کۆپەرنیک و بیرۆکەکانی داروین و نیزامە دەروونشیکاریەکەی فرۆید و(عدم قxعیت) ی هایزێنبێرگ و دوایەش بەپێی هەڵوێستەکانی هەڵوەشێنەرەوەی ژاک دریدا، لە ئاوەز و مەنتقی ویشک و خۆ بە زلزانەوە، بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕەوایەتانە و سڕینەوەی هەر جۆرە چەق و ناوەند و ڕاکردن لە هەر جۆرە مانایەکی چەسپاو وەرچەرخا.

ئەم شێوە ڕوانینە سەبارەت بە جیهان و دیاردەکان، لە نیزامی زمان تەوەری فیتگنشتاینداو، وای لێهات کە تەواوی پرسیار و کێشە فەلسەفیەکانی مێژووی فکری بەشەری کەوتە سەر شانی زمان و دەست و پێوەند و فرتوفێڵ و پێچوپەناکانی. لاکان دوو نیزامی دەروونشیکاری فرۆید و زمانناسی مۆدێرنی میراتی سۆسۆری تێک خستەوە و فامکی خستە سەر مێتافۆریکال (خوازەیی)بوونی زاتیی زمان. ئەو پرۆسەفکری ـ زمانناسیە، لە پانتای ئەدەب، بەتایبەت لە دەقەکانی سەر بە قۆناغی پۆستمۆدێرندا، دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە و تەمهید و شێواز و گوتارگەلی تایبەت بەو ژێرخانە فکرییەی بەرهەم هێناوە.

مەکتەبی سوررێیالیزم (سوپێررێئالیزم)، بەستێنی سەرهەڵدانی لافاوی زەینی بەرهەم هیناوە. ئاندرێ بێرتۆن (١٩٢٤) لە مانیفێستیدا دەڵێ: " زەین پێویستە لە کاتی خوڵقاندنی ئاسەواری هونەریدا خۆ لە داوی مەنتق و ئستدلال و ئیرادە دەرباز کات، نەوەک ئەو وزانە ببنە لەمپەر بۆ چالاکی زەین و لێکدانەوە."

سوررێیالیستەکان، هیچ جۆرە سنوور و بەربەستێکیان قەبوڵ نەدەکرد. بۆیەش سوننەت و گرێبەستەکانیشیان قەبوڵ نەبوون. بڕوایان بە دنیای ئەوبەر واقیعی بەرهەست بوو. بۆ گەیشتن بەم جیهانە دەرهەستە، بە ئەنقەست یان بە شێوەی سروشتی، دەروونی نابەئاگایان دەهاروورژاند و لە ژێر تەئسیری خەوی هیپنۆتیزم و لە حاڵوهەوایەکی نێوان خەو و وشیاریدا، ئاسەوارەکانییان دەخوڵقاندن.

لافاوی زەین، هەڵفڕینی زەینە، واکە خودی بەئاگاو نابەئاگا، کاتی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، ڕووداوەکان، بیرەوەری و هەستەکان، تێک دەچڕژێن، بۆیە دۆزینەوەی پێوەندییەکان دژوارە. هەڵبەت ئەو کەسەی زەینی بەم کایەیە ڕاهاتووە، وادەزانیت کە کاتەکان و زمان لە سەر جێی خۆیان دان، کەچی هەموو شت تێکەڵ پێکەڵە (فەلەکی، ١٣٨٢).

لە ئاقاری شێعری کوردیدا، جەماعەتی جووداواز، سەردەمانێکە خەریکی تاقیکردنەوەی خۆیانن و خوڵقاندنی دەقی جووداواز، بەپێی پارامێترەکانی سەر بەم سیستمە فکرییە و پەنابردنە بەر دوو شێوازی (لافاوی زەین و بانگهێشتن). یەک لەو جووداوازنووسە پشوودرێژانەی ئەو یەک دوو دەیەیە، بێگومان حەمەسالّەی سووزەنییە.

سووزەنی، بەپێی ئەو دەقانەی لەبەر دەست دان، چ ئەوانەی چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، چ ئەوانەی لە فەزای مەجازیدا کەوتوونەتە بەر دەستی خوێنەر، دەتوانین بڵێین تاقە کەسی مەیدانی بەرهەمهێنانی دەقە، تەواو پشت ئەستوور بە لافاوی زەین، نووسینی ئاوتۆماتیک و بانگهێشتنێکی ڕەها.

دەقە شێعرییەکانی لە گوێن بەرهەمەکانی سووزەنی، بە لێشاو لە میکانیزمەکانی نووسینی ئاوتۆماتیکی سوررێیالیزمەکانیش کەڵکیان وەرگرتووە. ئەگەر بمانهەوێ بۆ هەر کام لەم ئستراتێژیانەی داهێنانی دەق، نموونەیەک بێنینەوە، وەک پێش نموونە (پرۆتۆتایپ)ی لافاوی زەین و بانگهێشتن، دەتوانین ئاماژە بە "کاتی بە فیڕۆ چوو" ی مارسێل پرۆست و " یۆلیسیز" ی جێمز جۆیز بکەین و بۆ نووسینی ئاوتۆماتیکیش، دەقەکانی ئاندرێ بێرتۆن و لویی ئاراگۆن و پۆل ئێلوار و...، نموونەی بەرچاون.

ئەوەی لە لافاوی زەیندا لە بەشی وشیاروناوشیاری زەین گرینگترە، بەشێکە بە ناوی خودی ژێرئاگا یان پێش‌ئاگا یان نیوەوشیار. ژێرئاگا یان نیوەوشیار بەشێکە لە زەین کە ئەو زانیارییانەی لەودا تۆمارکراون، دەقاودەق لەبەر دەستی بەشی وشیاردا نین، بەڵام بە تۆزێ بیرکردنەوە و خۆ ماندووکردن یان بە هێندێک هۆی تر، دێنە سەر توێژی وشیاری و وەبیر دێنەوە. ئەم بەشە تەواوی تایبەتمەندییەکانی زمانی وەک، خوازەکان، کینایەکان، مەجازەکان، شوبهاندنەکان،... و پێکهاتە و سینتاکس و هێماکانی تێدایە.

لە لافاوی زەیندا، نووسەر ئەوەی دەینووسێتەوە، لە بەشی وشیاری وەری دەگریت، چوونکە دەستی بە ناوشیار ڕاناگات و ئەوپەڕی ژێرئاگای وەبیر دێتەوە. ئەوەش زۆر وە "بانگهێشتنی ڕەها"ی فرۆید دەچێت، کە لەودا، مرۆڤ هەرچی دێتە سەر تووێژی وشیاری باسی دەکا، ئەگەرچی بە ڕواڵەت گرینگ نەبێت، یان تاوانباوی و پڕ لە ئێش و شەرم بێت. لەم شێوە مۆنۆلۆگەدا، لەوانەیە هەستە دەروونییەکان، پێوەندە دەرەکییەکان، خەونەکانی شەوانە و رۆئیاکانی ڕۆژانەش سەرهەڵدەنەوە.

وەک دەبینین، بۆ پێوەندیگرتن دەگەڵ زمانی سووزەنی، پەرژاوینەتە سەر چەند شێواز و ئستراتێژی جووداو. هەڵبەت چەند تەمهیدی سەرەکی دیکەش هەن کە سووزەنی زمانی تایبەت بە خۆی پێ بنیات ناون، کە ئاماژەیان پێدەکەین. لەوانەیە هێندێک لەم ئستراتێژیانە، دەگەڵ یەک زۆر کۆک نەبن، بەڵام بەگشتی هەمووی ئەو ڕوانگە و تەمهید و شێوازانەی سووزەنی هەڵی بژاردوون و تێکی خستوونەتەوە بۆ گەیشتن بەم زمانە ناهەنجارە سەیرە، جەمسەرێکی هاوبەشییان هەیە، ئەویش دەورگێڕان و کارکردی تۆخی بەشی ناوشیار و نابەئاگا و نەست و نیوەوشیار و هەروەها کارکرد و گەڕیانی سەربەخۆ و ئاوتۆماتیکی وشیاری و هەستە. بەر لەوەی بپەڕژێینە سەر خوێندنەوەی دەقەکانی سووزەنی، بە بووتیقای تایبەت بەم گوتارە شێعرییە، بە شێوەی خێرا و گوزەرا، تایبەتمەندی و خەسڵەتە سەرەکییەکانی زمانی سووزەنی دەژمێرین، بۆ ئەوەی دوایە و لە قۆناغی خوێندنەوەی دەقی شێعرەکەی، بزانین ڕێک لە چی دەگەڕێین:

1. کارکردی بەهێزی (لافاوی زەین) (stream of consciousness) یان بە قەولی فارسەکان (جەریانی سەیالی زەین).
2. دەورگێڕانی بەرچاوی (بانگهێشتن) (association)، یان (تەداعیە) کەی گۆرین. بانگهێشتن بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەمهیدی سەرەکی و بەهێزی زمانی سووزەنییە. بانگهێشتنی فۆرمیک، مانایی و دەلالەتی (هاوتاو دژبەر)، وێنەیی، هەستی و تێکەڵاو.
3. کەڵکوەرگرتن لە پرۆسەی نووسینی ئۆتوماتیک (automatic writting).
4. دەکارکردنی بە لێشاوی زمانی شیزۆفرێنیک: پچڕپچڕبوونی تەداعییەکان/ سالادی واژە/ واژە داتاشین.
5. کەڵکوەرگرتن لە زمانی تەنز و گاڵتە و تانە و پاروَدی. ئەم گاڵتەوگەپانە لە حاند زمانی عاقڵانەی ئاوەزتەوەر دەکرێن و بە تەوس و تانەوە بایەخ و هێما پیرۆزەکانی دەسڕدرێنەوە.

هەوڵ دەدەین، وەک دیاریکردنی ئستراتێژییەکی سیستماتیکی خوێندنەوە، شێوەی پێوەندیگرتن و دەستەمۆکردنەوەی زمانی غەوارەی سووزەنی، بە کردەوە، لەسەر دەقی (بە عینجەو فینجەوە چ شار)، دەستنیشان بکەین. هەڵبەت دەقی شێعری سووزەنیش، وەک هەر دەقێکی ئاوەڵا و فرەمانا و فرەمەدلوول و زمانتەوەری تر، شێوە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، کە شێوازی خوێندنەوەی ئەم وتارە، یەک لەم شێوازە جۆراوجۆرانەیە.

****

زمانی شێعری حەمەسالەی سووزەنی، یەک لەو زمانە تایبەت و کەم وێنانەیە، کە بە دەگمەن کەس تخوونی بۆتەوە و زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێت شێوە خوێندنەوەیەک، بەو گریمانەیە کە زمانی سووزەنی خاوەنی خەسڵەتەکانی زمانی ناوشیار و نیوەوشیارە و بە لافاوی زەین و بانگهێشتنەوە بەرهەم دێت، پێشنیار بکرێت. هەڵبەت دەکرێ بڵێین جەمسەرێکی زمانی شێعری سووزەنی لە ناخی دنیای خەون دایە، لەبەر ئەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی تا ئێستا بۆ ئەم زمانە هەڵمان ئەژمارد، سەر بە دنیای خەونیشن. هاوکات جەمسەرێکی دی، لە ناوشیار و گوتاری شێتی دایە. کەوابوو پیاسە لە ناو ئاقاری دەقی سووزەنی، گەڕان و سووڕانە لە دنیای خەون و خەیاڵ و ناوشیاری و شێتی‌دا.

بانگهێشتنەکانی جۆراوجۆری (فۆرمیک، دەلالەتی، هاوتاو دژبەر، وێنەیی، هەستی، و تێکەڵاو) لە دەقی شێعری " بە عینجەو فینجەوە چ شار "دا هاوتەریب دەگەڵ هێندێک تەمهیدی تر دەبینرێن، کە کەشف و دۆزینەوەیان، دەبێتە هۆی تا ڕادەیەک دەستەمۆبوونی دەقی سڵۆکی بەر دەستمان. بۆ ئەم مەبەستە، هەر ئەو کۆپلەیەی لە ژێرەوە هێناومانە، وەک مشتێک لە هەشتێک، دەخوێنینەوە، بەو هیوایەوە ئستراتێژییەکی خوێندنەوە بۆ باقی دەق و دەقەکانی تری سووزەنی و دەقی تری لەم جۆرەمان بۆ تەیار کات.

***

بە عینجەو فینجەوە چ شار

" هەر با دەڕۆم و شار ئەخۆمەوە.. نا تینوو

سەر بە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە

مالّ نە هەڵکشاوانە ئەڕووخێ

تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو

هەراوە شار خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ

من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم

ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێهوتێل نووستن لە تۆدا

ئەخواتە ئاوێنە چۆڵەکانی تۆ..

من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ

چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ

ئەی بەرد؟

شەقامە شینە شینی دێ و "سەما"یە پێت ئەڵێ "گواش"

بە زەمهەریری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا.. هەهە..هەهە

".....

***

بانگهێشتن (تەداعی)، هەر ئەو پڕۆسەیەیە کە خەریکین وردەوردە دەگەڵی ئاشنا دەبین. مانا و دەلالەت و واژە و چەمک و گوتەزاو، وێنە و ڕەنگ و بۆن و تام و بەرامە و کەس و ڕووداو و دەنگ و مۆسیقا و نەغمە و هاوار و قیژە و سوان و نەرمی و زبری و ئێش و ئازار و چێژ و حەز و...، بە درێژایی تەمەنمان، تەنانەت لەو کاتەوە لە سووچی تەنگ و تاریک، بەڵام گەرم و هێمنی منداڵدانی دایک داین، وشیارانە و ناوشیارانە و نیوەوشیارانە، دەخزێنە دە خەزێنەی بیرەبنی مێشکمانەوە. لەوێدا، لە سێ بەشی بەئاگا و لەبەر دەستاندا و نابەئاگا و دوور لە دەستان و نیوەئاگا و کەم تا کورت لە بەر دەستانی زەیندا بەپێی دووری و نزیکی، خۆش و ناخۆشبوون، مەترسیدار و بە کەڵکەاتن، شوێندانەر و بێهەمییەتبوون، جێگیر دەبن. ئەو جێگیربوونەش نیزامێکی هێڵی (وەک کات) یان دوو لایەنی (وەک شوێن) یان زنجیرە پلەیی (وەک نیزامی ویست و پێداویستییەکانمان) نییە. بەڵکوو سیستمێکی پێچیاوی تەونئاسا (وەک نیزامی بەیەکەوە لکانی سلوولەکانی مێشک) پێک دەهێنن. واتە هەر کام لە یەکەکانی بیرەوەری (با ئەوە نێوی هەر تاکێکی وەرگرتوومان بیت لە دەوروبەر، وەک تاکە دەنگ، تاکە بۆن، تاکە کەس، تاکە واژە، تاکە شوێن و...) ، بە قەرا تەواوی یەکەکانی تر لق و پۆ دەردەکات و لە نزیکترین خزمەکانی مانایی و

هەوالنامەی کتێب

فۆرمیکییەوە، تاوەکوو دوورترینییان لە باری شوێن ـ کاتەوە، کە پێوەندییان پێیەوە هەیە، هەروا بە یەکەوەش لکاونەتەوە. جا ئێستا، ئەگەر بێت و وروژێنەرێک، ئەنگوست بخاتە سەر هەر کام لەم یەکانە، هاوکات تەونێک وەخۆ دەخات، لە نزیکترین یەکەکانی سەر بە یەکە سەرەکییەکە، تاوەکوو دوورترینییان. ئەم زنجیرە تەداعیە، لە باری تیۆریکەوە، نەبراوەیە. بەڵام بە کردەوە، لە شوێنێکدا کە زنجیرەکە ئیتر کەمرەنگ و بەرامە دەبیتەوە، وردەوردە دەبڕێتەوە. ئەوەش پێویستە، بۆ ئەوەی پرۆسەی گووڕانی زمان بە ئەنجام بگات و بێسەر و بن نەمێنێتەوە.

بە پێویستی دەزانم داوای لێبوردن بکەم لە خوێنەری بە حەوسەلەی ئەم دێڕانە. مەبەست درێژدادڕی نییە، ئەوە لە قاودان و لێکەکردنەوەی زنجیرە پرۆسەیەکە، کە زەینی ڕاهاتووی شاعیر، لە کاتی خوڵقاندنی دەقدا، بە شێوەی نیوەئۆتوماتیک بەسەری دەکاتەوە. ئێمەش خەریکین پێکهاتەشکێنی دەکەین، تاوەکوو بگەین بە سەرینچاوە. واتە پرۆسە گۆرینەکە بەراوەژوو دەکەینەوە.

***

دەق بە عەلەن و ئاشکرا، بە زەینێکی ڕاهاتوو بە ڕەهابوون و بانگهێشتنی جۆراوجۆرەوە و سڵەمیو لە دەلالەت و مانای بە عەمد (لەوانەیە بە شێوەی ناعەمد و ئاوتۆماتیک دەلالەت جارجار گووڕابێت)، خوڵقاوە. لافاوە هەڵڕژاوەکەی زەین، بەری پێنەگیراوە و زمانی بەشی وشیار، تێکەڵاوی بەشی نیوە وشیار و جار ناوشیار، هەڵڕژاوەتە سەر لاپەرە. هەنگاو بە هەنگاوی ئەم لافاوە لە دەقدا دەچینە پێش.

سەرەتا هەر لە خودی سەردێڕی دەقەوە دەست پێدەکەین:

" بە عینجەو فینجەوە چ شار"

بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە، ئەم سەر دێڕە وشیارانە و تەنانەت ژیرانە هەڵبژێردراوە.

حینجە یان عینجە، لە فەرهەنگۆکدا بە مانای خویندنەوە بە سەر و بۆرەوە هاتووە و لە واقیعدا شێوەی فێرکاری زمان بوو لە قۆناغی سوونەتی و لە حوجرە و مەکتەبخانەکاندا. فینجەی دوای عینجە، هەم تەئکیدە و هەم جۆرێک ئاماژەی تەوساوی. ئەم تەوساویبوونە بە هاتنی (چ شار)، ڕوونتر دەردەکەوێت. ئەگەر عینجەوفینجە بە هێما و ئیشارەیەک وەرگرین بۆ سوونەت و شاریش بە هێمای مۆدێرنیتە، دەتوانین سەردێڕی ئەم دەقە ئاوا بخوێنینەوە:

(بە پێداگری لەسەر دابونەریتی سوونەتی، داوای مۆدێرنبوون بێمانا و گاڵتەجارانەیە). کەوابوو شاعیر بە وشیاری و دانستە سەردێڕ هەڵدەبژێریت، بۆ هەنگاونانە نێو دنیای ناوشیارەوە.

" هەر با دەڕۆم و شار ئەخۆمەوە.. نا تینوو
سەر بە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
ماڵ نە هەڵکشاوانە ئەڕووخێ
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو..."

بە یەکەوە وەدوای شوێن پێی تەداعییەکان دەکەوین:

با —> جووڵە —> حەرەکەت —> ڕۆیشتن —> تەریقەت

با —> نا

خواردنەوە —> تینوو —> ئاو —> ئاوێنە —> جیوە

سەر (سەر بە هیچ) —> مل

مل —> ماڵ —> ڕووخان —> ناژین

ئەم بانگهێشتنانە، لە جۆری مانایی و دەلالەتین. ئەوەی یەکەم دەلالەتی هاوتا و دووهەم و سێهەم و چوارەمینیان، تێکەڵاوێکن لە دەلالەتی دژبەر و فۆرمیک. با، حەرەکەت و جووڵە و نەوەستان بانگ دەکا و ڕۆیشتن و تەریقەت ئەنجامی ئەم زنجیرە تەداعییەیە. خواردنەوە، دەگەڵ هاوتاکانی، دژبەری خۆی، تینوویەتیش بانگ دەکات. با (ئەوچەل بە مانای بەڵێ)، دژبەری خۆی نابانگ دەکات. خواردنەوە و تینوو بە یەکەوە ئاو تەداعی دەکەن و ئاو و ئاوێنە و ئەویش بە حوکمی مەجازی هاونشینی، جیوە بانگ دەکات. سەریش هەر بەو شێوە یەک لە تەداعییەکانی دەتوانێت مل بێت. مل بە قەرینەی فۆرمیک، لە ناو تەونی زەینی شاعیردا، دەگەڵ حزووری پێش وەختی شار، ماڵ بانگ دەکات. ماڵ وێڕای هاوتاکانی وەک شار و ئاوەدانی، دژبەری ڕووخانیش دێنە دەدات. ڕووخان بیرەوەری شاعیر، بۆ لای دژبەری ژیان، واتە ناژین پەلکێش دەکات. هەڵبەت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، تەداعییەکان چەلی وایە زۆر دەبەسترێنەوە بە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان و خەسڵەتە فەردییەکان. واتە دوور یان نزیک و تۆخ یان کەمرەنگبوونی بیرەوەرییەک لە زەیندا، بەپێی مەنتقی زەمانی و زنجیرەی ڕوودانییان تۆمار ناکرێت. بەڵکوو بەپێی خووخدە و مەیلوویست و تەمای کەسەکان، دووروونزیک دەخرێنەوە. واتە لەوانەیە ڕووداوێک زۆر کۆنتر بێت لە

یەکی تر، بەڵام بە ئاشکرا بە وردەکارییەکانییەوە وەبیر بێتەوە، هەر لەبەر ئەوەی کەسەکە بیرەوەرییەکی تایبەت و خۆشی هەیە لە ڕووداوەکە، بۆیەش لە تەونەکەدا، دەست و پێوەندی پتری پێوە لکاوە و تۆخترو خێراتر وەبیر دێتەوە و و زیندوو دەبیتەوە. جا بۆیە، چەلی وایە تەداعییەکان تەواو تاکەکەسین و بۆ ئەوانی تر بێمانا دەنوێنێت. سەیر ئەوەیە، ئەو بیرەوەری و ووڕوژێنەرانەی پێوەندی ڕاستەوخۆیان دەگەڵ بۆزوبەرامەیەک هەیە، واتە هاوتای بۆن و عەترێکی تایبەت تۆمار کراون، زۆر تۆختر و بە هێزتر و درێژخایەنترن لەوانی دی. هۆیەکی زانستییانەی دەمارناسانەی ئەوەیە کە، دەمارەکانی وەرگرتنی بۆنی ناو لووت، تاقانە دەماری تەواوی لەشی مرۆڤن، کە ڕاستەوخۆ بە بێهیچ نێونجی و پێچوپەنایەک، دەلکێنەوە بە ناوەندی تۆماربوونی درێژخایەنی بیرەوەرییەکان لە مێشکدا. ئەو خەسڵەتە سروشتییە، دەتوانیت زۆر یارمەتی شاعیران بدات بۆ خولقاندنی وێنە و تەعابیر و تەداعی نوێ و سرنجڕاکێش. بەڵام بەپێچەوانە، زۆربەی شاعیران زەینییان بە دیتن ڕاهاتووە و پتر جەخت دەکەنە سەر دیاردە دیداریەکان و ڕەنگ و فۆرم، تاوەکوو دیاردە بۆنوبەرامەدارەکان و تەداعییە بۆنییەکان.

بێینەوە سەر دەقی بەردەستمان و دەوامی خوێندنەوەی عینجەوفینجە.

" ... هەراوە شار خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ

من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم

ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێهوتێل نووستن لە تۆدا

ئەخواتە ئاوێنە چۆلەکانی تۆ.."

شار—> هەراو

شار—> ئاسن—> هۆتێل

با—> بادانەوە—> لەرزانەیی—> جیوە

خۆم—> خۆت—> خەون

ئاو—> بارانە

شار—>شارانە

خەون—> هۆتێل—> نووستن

ئاوێنە—> ئاو—> ئەخواتە

ئاوێنە—> ئاو—> ئاوەدانی—> چۆل

ئەوەی کە بۆچی شار، وێڕای تەواوی چەمک و گوتەزاکانی سەر بە خۆی، ڕێک هەرا و بانگ دەکاتە ناو دەق، لایەکی دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتەی بیرەوەری تاکەکەسی شاعیر و ئەزموونە تاکەکەسییە تایبەتەکانی ئەم، کە شار سەرەتا هەراوییەکەی بۆتە گرێی سەرەکی تەونی سەر بەم چەمکە. بەڵام کە شار، ئاسن و هۆتێل تەداعی کات، بۆ ئێمەش ئاشنایە و پێکهاتەیەکە سەر بە بیرەوەری هاوبەشی زۆربەمان.

با بە باری فۆرمیک و دەلالەتییەوە بادانەوە تەداعی دەکات. بادانەوەش لە ناو کۆی ڕایەڵکەی تەداعییەکانی ، لەرزانەیی بانگ دەکات. ئەو چەل ئەوەی سرنجڕاکێشە، پازدانی زەینی شاعیرە، لە حاڵەتی لەرزانەییەوە بۆ ماکەی جیوە. بەڕواڵەت نە بە دەلالەت و نە بە فۆرمەوە،

هەوالنامەی کتێب

ئەو دووانە ناگەنە یەک. بەڵام کە ماکەی جیوە جوان بناسین، دەزانین یەک لە خەسڵەتەکانی، فۆرمی دەڵەمەیی و خزیلک و لەرزانەیی ئەمە. کەوابوو سەیر نییە ئەگەر زەینی بزۆزی شاعیر، ئا بەم جۆرە لە باوە بگاتە جیوە.

کە هۆتێل و خۆم (من) و خۆت بەدوای یەکدا بێن، بە تەداعییەکی تێکەڵاوی فۆرمیک و وێنەیی و دەلالەتییەوە سەیر نییە بگەین بە چەمکی خەون. لە داڕشتنەوەیەکی هاوتەریبدا، زەینی شاعیر کە لە ئاوەوە دەگاتە باران و بارانە، لە بانگهێشتنێکی هاوتەریبی دێدا لە شارەوەش دەگاتە شارانە. من لێرە لام وایە تەداعییەکە پتر موسیقایی و ئیقاعییە تا جۆری تر.

ئەوەی تا ئێرە ئاماژەم پێی نەکردووە، شایەد چوونکە زۆر پێویست نەبووە و لێرەدا پێویستە باسی لێبکەم، مەسەلەی ئاراستەی ئەو پەیکانانەن کە بەوانەوە لە چەمک و واژەیەکەوە دەگەیشتینە واژە و چەمکێکی دیکەوە. لە واقیعدا دەبوایە هەر دوو لای پەیکانەکان تیژ بانە و بە دوو لاوە ئاراستەیان گرتبا، ئاوا <—>. چوونکە پرۆسەی تەداعی دوو لایەنە و لە هاتوچۆ دایە. واتە بۆ نموونە ئەگەر ئاو ئاوێنە بانگ دەکات، ئاوێنەش ئاو وەبیر دەهێنیتەوە. واتە دانووستانی بانگهێشتنی ئەم دوانە بەم جۆرەیە:

ئاو<—> ئاوێنە . کێشەکە هەر لێرەدا نابڕێتەوە. بەر لەمە باسی ئەوەمان کرد کە واژە و چەمک و وێنە و... هکان، بە یەکەوە تەونێک پێک دەهێنن. واتە هەر یەکەیەکی بیرەوەری چەندها لقی پێوەندی و تەداعی لێدەبیتەوە و بەپێچەوانە دەیان هێڵی بانگهێشتنەوەی پێوە دەلکێت. وەک دەبینن ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین باسەکەمان بەرهەست کەینەوە یەکەکانمان دووبەدوو لە پاڵ یەک دانـاوە، دەنـا دەبـا تەونێکی چۆڵەپێچەی تێکچڕژاومان کێشابایەوە کە نە سەری دیار بایە و نە بن، نە سەرەتا و نە دوایی.

بەرلەمە، هۆتێل، نووستن و خەونی تەداعی کردبوو، کەوابوو بەپێچەوانەش دەلوێ و، خەون هۆتێل و نووستن تەداعی دەکات:

خەون <—> هۆتێل <—> نووستن

هەرواش ئاوێنە ئاو و خواردنەوە:

ئاوێنە<—> ئاو<—> ئەخواتە

ئەگەر بە میکانیزمێکی فۆرمیک و دەلالەتی و تێکەڵاو، ئاوێنە، ئاو و ئاوەدانی بانگ دەکات، بە پرۆسەیەکی دژبەرانەش دەلوێ ئاوەدانی چۆلەواری و چەمکی چۆل بانگ کات:

ئاوێنە<—> ئاو <—> ئاوەدانی <—> چۆلەواری <—> چۆل

"... من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ

چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ

ئەی بەرد؟

شەقامە شینە شینی دێ و "سەما"یە پێت ئەڵێ "گواش"

بە زەمهەریری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا.. هەهە..هەهە... "

ئەگەر من، تۆ (خۆت) تەداعی کات، بە لامانەوە سروشتی دەنوێنێت، کەچی لە خۆتەوە بـۆ تینـوو پەل هاویشـتن تـوزێ ڕامـان دەگرێـت بـۆ ئەوەی پتر لە جۆری پێوەندی نێوان ئەم دوو یەکەیە بکۆڵینەوە. کاتێ لە دەقدا دەخوێنینەوە کە چەند دێڕ بەر لەمە" تۆ بە نا ئەڕێـت و بە تینوو " ، پێوەندی و هۆی تەداعی بوونی (نا و خۆت و تینوو)مان بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەڵـبەت ئەگەر کرابـا بە کـردەوە و لەسـەر لاپەڕەی کاغەز تەونی سەربەم کۆپلەیەمان کێشاباوە، تەواوی ئەو دەست و پێوەندییانە بە یەکەوە دیار دەبوون.

بەپێی میکانیزمی پەیکانە دوو جەمسەرییەکە، تینووش دەمانگەیەنێتە جیوە:

تینوو<—> ئاو<—> ئاوێنە <—>جیوە

ڕێکەوەندی (جیوەترین سینگ)یش دیسان لەو ساتەوەختانەیە کە پێویستە بۆ گەیشتن بەو پڕۆسەیەی کە لەوانەیە زەینی شاعیر تێی پەڕاندبێ و هۆی گەیشتن بە تەداعی لە جیوەوە بۆ سینگ، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی یەکەکان تۆزێ وردبینەوە. جیوەکانزایەکی بریقەدارە کە دەگەڵ ئەوەی فلززە تۆزێ نەرمە. زەینی جوانیناسی شاعیر، لە هەناوی ئەم کانزا سپی و سۆڵ و نەرم و بریقەدارە، کە خزمایەتییەکیشی دەگەڵ ئاوێنە هەیە، بەر لەمەش لەرزانەیی بوونی باس کرابوو(بە لەرزانەیی جیوەتەوە)، سینگێکی نەسرەوتوو بەدی دەکات:

جیوە<—>مەڕمەڕین و بریقەدار و نەرم و لەرزانەیی<—> سینگ

"... من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ..."

کە شاعیر باسی شار و هۆتێل و نەخەوتن دەکات، چاوەڕوانی ئەمەش دەکرێت کە لە شوێنێکدا دەنگە دەنگێک ساز بێت:

"... چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ..."

لەم شوێنەی دەقدا شاعیر خۆی داوەتە دەستە تەداعی دەنگی و ئەوە دەنگ و سەدای شار و دەستکەوتەکانی (هۆتێل و شەقام و ئاسن و...) ئەمە، کە وردە وردە لە دەقدا دەنگ دەداتەوە.

تەداعیبوونی قۆیماخ (کە لەوانەیە هەر قەیماخی خۆمان بێت، یان دانانی تورکان شایەد) دەلوێ بانگهێشتنێکی تەواو تاکەکەسییانەی سەر بە بیرەوەرییەکانی شاعیر بێت، کە لە پڕۆسەی ئۆتوماتیکی هەڵزانی لافاوی زەینی شاعیر بۆ ناو دەق، بە تەداعییەک کە لە بەشی نیوەوشیاری شاعیردا لە نێوان هەراهەرا و قۆیماخدا هەیە، بە بێئەوەی نیگەرانی نامەنتقیبوونی حزووری ئەم بێت، یەکسەر تۆماری کردبێت. تەنانەت لەوانەیە، ئەگەر تەداعی بوونەکەی نیوە یان تەواو ناوشیارانە بووە، ڕێگەپێدانی بۆ ناو دەق تەواو وشیارانە و بەپێی شێوەی دەلالەتپەڕێزی دەق، بووبێت.

"... ئەی بەرد؟

شەقامە شینەشینی دێ..."

بەرد، لە نێوان قۆیماخ و شەقامدا، بە دەم پرسیارەوە هاتووە، تاوەکوو دوایەش، کە چەڵێ لەم وتارەدا نایگەیەنێ باسی لێوە بکەین، ببێتە تەداعی بۆ بەرد و خیزوزێخ و بەردە بەردەی دوایە. هەڵبەت بەردی ڕەقوتەق، بە تەداعییەکی دژبەری قۆیماخیش، کە سپی و نەرمە، شایەد هاتووە تاوەکوو زەینمان ئامادەی شەقامی بەردڕێژ بکات.

... شەقامە شینی شینی دێ و"سەما" یە پێت ئەڵێ (گواش)...

ئەم دێرە، دێڕێکی تەواو سوورڕیئالییانەی شیزۆفرێنیکە، کە شەقام شینەشینی دێ، بە تەداعی فۆرمیکی شنەشنی با و، سەماش دەگەڵمان دەدوێت و گواشمان پێدەڵێ. بانگ کردنی سەما دوای شین، ئەگەر سەما بە جۆرێک هەڵپەڕکێ وەربگرین و شین بە گریان و ڕۆڕۆ لەسەردا بێ، تەداعی دەلالەتی دژبەر زۆر دوورە زەین نییە. گواش، جۆرێک کەرەسەی نەققاشی و ڕەسمکردنە، ئەگەر شین بە ڕەنگ وەربگرین، بانگهێشتنی گواش دوای ڕەنگی شین لە زەینی شاعیردا، دیسانیش دەکەوێتە دە خانەی تەداعییەوە، بەڵام ئەمجارە تەداعی تێکەڵاو و کارکردی:

با<—>شنه شن

شەماڵ<—> شینه شین

شین (گریان)<—> سەما

شین (ڕەنگ)<—>گواش

"... بە زەمهەریری ڕۆژەوە .. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا .. هەهە..هەهە... "

ئەم دێڕە لەو دێڕە دەگمەنانەی دەقە کە دەنگ بۆتە هۆی تەداعی و وای لێدێ کە شاعیر بە قاقاوە دێتە دە پانتای دەقەوە. بەڵام سەرەتا بە تەداعییەکی دژبەرەوە، جیهانێکی دوو جەمسەری لە دەقدا ساز دەکات و لە سەهۆڵبەندانی زەمهەریرەوە دەست پێدەکات و بە دەم تینی هەتاوەوە بەرەو قاقای پێکەنین دەڕوات:

"... بە زەمهەریری ڕۆژەوە ... هەتا هەتاو..."

زەمهەریر (سەرمای سەهۆڵبەندان) <—>ڕۆژ <—>هەتاو

لە هەتا هەتاوەوە، تەداعییەکان دەبنە فۆرمیک و دەنگی و تا زایەڵەی دەنگی پێکەنینی شاعیر دەڕۆن:

" ... هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا ... هەهە... هەهە..."


***

ئەو چەند هەنگاوە، نووسەری ئەم دێڕانە دەگەڵ خوێنەری هێژا هاوهەنگاو بوو و چەند کلیلی دایە دەستی خوێنەری پرسۆک (کونجکاو) و تامەزرۆی زمان و دەقی بەڕواڵەت قورس و پێچەڵاوپێچی سووزەنی. لەوە پتر نامەوێ چێژی کەشفی دەق لە خوێنەری ژیر بستێنم . دڵنیام شێوەی خوێندنەوەی داهێنەرانەتر لەوەی باس کرا و شوێن و خاڵی شاراوەی پتر لەوەی نووسەر دەرەقەتی هاتووە، لە دەقدا دەدۆزێتەوە. مەبەست لەو چەند هەنگاوە، وەبیرهێنانەوەی ئەمە بوو کە:

١. دەقێکی ئەدەبی کە بە هیچ کڵۆجێک نەخوێندرێتەوە، بوونی نییە. ئەگەر وابوو، ئەوە دەق نییە. هەموو شتێکە جگە لە دەقی ئەدەبی.
٢. ئەگەر دەرەقەتی خوێندنەوەی دەقێک نەهاتم، سەرەتا شک لە دەقبوونی ئەم ناکەم، گومان لە وزەی خوێندنەوەی خۆم دەکەم و هەوڵ دەدەم شێوازەکانی تری خوێندنەوەی دەق فێر بم و تاقی کەمەوە.
٣. شاعیری بە ئەزموونی خوێندەوار (مەبەست لە خوێندەواری ئەلف و بێ زانین نییە، مەبەست ڕاهێنانی میشکە، داوا دەکەم چاوێک بە وتاری نۆرۆسایکۆلۆژیای داهێنان دابێنن.) ، لە تێکدانی زمان و شپرزەکردنی ڕێزمان، مەبەستێکی هەیە و تێکڕووخاندنەکەی لە گۆترە نییە و بە دانستە و بە پڕۆژەیەکەوە دەست دەداتە ئەم مەترسییەوە. ئەنجامی تێکڕووخاندنەکەشی، بنیاتنانی بینایەکە بۆ خزمەت بە زمان و پتر دەوڵەمەندکردنی و هەراوکردنی هەتەر و سنووورەکانی.
٤. کەسێک وەک حەمەسالەی سووزەنی، دوای چەند دەیە نووسین و خوێندنەوە و داهێنان و ڕاهێنان لە ناو سنووورەکانی زمانێکدا، ئیتر هەر تاکە کەسێک نییە سەر بە خۆی و هی خۆی. ئەم کەسە ئیتر بۆتە مجێوری مەعبەدی ئەم زمانە و میراتێکی ئەم کەلەپورە. قەدری بزانین و ڕێز بۆ قەڵەمەکەی و ماندوویەتی چەند دەیە کۆڵنەدانی لە ئاقاری زمانێکی کۆنینە بەڵام فەقیر و بێکەسی وەک کوردی، دابنێین. ڕێزلێنان قودسییەت و ڕەخنە نەگرتن نییە، تەنانەت ڕێزلێنان ڕێکخوێندنەوەی قەڵەم و زمان و دەقی ئەم کەسەیە، بە چاوی ڕەخنەگرانەوە. نەک قسەی سووککردن و پللارهاویشتن، یان سڕینەوەی تەواوی ماندوویەتی و زەحمەتەکانی. دەق بخوێنینەوە نەک کەس.

نرخاندنی دارستانێک لە شمشاڵ

ئەحمەد حەقناس



«عشق»
اینجا، پرنده ی غریبی هست
و دوست ندارد حتی برای لحظه ای
خورشید غروب کند
دوست دارد او
همه ی روزهای هفته
شنبه و یکشنبه باشد .
—ل — 64

گەر بە وردی سەیرێکی مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، ئەتوانین بە ڕوونی بگەین بەو ڕاستییە کە زمان بۆ هەموو قۆزبنێکی کردەوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی تەشەنەی کردووە و بەمجۆرە هۆیەک بووە بۆ لە یەک گەیشتن و لێکدانەوەکانی نێوان مرۆڤەکان. وای کردووە تا داهێنان یەکەم بەرهەمهێنەری بێ. سەرەتا زمان بووە ئەوسا نووسەرەکەی، بۆیە تا کۆتایی مرۆڤ بوون لە گەڵیدا دەژی و هەر دەم سێبەرەکەی لە تەکیدا هەڵدەسووڕێ بۆ ئەفراندنی خوڵقاندن.

شێعر و نووسین سەرهەڵدانێک نییە تەنیا بە زەمەنی ئێمەوە پەیوەندی هەبێ. گەر بە وردێکی وردەوە لە ڕابردوویی شێعر بڕوانین، دەگەینە ئەو ئامانجە کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان شێعری کۆن و شێعری سەردەمی نوێبوونەوەی دەنگەکان. گەر مرۆڤی دوێنێ تێگەیشتنی خۆیان لە شێعرەوە دەست پێکرد بێ، ئێمەیش ئەبێ هەوڵی زیاتری بۆ بدەین تا هەموو دەمووساتێ ڕەوڕەوەکەی بەرەو پێش بڕوا بۆ جەسارەتی شێعری نوێ. چونکە هەر سەردەمێک بۆخۆی مانای جیا جیا هەڵدەگرێ و داهێنانی بە ئەزموونتر تێدا لە دایک ئەبێ.

لە دێڕێکی تردا بمدوێنە
پیاوێک لەم بوونەدا هەیە
لە نێو دێڕی نووسینی ژنێکا
ڕێگای ژیان ئەگرێتە بەر — ل — ٦٣

-دارستانێک لە شمشاڵ — کۆمەڵە شێعری شاعیری هەست بە بوێری داهێنانگەرایی — نامق هەورامی - یە و لەم کۆمەڵە شێعرەیدا گەڕاوەتەوە بۆ ساتە ناسکەکانی ئێوارانی سەر جادەی قەڵەمی تەنیایی، تا لە ڕووی ناوەڕۆک و - ساختارەوە - بەهایەکی تر بە توانا شێعرییەکانی ببەخشێ. زۆر بە جوانی توانیویەتی دەگەڵ سازی فۆرم هەڵسوکەوت بکا. چونکە شاعیری داهێنەر، شاعیرێک نییە کە ئەو شتەی کە لەوە پێش بوونی هەبووە، وشەکانی شێعری خۆی پێدا هەڵبواسێ. خۆ نایهەوێ شانۆ پێشکەش کا، هەوڵ ئەدا تا شتەیەکی نوێتر بخوڵقێنێ. هیچ داهێنانێ لە شێعردا بە ئاسانی هەرزانی زاکیری شاعیر نەکراوە.

لە خەیاڵی داڕژاوی ئێوارەیەکدا
شێعرێکی غەریب لە درگای دڵنیایی دەدا
هەناسەیەک ماڵی سنگ و
نیگایەک ڕێگای گەڕانەوە بۆ گلێنەکانی بیر دەچێت — ل — ٢٠

لە خوێندنەوەی ئەم کۆپلەدا دەردەکەوێ — نامق هەورامی — چەند بە جوانی دەسەلاتی خۆی دەرخستووە. لە خەیاڵی ئێوارەوە ئەڕوانێتە درگا غەریبەکان، تا خوێنەر دڵنیا بێ گەر کەسێ بیهەوێ هەناسە خەمبارەکان ڕێگر نین لە بزەکان، بە تماشایەک ڕێی گەڕانەوە دەستنیشان دەکا تا بیرکردنەوە بەس چاوەڕوان بێ.

لەو دیو سنوورەکانی ئاگایی‌یەوە تا چاو بڕ کات

تەرەجەکانی نیشتمان

گەرمیان و کوێستانی دڵنیایی دەکەن. — ل — ۲۹

هاوار بۆ ئەوە دەکا کە مرۆڤەکان بۆخۆیان بیانهەوێ بێئەوەی سنوورەکان بێ ڕێکردە بن، قەجەرەکان ئاواتەکانیان تێدا دێتە دی. ئەمەیش لە خۆی‌دا هەستبزوێنی شاعیریەتی ئەنوێنێ. زۆر بە ئەدایەکی ناسکەوە بە وشە بۆ خوێندنەوەی شێعرەکانی، وێنەی شێعری پێشان ئەدا. گەر بمانهەوێ ددان بنێین بەو ڕاستیەدا، ئەوە توانای شاعیر بوونیەتی کە پڕاوپڕە لە جوانی و بەهرەی هونەری شێعر.

بەیانی زوو

چۆلەکەیەک لە بەر پەنجەرەی ژوورەکە

دەنووک لە شووشەکان دەدا و

دەجریوێنێ

ئەوە ڕوحی ژنێکە

نە دەتوانم بیگەمێ و

نە دەمگاتێ .— ل — ٥٦

هەر دوو دنیا جوانەکەی چۆلەکە و ژنی تێکەڵ بە یەک کردووە لە ڕووی جوانییەوە بەرزەفڕینی لێک چووانووە. زۆر بە وریایی بە فۆرمبوونی شێعر هەڵساوە. شاعیر باس لە دوو گیان لەبەر دەکا کە یەکیان ڕەنگێکە بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆیی سروشت، ئەمی کەیان مانای خۆشەویستی بە ژیان دەبەخشێ. دایم بە سینگێکی ئەوالّەوە گوێ بۆ بیستنەکان ڕادەگرێ تا ژنبوون بە ئارامی لە ژێر سێبەری گەیاندنی مافەکانی دانیشێ.

ژیان مانایەک نابەخشێ

هەتا ژنێک

پێت نەڵێت : ئاگات لە خۆت بێت ... — ل — ۷۱

شاعیر لەم دێڕەدا زمانێکی پڕ بە بەرگی ئەم کۆپلەدا بە کار هێناوە و ژوانی وشەی شێعرەکەی پێڕازاندۆتەوە، ڕووی کردووەتە ژیان و پێی ئەڵێ بێژن، تۆ نە مانایەکت هەیە، بوونیش ئەگەرێکە لە خۆ بزرکردن.

کام پۆلە پەپوولە بدوێنم

ئەوانە کە دۆنای ڕوحن و

بە سەر بەژنی مەزاری زاری بڕین و

سووتانەوە هەڵنیشتوون

یا پەروانەیی دەروازەیی ئەو ڕوانینانەی داخران و نەکرانەوە ؟ - ل — ۷۷

لێرەدا باس لە دواندنێک دەکا کە ڕۆحانیەتێ بە زیندوویی بە سەر خاکەوە دەسووڕێتەوە تا پەپوولە و گیانەکان لە سووتان بپارێزێ و درگاکان بە کراوەیی بۆ هەموو ڕەنگێ بکرێتەوە بێجیاوازی. ئەمەیش فرە ڕەوانوێژی هەستی شاعیر لە لوتکەدا نیشان دەدا.

تا ئەو ئێوارەیەی کە هات

کتێبێک

وتارێک

ستوونێکم،

لە بارەی ڕاو نەخوێندبوو ... — ل — ۱۰۲

لە ناوەڕۆکی ئەم دەقەدا بە حەزەوە باسی ئەو ساتە و نەخوێندنەوە دەکا کە تا ئێستە نامۆیە لە لایی و بە چاوی دڵی شاعیرانەی هەست بە هەڵسانەوە و غەوغای ناخوێندنەوە دەکات. شێعر ڕووداوێکە کە لە زمان‌دا ڕوو ئەدا. لە ڕاستی‌دا خوێندنەوەی شێعر دەگەڵ شێعرناسی‌تر لە زمان‌دا ئەنجامی ئەدا کە لای خوێنەر لە نێوان زمانی شێعر و زمانی ڕۆژانەی جەماوەر جیاوازی هەیە.

لە پشت زیندانەکەی مالّەوە

بەڕێوە بەرایەتییەکی پەروەردە و


ڕیزێک بیمارستان هەیە

کەچی ئەیوب بە دەم ئازارەوە دەمرێت !!! - ل — ۱۲۸

لە ناو ژیانداهێندێک دیاردە و لایەن هەیە، ئەگەر بە هەستی ڕاستگۆییەوە کارەکان نەڕۆنە پێش، ئەوە هەر ئازار ئەبەخشنەوە. ئەیوب کاتێ لە نێو زگی ماسییەکدا چاوەڕوانی کرانەوەیە یا هەڵوەرینی ددانەکان، زۆر زیرەکانە توانیویەتی وەک پۆشنبیری ڕێ پەروەردە و مامۆستایەکی دەق، دەگەڵ خوێنەر بدوێ. شێعریش وەک لە دایکبوونێکی خەیاڵی شاعیر لە ساتێکی نازەوە لە پێناو خۆشی و ناخۆشییەوە دێتە کایەوە.

هەرچەند تێدەگەم چی دەڵەیت
لێت تکامە
دەنگت بەرز کە
با هەستم پڕ بێت لە چرپەت. — ل — ٦٥

شاعیر لێرەدا ڕووی کردۆتە نازدارەکەی و پێی ئەڵێ هەر وەک جاران دەگەڵم بدوێ و دەنگت بەرز کەوە با بۆ هەڵسانی هەموو بەیانییەک گوێی هەستم بە چرپەیی پێت هەڵسێ. ئەتوانین گەواهی ئەوەی پێبدەین بە ئاگادانێکی زانستییەوە، دەسەڵاتی بە سەر شاعیربوونی شێعریدا هەیە، نەک بە زۆرەملی خۆی دابێ بە سەر شێعردا.



دەزانم ڕۆژ نابێتەوە
هەر بەم شەوە دەبێت بڕۆم
ئەزانم ئینجانەکانی هاوڕێم دڵگیر دەبن
درەختەکانی حەوشەکەم
دەما و دەمی تینوویەتیان یادم دەکەن
ئەو کورسییەی لە سەری دادەنیشتم،
شەقامەکان،
کۆڵانەکەمان،
هاوڕێکانم یادم دەکەن
نیشتمان نەبێت...
ش — ۆ — ڕ — ش — نەبێت ... — ل — ١٣٩

شەهید ئەو گوڵە جوانەیە کە هەر دەم لە ئینجانەی دڵەکاندا بە دەم شنە — یا — ی ژیانەوە، ئەلەرێنەوە بۆ ئەوەی نەوەکانیان بە ئازادی هەناسە بکێشن. بەڵام زۆر جار زۆف و سات وا دەکا لە بیر بچنەوە و باسێکیان لێوە نەکرێ. بەڵام — نامق هەورامی — ئەم باس لێوە نەکردنەی هوشیارانە ورژاندووە و ئەوەمان تێدەگەیەنێ، دەبێت هەموو خۆ بە قەرزاری شەهیدەکان بزانین، نەک ئەوان بە کرێچی سەر خاک.
شێعر سۆزێکە لە کاڵنەبوونەوەی هەست.

شێعر ئەو دەسەڵاتەیە ڕووداوەکان بە شێوەی ساختاری زیندوو و بێهەڵسەنگاندن دەخاتە ڕوو.

شێعر هەڵسانەوەی داهێنەرییە بۆ داوێنی هونەری هونەر بوونەوە. شاعیر بولبولێکە کە لە تاریکی هەستا، دانەنیشێ و دەگەڵ سۆزی شیرینی شێعر بوونا، تەنیایی خۆی پێ دەخاتە لەنجە و سەما.

بەڵام خوێنەر ئەو دەنگە بە توانایە کە دەتوانێ هەموو دەنگێ بخوێنێتەوە و بە ئارامی گوێ لە سۆزی وشەکان بگرێ.

لە چەمەرەخانەیی ئەو دیو، کتێبەکانی — کامۆ — وە
چۆلەکەیەکی فاڵچی دەستمی خوێندەوە
هێڵە چەماوەکانی نێو لەپت
سەرەتای ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە نێو شەرگەکان
لەوێ، ئاڵای سپی تەسلیم بنوون
بەرماڵی سەربازەکانی ترسی مەرگە ... ! — ل — ٥

هەوالنامەی کتێب

ئەدەبیات...

هەڵزنان بەسەر هزری مردوو!

غەمگین بۆڵی



هزری ئەدەبیات: لاسایی هزراندنی ئەدەبیاتێکی تر نییە، کە لە پێشووتردا بوونی هەبووە. کردەی ئەدەبیات لاساییکردنەوە نییە، ئەوەندەی تێهزرینە و بڕینی سنوورەکانی ئەندێشەیە بۆ گەیشتن بە کردەیەکی نوێتر. ئەگەر بلوێت، لاساییکردنەوەی ئەو واقیعەیش بێت کە بوونی هەیە، لاساییکردنەوەی هەمان ئەو واقیعە نییە کە دروست کراوە، بەڵکوو لاساییکردنەوەی ئەو واقیعەیە کە دروست دەکرێت، یان دەشێت ئەو واقیعە دروست بکرێت. واتە هەمان ئەو فەزایە نییە کە لە دەرەوەی ئەدەبیاتدا بوونی هەیە، بەڵکوو فەزایەکە نووسیار بە هێزی ئەقڵیەتییەوە لە ناوەوەی فەزاکەدا دروستی کردووە– دروستی دەکات– . مادامەکی ئەو واقیعە هەمان ئەو واقیعە نییە کە بوونی هەیە، دەشێت واقیعێك بێت کە بوونی دەبێت، واتە گریمانەی ئەو واقیعەیە کە لە ئایندەدا بوونی دەبێت. ئاخر بە بڕوای من کردەکانی ئەدەبیات خستە ڕووی گریمانەیە، دەشێت لە کۆی گریمانەکاندا دواجار بگەین بە گریمانەیەکی جوانبین و قوولبین. هەرگیز بڕوام بە گریمانەی ئەو نووسیارانە نییە کە لایان وابێت: گریمانەکەیان تەواو دروست و دروست و تەواوە، یان گریمانە ناخەنە ڕوو، بەڵکوو گریمانە دەسەپێنن. سەپاندنی گریمانە، خۆی لە خۆیدا مردنی گریمانەکە خۆیەتی! ئەدەبیات بە شێوەیەك لە شێوەکان گریمانەیە، خستنە ڕووی گریمانەیەکیش پێرۆز نییە، ئەوانەی بە دیدگەی پیرۆزەوە سەیری گریمانەکانیان دەکەن، وەك ئەوە وایە کە بتێکیان دروست کردبێت بۆ پەرستن! دیارە ژانرەکانی ئەدەبیات فرەن و ئێمەش بەپێی کاری ئەدەبیمانەوە، دەشێت زێدەتر بەر ژانرێ دەق بکەوین، واتە کۆی بۆچوون و تێهزرینەکەمان زێدەتر بەر ڕۆشنایی ئەم ژانرە بکەوێت.

ئەو کاتەی نووسیار دەگەڕێتەوە ڕابردوو، گریمانەی ئێستا و ئایندە بە ڕابردووی دەجوێنێت. واتە نووسیار (مرۆڤ) بەبێ بیرکردنەوە لە ڕابردووی خۆی ناتوانێت، درێژە بە کردەکانی نووسین و ژیانی بدات و بژیت، تەنانەت ناتوانێت هەمیشە بیر بکاتەوە. هەر وەك پێشتریش لە بابەتێکمدا ئاماژەم بەوە کردبوو، کە ئەدەبیات (دەق) گریمانەی زەمەنێکی تره، دەشێت ئەم زەمەنە ڕووبدات و دەشێت ڕووش نەدات. واتە ئەو فەزایە لەبارە بۆ هەر دووك دۆخەکەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە لەم فەزایەدا، ئەوەیە: کە خوێنەر (کەسی وەرگر) چەندە دەتوانێت دەگەڵ فەزای دەقەکەدا پەیوەندی دروستبکات. ئەم پردی پەیوەندییە تایبەت نییە بە ئەوەی کە ئەم فەزایە چەندە دەگەڵ بوونی ئەم خوێنەرە خاڵی هاوبەشی تێدا هەیە. (ڕۆلان بارت) لە کتێبی (چێژی دەق)دا ئاماژە بە جۆرێەتی خوێندنەوە دەکات، بەپێی ئەو پۆلێنانەی کە بۆ ئەم پەیوەندییە؟، کردوویەتی: ئەمەی بە کردەی سێکسی بەستۆتەوە. لێرەدا دەشێت ئەم کردەی سێکسییە لە جارێك بۆ جارێکی تر، چێژەکانی جیاواز بن. یاخود لە یەکێك بۆ یەکێکی تریش ئەم جیاوازییە تەواو بەرجەستە ببێت. کەوا بێت ئەو خوێنەرەی لەسەر وەختی خوێندنەوەی دەقەکەدا بەدوای مەبەستێکی دیاریکراوی خۆیدا بگەڕێت، وەك ئەوە وایە بەدوای مردنی خۆیدا بگەڕێت، بەدوای نەمانی خۆیدا بگەڕێت، بەدوای بۆشایی ئەقڵیدا بگەڕێت. واتە ناشێت خوێنەر بە خەیاڵی خۆی فەزایەك لە هزری دروست بکات و لە فەزای دەقێکدا بیهەوێت بیدۆزێتەوە، یان لە فەزای دەقەکەدا دروستی بکات. ئاخر دەق فەزای خۆی هەیە، دەق دیدگەی خۆی هەیە، ئەگەرچی فرە ڕەهەندیشە! لێرەوە بەر تیۆرەکەی (ئەرستۆ)یش دەکەوین. (ئەرستۆ) پێی وایە تەواوی وێنەکانی ناو دەق لاساییکردنەوەی وێنەیەکی ترن، هەموو وێنەیەك درێژبوونەوەی وێنەیەکی تره، نەخشاندن و وێناکردنی هەموو دیمەنێك لاساییکردنەوەی دیمەنێکە! واتە فەزایەك لە دەرەوەی ئەم دەقەدا هەیە و کاریگەریی ناڕاستەوخۆی بە سەر فەزای ناوەوەی دەقەکەدا دروست کردووە. وەلێ ئەوەی لەم تیۆرەی (ئەرستۆ) دا بەجێ دەمێنێت (

بەبۆچوونی من) ئەوەیە: ئەم لاسایی‌کردنەوەیە وێنای ئەو واقیعە ناکۆشێت – نیشان نادات – کە هەیە ! بەڵکوو وێنای ئەو واقیعەیە کە نووسیار لە ئەقڵی دەقییەتی خۆی‌دا دروستی دەکات. دەشێت هەمان ئەو وێنەیش بێت، وەلێ ئەم وێنەیە بە فیلتێری دەقگەرایی نووسیاردا تێدەپەڕێت. لە خاسیەت و تایبەتمەندی وێنە ڕاستەقینەکەدا دەردەچێت، دەبێتە تەواو وێنەیەکی تر. ئەم وێنەیەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی تێپەڕبوونی بە ناو فیلتێری دەقگەرایی‌دا بە سەرەوە دەبێت.

بەشێکی زۆر لە نووسیارانی ئێمە هەن، هەمیشە هەر دەنووسن، وەلێ بە ئەقڵێکی مردوو! ئەو جۆرە نووسیارانە بەر لە نووسینی دەق، دەقەکەیان مردووە و بە مردووی لە دایک دەبێت! مردنی دەق لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە هێزی بیرکردنەوە و دەقییەتی نووسیار نەیتوانێت خۆی لەگەڵ کردە هزرییەکان‌دا نوێ بکاتەوە، لەو کاتەدا دەقییەتیش ناتوانێت خۆی لە قۆناغەکان‌دا نوێ بکاتەوە. دەگەڵ هەڵهاتنی هەموو خۆرێکی نوێی هزرییش‌دا، نووسیار پێویستە خۆی نوێ بکاتەوە. دەق دەبێت چاوی کاڵی وەک بن پیاڵە و پرچی قەترانی و زوڵف و ئەو جۆرە وەسفە کلاسیکییانە تێبپەڕێت. نووسیار کە نەیتوانی ئەقڵی دەقی خۆی لە دەقی نووسیارانی بەر لە خۆی تێبپەڕێنێت، باشترە نەنووسێت. ئەو نووسیارانەی هەر لە بیری ئەوەن کە هەمیشە بنووسن، باشترە نەنووسن! ئەوەی دەینووسن پێشتر نووسراوە ! ئەوەی وێنای دەکەن پێشتر وێنا کراوە ! واتە نەنووسینیان چەشنی نووسینیانە ! هەموو کردەیەکی هزری دووبارە شتێکی زیادە، تەواوی ئەو (دەق) انەی کە ناتوانن لە دەقی بەر لە خۆیان جیاواز بن، دەقی زیادەن! ئەقڵییەتی دەق کە نووسیاری سەرکاریەتی پێویستە هەمیشە لە بارگۆژانێکی ناجێگیردا بێت.

چۆن بە بڕوای من هەموو بوونێك توانای گۆرانی هەیە، دۆزینەوە و بنیاتنانی بوونی نوێ، بە کردەی داهێنان کۆتایی دێت لە دونیای ئەدەبیات‌دا. ئەدەبیات بنیاتنانەوەی دونیایەکی ترە، دونیایەکی تازە لە دەرئەنجامی کۆششی کردەی تێهزرینەوە. ئەوەی گوێبیست دەبین بە ناوی (دونیابینی نووسیار– دونیابینی نووسیار)، هەمان ئەم دونیایەیە کە بە کۆششی کردەکانی تێهزرینی خۆیەوە دایهێناوە. وەلێ ئەم دونیایەی کە نووسیار بە هۆی کۆششی کردەی تێهزرینیشیەوە بنیادی ناوە، ناشێت دونیایەکی داخراو بێت، ناشێت دونیایەکی سنووردار بێت. ئەم دونیایە هیچ سنووڕێك ناناسێت، هەمیشە سنووڕەکان دەبڕێت. کۆی کردە داخراوەکانیش، بە کلیلی بە تێهزرینی تازەوە دەکاتەوە، هەمیشە دەچێتە ناو قووڵاییەکانی ئەم دونیایەوە. دونیای نووسیار کە دەشێت دەقەکانی بێت، ناشێت بە هزری مردوو، بە ئەقڵی ناکارا داهێنرابێت، ئەگەر هەر بڕیاریش بێت ئەم دونیایە دروست ببێت– دابهێنرێت – ، ئەوا هەمان ئەم دونیایە پڕە لە واقیعی جێگیر، پڕە لە ئەقڵی زیندانی کراو، پڕە لە ئەدەبیاتی مردوو، پڕە لە دەقی باڵکراو.

تێبینی:

بەشێکی کورت، کە تایبەتە بە بنیاتنانی دونیایەکی نوێ لە ئەدەبیات و دونیابینی نووسیار – نووسیار– لە کۆڕێکی هاوبەشیی لە (مالّی وەفایی)دا، کە بەناوی (دیالۆك لە بارەی ئەدەبیاتەوە) سازکرابوو، باسم کردووە.

بەرهەم ٥

لە شارەوە بۆ شار

سەیوان مورادی

(پێشکەش بە ع. م کە ژیانی ڕاستەقینەی فێر کردم)

(خوێندنەوەیەکی کورتی شێعری شار ئیسماعیل فەرەجی نوور)

وشە سەرەکییەکان: شار، سونەت، مۆدێرنیتە، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامە، ئایین

شار چیە؟ چ پێناسەیەکی بۆ کراوە ؟ ئایا ئێمە دەتوانین خۆمان بە بەشێک لە شار بزانین ؟

زۆر پێناسە بۆ شار کراوە، لەوانە ئاماژە بکەین بە شێوەیەکی ئابووری کە خەڵکی شار بەشێکی لە کاری کشتوکاڵدا ئیش بکەن ، جۆرێکی تری ئەوەیە کە شار خاوەن شارەوانی بێت ، یان نە ئەویە کە شار خاوەن دابونەریت بێت، و شتێک لە دەوروبەری ئەم پێناسەدا ، بەم پێناسەوە کە بۆ شار کراوە ئێمە دەتوانین خۆمان بە بەشێک لە شار بزانین ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک لە شار لە کۆمەڵگای کوردی بە دەستەوە بدەین ، ئەوەیە کە شار جوگرافیایەکە کە برێک پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن و سیستمێکی ئیداری زاڵە بەسەر ئەم جوگرافیادا، و لە بیر و هزرکانی خۆی ماوەتەوە نەیتوانیوە خۆی بگۆڕێت، واتە هێشتا لە قۆناغێکی سوننەتیدا ماوەتەوە و نەیتووانیوە لەم ئایدۆلۆژیایەدا خۆی دەرباز بکات ، ئەگەریش لانیکەم تووانیویەتی خۆی ڕزگار بکات بەردەوام تووشی هێرشکردنە سەر بوەتەوە کە لەم دێرە شێعرەدا دەیبینین: ئەگەر خەون بهێڵێ کەڵکەڵەی شۆڕشێکی پۆستمۆدێرن دامی گرتووە/ تاکەی ئەم شارە مووڵکی مودێرنەکان بێت و بە کراسێکی ئۆتووکراوە و عەباکانیاوە هاتوچۆی مەشکووکی ماڵی نازارەکەن.

ئەم دێرە شێعرە ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەرەیەک هاتووەتە مەیدانەوە کە دەیەهوێ ژیانێکی مۆدێرن بەدی بێنێت و هەمیشە تووشی هێرشکردنە سەر بووەتەوە، واتە پێناسەیەکی باش بۆ مۆدێرنیتە نەکراوە و هەمیشە مۆدێرنیتە مەحکوومە بە ئەوەی کە دەگەڵ عەقڵی ڕۆژئاوایدا هاوکۆکە، واتە دابونەریتی ڕۆژئاوایی جێبەجێ دەکەن.

دیسانەوە شاعیر ئاماژە بە ئەوە دەکاتەوە کە مۆدێرنیتە مەحکوومە بە داکۆکیکردن لە ژنان کە لەم دێرە شێعرەدا دەیبینین: ئەو کچانەیی بینی خۆیی هاویشتە بەر دەمیان/ لێ گەڕێ بەرەو جەهەننەم ئەڕوات/ جەهەننەمی چی مەگەر پۆستمۆدێرنیتە عیلاجی ئەم وەزعە کات. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕی کە مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگای کوردیدا چۆن پێناسە کراوە (مەبەستم چینی نەخوێندەوارە) ئەگەر ببینین ئەم پێناسەیە بۆ کراوە کە خۆمان چارەنووسی خۆمان بنووسین. یان نە ئەم پێناسە بۆ کراوە بە ئامێرگەرێک کە لە خزمەتی مرۆڤ دان، دەڵێن مۆدێرنیتە، ئەمە دەردەخات بێهیچ خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ مۆدێرنیتە پێناسەی بۆ کراوە و مەحکووم کراوە بە ئەم پیناسەوە.

ڕۆشنبیر و شار: مەولەویش بە کراسێکی ئۆتووکراوە ئە عەباکەیشی وە لە سەر شانە/ ئەم شەو لە کوێ بوی بەتۆ چی/ ئەمە ژیانی تایبەتی مەولەویە: ئەمە دەردەخات پێناسەیەکی باش لە ناو و کۆمەڵگای کوردیدا بۆ شاعیرەکان نیە و شاعیرەکان مەحکوومن بە مودێرنبوون، واتە بیانەوێ یان نەیانەوێ بوونەتە بەشێک لە ڕۆشنبیرێک کە مەحکوومە بە ناکۆکی دەگەڵ دینداا. ئێستاکە پرسیارێ دێتە گۆڕێ کە بۆچی ڕۆشنبیری کوردی نەیتووانیوە لەم قەیرانە خۆی ڕزگار بکات؟ ئەگەر ئیمە

ببینین پۆشنبیر لە ئاستی جیهانی نەک لە کۆمەڵگای کوردی لە پێناسەکردنی خۆیدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە شوناسێکی باش بۆ خۆی بە دەست بێنێت.

ڕۆژنامە و شار: ئەمڕۆ ڕۆژنامەیەکم بینی کە یەخەی هەرچی کارەساتی گرتووە/ئەمە دەری دەخات کە ڕۆژنامە لە کۆمەڵگای کوردی دەنگی دێت و هەمیشە بە شوێن ڕووداوەکانەوە، هەڵبەت باس لە قۆناغی لە ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی ئێران دەکاتەوە کە قەیرانەکانی کومەڵگای کوردی دەهاتە بەرباس و ڕاڤەکردن و باسی سەربەخۆی ڕۆژنامە دەکاتەوە کە لە نێوان ململانێی سوننەت و مودێرنیتەدا خەریکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئیش دەکات.

ئابووری و شار: مەترسە ئەمڕۆ دەوڵەت گووتی کە هەرچی نەخۆشە دەڕۆنە ژێر چەتری بیمە/ئەی ساقەکان چی؟

ئەی ئەوان چەتریان ناوێ؟ هەرچەندە کە شار بە پێناسەیەکی ئابووری وە ناسراوە بەڵام ئەوە دەردەخات کە بزاڤێکی ئابووریخوازی لە ناو شاردا پەنگی داوەتەوە و دەرفەت نەڕەخساوە بۆ بواری کولتوری و سیاسی کە خۆیان نیشان بدەن، هەرچەندە شار لە ڕەوتەکانی نوێبوونەوەی شێعری کوردیدا کاریگەر بووە بەڵام شاری ئێستا لە کۆمەڵگای کوردی نەک هەر داکۆکی لەو ڕەوتە ناکات بەڵکوو دژایەتیشی دەکات.

سەرچاوەکان: جامعەشناسی شهری(دکتر محمود شارع پور ص 9و10)

وبلاگی ئەنجوومەنی چرای پیرانشار

میزگردێک لە فیستیڤاڵی شێعری هاووچەرخی کوردیدا لە پیرانشار لە نێوان قەرەنی ئەحمەد ئاغایی، محەمەدی ئەحمەدی (ساماڵ)، محەمدی ڕەحیمیان، کەماڵ ئەمینی، مورادئەعزەمی

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەم ۵

ئاوازەخان

ئاواز ئەحمەد محەممەدئەمین دزەیی

سامان خزری

ئاواز کچی بەهەشتی ئەحمەد محەممەدئەمین دزەیی‌یە و لە سالّی ١٩٤٦ی زایینی لە گوندی دووگرتکان لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە و لەبەر نەبوونی خوێندنگەی کچان و ناچاری دەستی لە خوێندن هەلّگرتووە و وازی لێهێناوە، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی خوێندنەوەی شێعر و چیرۆکی کردووە و زۆری حەز لە خوێندنەوەی گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین کردووە، لە سالّی ١٩٦٣دا ژینی خێزانی پێکهێناوە و ئێستا چەند منداڵێکی هەیە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

ئاوازەخان لە تەمەنی دوازدە سالّییەوە یەکەم هەنگاوی هەستپێکردنی زیرەکانە و هوشیارانە لە لای ئەم شاعیرە ژنەی دزەیی‌یانەوە دەستی پێکردووە و بە هۆی واژەکانەوە خەم و خەفەت و ناسۆری دڵی خۆی هەڵڕشتووە و کێشەی کۆمەڵگەی لە چوارچێوەی تابلّۆی شێعرەکانی‌دا نەخشاندووە.

یەکەمین شێعری ئاوازەخان بە ناوی "سوێند بە نیشتمانم" بوو، کە لە سالّی ١٩٥٨دا نووسیویەتی و ئێستاش لە نووسین و دانانی شێعر و چیرۆک و پەخشان بەردەوامە و بە ئاواتەوە کە کۆیان نکاتەوە و بیانکا بە دیوانێک و پێشکەش بە خوێندەواران و شێعردۆستانی خۆشەویست و خاوەن هەستی بکا.

شێعری ئاوازەخان

ئاوازەخان زۆربەی شێعرەکانی لە سەر شێوە و شێوازی غەزەل و مەسنەوی نووسیون و داینـاون، بە تایبەت شێعری مەسنەوی کە هەر دوو دێڕ لە سەر یەک قافییەن و بە شێعری جووت سەروا لە قەڵەم دەدرێن، واتە کێشی پەنجەیی دە برگەیین کە بە زۆری لە لایەن شاعیری مەزنی کورد بێسارانی و شاعیری بلیمەت و ناسک خەیاڵ و لاهوتی کورد مەولەوی نەمرەوە بە کار هێنراون.

کچی لادێ سەرنجی ئاوازەخانی ڕاکێشاوە و هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شێعر نووسینی تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی کچی لادێی کێشاوە، لە جلوبەرگە کوردییەکەی و پەنجەی خەناوی و دەموچاوی بێ ئاڕایشی، هەر لە پارچە شێعری "کچی لادێ"دا پیشە سەرەکییەکانی کچی لادێشی دەستنیشان کردووە کە مەڕ دۆشین و کوتان و کوڵانی ساوار و ئاوهێنان و پیشەی تر و لە کۆتایی پارچە شێعرەکەدا ئاوات و ئارەزوو دەخوازێ کە وا خوێندنگەیەکی کچانیش لە دێی "دووگرتکان" بکرێتەوە و بۆ ئەوەی کچەکانیش وەکو کوڕانی دێ ئاگادار و شارەزای زانست و زانیاری و زمان و هونەر وێژە و مێژووی خۆیان بن و بەرەو ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی و بەختەوەری و ڕووناکتر بڕۆن، لە باسکردنی پیشەی کچی لادێدا ئاوازەخان لە پارچە شێعرەکەی‌دا کە لە سالّی ١٩٥٨دا نووسیویەتی و داینـاوە دەڵێ:

لەگەڵ برایان درۆینـــا ئەکەن　　شەغڵە ئەبەستن شەنە با ئەکەن

هەموو کارێکیان لەگەڵ پیاوانە　　بۆ شەڕی دوژمن سینگیان قەڵغانە

لە پارچە شێعری "تەرزە و باخەکەم"دا زۆر ورد تابلۆیەکی چۆنیەتی تێکشکان و هەڵوەرین و لە نێو بردنی هەموو جۆرە شینایی‌یەکی نێو باخ دەکێشێ، بەڵام باوەڕ بە خۆیی ڕووبەڕووی گەشبینی دەکات و ڕووداوی تەرزەبارین ئەوەی بۆ ڕوون کردۆتەوە، کەوا هەروا بە کڵۆ کڵۆیی نامێنێتەوە، بەڵکو لە ئەنجامدا هەر دەتاوێتەوە بۆیە دەڵێ:

بەڵام باخی من ڕەگی ئەمێنێ　　ئەبووژێتەوە و سەری دەردێنێ

ئاوازەخان وەکو زۆربەی ژنی ڕۆژهەڵاتی شێعرەکانی لە نەخشاندنی تابلۆی خەمناک بێ بەری نییە، شاعیر ڕەشبینی خۆی لە نێو تابلۆی شێعرەکانیدا بە ڕەنگی ڕەش و تاریک ڕەنگ کردووە، هۆی سەرەکی ڕەشبینیشی کۆژانەوەی شەمی ڕووناکی‌کەرەوەی تاریکە شەوی بوو کە هەموو ئاوات و هیوا و ئامانجێکی خۆی پێ وەدی دەهێنا:

ڕەشەبایێکی سەخت هەڵیکرد　　دای لە چراکەم بەرەو خواری برد

ئاوازەخان غەزەلێکی سادە و ساکار و بە سۆزی لەبارەی نەخۆشی دایکییەوە داناوە و لە غەزەلەکەدا بە جوانترین شێوە هەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە دایکی دەربڕیوە و دڵخۆشی داوەتەوە و دەڵێ: دایە گیان نەخۆشی و ئێش و ئازار و دەردی گرانت جەرگی بڕیوم و منی کردۆتە بە شێتی کێوان، دایە گیان هەموو پزشکی دنیام پێ کردی بۆ ئەوەی زامی جەرگی پڕ خوێناویت تیمار بکەن، بەڵام دایە گیان خەم مەخۆ، چوست و چالاک و گورج سەرم لە پێناوی تۆدا دەنێم و لە پەڵکی گییا بە ئاوی کانی مەڵهەمێکی کوردانەی خۆمانت بۆ دروست دەکەم و لە سەر برینەکەتی دادەنێم بۆ ئەوەی برینی دڵی لەتکراوت یەک بگرێتەوە و سارێژ بکرێت و چاک ببێتەوە:

دایە گیان ڕەنگی بزرکاوی تۆ　　کزی و لاوازی و پەشۆکاوی تۆ

نەخۆشی و ئێش و دەردی گرانت　　جەرگی بڕیوم دۆش دامای تۆ

منی کردووە بەشێتی کێوان　　ئەنکێ فرمێسک لە دوو چاوی تۆ

هەموو پزیشکی دنیام پێ کردی　　تیمار کەن زامی پڕ خوێناوی تۆ

نە دۆزرایەوە دەرمانی دەردت　　کون کونە جەرگی زۆر سووتاوی تۆ

دایە خەم مەخۆ گورج و گۆڵانە　　سەرم دادەنێم لە پێناوی تۆ

تا لە مەڵهەمی کوردانەی خۆمان　　لە پەڵکی گییا بۆ زووخاوی تۆ

دروستی دەکەم لە ئاوی کانی　　بۆ سارێژ دڵی لەتکراوی تۆ

سەرچاوە:

ژنانی ناوداری کورد، نووسەران سەییدنەجمەدین ئەنیسی، سامان خزری، چاپنەکراو

هەوالنامەی کتێب

عەبدولقادر نیازی

گوللە بە مانای شەهید و... نوقتە سەر خەت

ئیمان بە تەعبیری هەندەسەی ئاو؛
گوللە ژنێکە کە لە تەنیایی دەترسێ و
شەو بە منەوە دەستی پێکرد تا ژنێک لە منـدا منالّتر
بێتەوە
ئاسمان کە لە منـدا شکا کۆلّان پێخواس پیاسە دەکا
لە قژێکـدا زەرد ڕواوم
ئێستاکەش هەناسەیەکم لە پشت مومەییزێکـدا بێمەعنا
مردنێک بە ئێستا قەرزدارم و
بارانێک لە چاوم‌دا هەراسان
[شتێک بڵێ لە هەوسی گوڵ بەرۆکێک]
!دەستت خۆشی بێ یا؟
جاروبارە هێند شەهیدم
بێخیاڵی دەست و وڵات، لە سەفەر ناگەڕێمەوە
خاک
ئەسڵەن جادەکە بێدەنگن
پاییز بە ژنێکەوە ماوەتەوە
چۆنکە ئارامە کەس نا (ی) ـ خۆم ـ
هەر تۆ مابووی کە نەتهەوێم
ڕۆمانتیکم و بە جەهەننەم ـ دادەبارێم ـ
با مەرگێک بە هیچ کاتی تۆش قەرزدار بم
گوللە بە دوام‌دا وەیلانە
هەندەسە بێگانە لە ترس و مەرج ئەوەیە شەهیدێکم
پڕ لە تاسە و دەستی وێران
نیشتمان ڕەشنووسی وڵاتێکە لە مەدرەسەدا
جێماوە
دەبێ شەهید پاکنووس بکەم ڕادیۆیەک لە خوێنم‌دا
بترەکێ و
نەگا بە پەرچەم بینووسم
لە هەر ڕەوایەتێک بگەڕێمەوە کورتییەک بە ژوورەکەم‌دا
ڕادەکا
من بە هەر کوێی نەقشەدا برۆم پێخواسم
ئەسڵەن چوارڕێی وەرزەکان ـ ڕووداوێکی سەیرە ـ
... درەخت لە ئەنگوستی تۆدا ئەگەر بشکێ دیکتاتۆر و
دێڕێک لە دەرەوەی ئەو شێعرە؛ ـ تەفرە ـ
من بە هەموو پارکەکانی مانگ دەزانم
جیهان ئەگەر چوار گۆشە بێ، ماسی هاوتەریبی
زەوی، خۆییم بۆ ناگێڕێتەوە
ـ ناگریم و تۆپ دەخەیاڵم‌دا ناگونجێ ـ
خۆرێک دەکێشمەوە لە چاوانت‌دا ئاوا بێ
بەفر بە خەونم‌دا دەڕوا و
ژنێک هێدی دەتوێتەوە
گوللە منالّێکی گرینۆکە
ئەوەندە لە دەستی هەلّاتم چۆنی بمرم دینی ئاوم
وەرگێڕدراوی هیچ مەرگێک نیم
جار جار مەرحەبا ئەی شەهید
ئەی لە بەختم کە حەجمێکی بێگاڕانتی
مەپرسە بێزارم
لە دوعای پارک کە پەڕانتێزی زەویە و
بە سەرم‌دا داسەپاوە
چاوم پڕە لە لۆژیکی دایرە و مەعنا بە ڕەشنووسەوە
ڕادەکا
کوردێک دەسپێکی نەقشەیە و
چونکە ئارامە کەس نا ـ خۆم! ـ

:[دەکرێ بۆ ئەوەی مردن خۆی لە شیمانەکان نەسوێ...؟ نوقتە سەرخەت]

ڕەعنا گوڵ بەرۆکێکە بە هەست و نەستەوە داکوتراو؛

من بە هەموو پارچەکانی ژن – زەهرەمار –

سەراسەر کە هەوەس بم و کۆڵان وەشوێنم بکەوێ

ڕەعنا و مەعنا تێپەڕی مەرگێکن بەراوپشت دەمنداد دەنوون

[خۆزگە ڕووت بام لە هەمبەر تەمەن و تەفرە]

!نەقشە سەری کورد؛

[مەسەلەن "خوایە وەتەن واووا کەی]

دەبێ بۆ هەندەسە بگریم

ئەگینا هیچ ئاوێک تەعبیر ناکرێ لۆژیکی دەستێک و

شەهید لە چاومدا تەفرە دراوە

!لە هەر ڕەوایەتێک گەڕامەوە دینی ئاوم و چۆن بمرم؟! پەنابەرم...؟

!نەقشە پۆلیسی لێدەڕژێ...؟

...دڵم بە وەرگێڕانمە لە تەعبیری هەندەسەدا،

شەهید تەفرەدرانێکە پڕ بە نەقشە و کوردی سەر خەت.

محەممەد ئەحمەدی

سبەینێ، نایەت!

بێدەنگیمان قورس دەبێ
پێ بکەنە
وەک ئاوێنە
دەگەڵ تۆمە
دەشکێ ... دەشکێ....
کاتێک هەڵدێی لە خۆرئاوا.

دەریا فرمێسکەکانی ڕشت
سەر کێو و
قەت نەهاتی
کە سبەینێ دێی
سەبر بڕۆ

پێڵاوەکانت ون دەبێ .

بێشک هەر دێی
سبەینێش دێت
لەم ڕۆژدا
گەروم خەنجەر و
لە ناو دەستی میکڕۆفۆندا
هێندێک شت هەن
قەت نەم گوتون
نا ناترسم
کەس نایانکڕێ
شتە چاکەکان بێکڕیارن

وەک من و تۆ
کەس نامان دزێ
نامانبینێ.

کاتێک کە خۆر
دەستی دایە بەفر و
دەرچوو بۆ مانگ
کووڕایەوە شووشەچرا
باوەڕمان کرد،
سبەینێ نایەت.

هەوالنامەی کتێب

هاجەر پەروێزنیا "ساهی"

ئەی عەشق...

دەستت لە باخەڵمەوە
جانتام پڕ بوو لە ماچ
دەستت لە ژێر سێبەرمە
سێبەرم سپی هەڵگەڕا
نۆتەکانی ئەم دێڕانەش
هەتیووترن لە مەزرابی سەنتووری خۆڵاوی و
تۆش...
ماچیش، بێتاقەتتر لە ڕوح
ئەی عەشق...*
کەتیبەی ئەمجارەشمان قوواڵینگی فەرهادی
سەرشێتە و
خەجێکیش تیمارکەری زامەکانی سەردەمە
نوێژ بەتاڵ بووە لە چاوانت و خوداش
ماندووتر لە جەستەم
سەمفۆنیای چاوەکانیش

زەردەخەنەی تۆزگرتووی قەڵەمی شێتێکە،
خودا دەکێشێتەوە
ئەی عەشق...
دەستت بەرۆکی حەیامی هەڵدریوە و
جانتایەکی سپی ، دەمفرۆشێت
ماتەمینم بە بزە!!!
لە چاوێلکەی دیوەکەما، ئاسمان سەما دەکا
پەپی پەپەسێلکە هەتیووەکان
بە مەزرابی سەنتوورێکی بێنۆت هەڵوەرین
موسیقای بێتۆفێنیش
سەمفۆنیای پێخواسە و بزە ، قاچاغ !!!

*ئەی عەشق: وەرگێردراوە لە شێعری فاتەشێتی
سەرکەوت رەسوڵ

نامق هەورامی

دوا پەیامی ئەم ئێوارە

۱

لە دواین چوارشەممەی
خۆشەویستیما
وەرە بەسەر ئاگری دڵما باز بدە
با عەشقمان پیرۆز بکەین

۲

دوا چوار شەممە هاتوو
نە سوورییەکانما بەخشیەوە و
نە زەردیەکانم کۆتاییان هات
سوورییەکانی منیش بۆ تۆ
با من هەمیشە پاییز بم

۳

تۆ نەهاتی
تا دوا دڵۆپی شەرابەکەم فڕ کرد
ئیتر نە ئاگرێک ماوە بیکەمەوە
نە ئەتوانم بازێک بەرم
ئای چەندە کەنەفتم لەم
عەشقەمدا

دیمەن سۆهرابی

لە ژێر چەترێکی فسفۆریدا

باران پێخواس هەڵدێ
بۆ تەرکردنی چاوەکانی خودا
دایک مەمکەکانی لێ بستێنی دەبێتە زەریا
چاوەکانی لێ بستێنی دەبێتە هەنار
وا لە باوشی نگریسیانەی خەمێکدا
دەنک دەنک دەبێتە سووراو
سپیاو لە پێدەشتی پیاوێکدا
ڕوح دادەتەنێ
خودا سەفەر دەخواتەوە و
زەوی بە ڕقەوە لە قامیشەڵانێکدا
پڕ خرمۆهۆڕ بە تاکسیەکی شڕ بەجێ دێڵێ
باوک لە کیبۆردی وەرگێڕاوی چیرۆکێکدا
بە شهودی لەیلا دەگا و
کۆرتاژی ئەندێشەیەک ڕۆدەدا .
لە ژێر چەتری ئاشقانەی پیاوێ
سەما دەکەم
یاقووتی چاوەکانم لە پیاسەیەکدا دەدۆزمەوە
و دەستم لە گیرفانی بێکەسیم دەخەم
و سەرشێتانە دەچریکێنم:
(یارم دەمێکە بێهەواڵ ماوە)
باوک بە ڕقەوە لێم دەڕوانێ
پیاو فەرامۆشم دەکا
تەواو دەبم لە منداڵیدا و
دەبمە زەریا
سپیاو لە دەستمەوە سیاسەت دەنێژێ
دەبمە هەنار و
لە سووراوی ئەندێشەی دایکدا
لە بار دەچم
خۆدا پێخواس هەڵدێتە باوشم
دەبارێم
بە سەر چەتری حەزێکدا.
لەیلا لە مۆنیتۆرێکی ڕۆمانسیدا
لێوەکانی سوور دەکا
و لە جەنگەڵی کچێنیدا خۆی دەنەخشێنێ
خودا لە ژێر چەتری پیاوێکدا
باوک بە یەکتر دەناسێنن
لە چیرۆکی لەیلادا
دایک بە کۆرتاژی منەوە
بە تاکسیەکی شڕ
لە کیبۆردی ئەندێشەیەک

دەتۆرێ ..

هەواڵنامەی کێبێ

فەرزاد سابتی‌پوور

شەتاو

لە لاپاڵی چیایەکدا
جۆگە شەتاوێکم بینی!
زۆڵاڵ بەڵام پڕ ماتەم بوو!
پڕ لە هە ست و پڕ خرۆش و
خاترجەم بوو!
کە بە وردی تێم ڕوانی
ناسیمەوە!
فرمێسکەکانی چاوانی
زستان بوون ؛ بە بەهانەوە!
بۆ پێشوازی
لە بۆ بەهاری ئازادی
توانەوە!

"کچە جیران"

لە کاتێکدا
من و کچەشۆخ و
شەنگەکەی جیرانمان
عە شقی یەکترمان لە دڵ
بوو!
هەموو گیانی
لای من وێنەی سوورەگوڵ
بوو!
ئیدی ئامێزی ئەو کچە
وەکوو ڕەنگ و شیلەی گوڵان
کەوتە داوم!
هەموو هەنگەمێشەکانی
دارستان، دمیان تێ ناوم!

بەڵام لە ڕۆژە و
کە باسی دابڕانی دا بە
گوێما!
ئیدی من و دارستانی خۆشە
ویستی و
ئەو هەنگانە ، بووین بە
هێمە!

دەروون یاسین

مـــن و مـــن

من
نابیستم کە چۆلەکەکان
دەخوێنن
نابیستم دەنگێگ پێم دەڵێ ژیان
هەیە

من
لە خەیاڵی هیچ مردوێکنیم

من
ناسك بووم بەرگەی شەپۆلە
تەنیاییەکانی تۆناگرم

من
جیهانێکم هەیە لە تەنیایی
ژوورێکی بچووك لە ژیان

من
پێدەکەنیم بەدەم ژیان
لەخۆمەوە دەڵێم خۆشم ویستی

من
دەست نوێژێك لە تۆ و
تەنیایی هەڵدەگرم من

من
عاشقی تەنیاییم
عاشق بە گریانم

من
بۆ خۆم نا
بۆ تۆش نا
بۆ دایکم گریام

"وەنە وەشتەر"

چوار کورتە شێعری هەورامی "ڕەئووف مەحموودپوور"

گرد کەلیمێ
گرد کەلیمێ
گرد کەلیمێ...
' هەناسێوە و سۆسکە و
پڕای'
کە تنگیاوە گوپکە و شێعرێ
خوە، سۆزش وەزنا ئاسمان
تا وەنەوشە
: ـ زەڕنە و ئاسۆی؟! ـ
شەقە و باڵی و
سەرکەشاوە کشیێنە شار
بەستشا بەزمێ هۆرپڕاینە؛
گەچ
تەختە
کاوەتری
: تابلۆ.....تابلۆ....تابلۆ....
هەساڕێوە وەرم زڕیا و
شاهۆ کنیا!!
ئەرێ نەشمیل هەڕپاسە بێ
چەقەڵەکەیچ
وێشرە لوورنێ تارمایانێ
و
شەوگاڕێوەش وەنە وەشتەر
بەسەزوانی!!
ـــ ڕاچن زەریف زەردەخەنێ
وەزنێ چەموو هەسارەکە و
دەمبەیانی!
ئەرێ نەشمیل؟

" گۆرانیێ "
گۆرانییێم وەرێنێ، فرێ
ـ چەوەش!
ئەرێ؛ سانێنێمۆ دەموو چڵێ
وەنەوشەیۆ
سەروو بێڵەو ئاودارێوە
تۆشەو شوانێ ئەراگێڵێ
یان پۆ لەنجەو لەتەرێوە !
بەهەشتانە ، وزوو سەوقات
پەی تاسۆخوو وەشەویسێ
لاونەرێ
یان مانیا هارەقێ
گۆرانیەکام گرد وەرێنێ گرد
دەموو تۆیچۆ
خەڵکانێوەیچ
گۆرانییێم هەڵای ماتڵ
تا سەراوو چەمەکانۆ وزیۆ
سارا.

" کۆزێ لتە "
جاخۆ تاتەم منرە مدیۆ و
کۆرپەکەم تۆیچ
تاتەم وێشۆ منۆ زیا و تۆیچ.
چە بێعارین هەڵای واران
ئەپیجۆرە!

تەرێ و و تەرێ و
وارانێ¬تەر، وێحەن ماچا من
منانێ
عێجارین وسڵ و وەسڵ و
.....سۆڵڵڵ!
ساڵ و ئەندا
وەستەنا تۆ
نیشتەنا کۆ
ڕەژنانم رۆ...
پیاڵەیچ هەڵای نم هەر مەدۆ
و شەراب
سەرگەردان گەردوو پاڵای و
یاگەپا وێڵ
رۆ بۆوە ئاخخ...
وەنەوزێنە شەوگار هاڕەش
نیشۆ مەژگ
گێڵانە بێ منرە واتەی
تاتەم و تۆیچ!
کەی ڕیواوی گوڵش نەخشەو
پۆرە واتەی؟
کوا ساوێ بەرەڵڵاییش تا
کویسان!
مژنیچ بۆ خۆ سەرنەوایشۆ
کۆزێ لتەو خاک پەڕمەراق!!
بزینە وێت
مژن واران دوور مەرحەبا
وارانیچ با تەرێ واچۆ و
دەرێوەنە بزنۆ لافاو گۆشڵێ شرە!

هەوارنامەی کتێب

شەریف فەلاح

حەوتەوانەی گوناح و ماچ

(1)

لێم بڕوانە چاو هەڵبڕە
بزانە ژیان چەند شیرینە
تۆ گوێڕایەڵی شێعرەکانمی و
منیش دەبمە دزی وشەیەک لە چاوەکانت.

(2)

دونیا فرە بچووک بۆتەوە،
تا دێم ماچت بکەم
لێم زیز دەبی و دیسان سەفەر و
درێژیی پرچی پەرێشانت ئەو جادانەن
کە بە خەونی قاڵاوەکان کۆتاییان دێت.

(3)

بمکە بە شاعیر!
پێبکەنە و لێمگەڕێ
هەتا لە هەرێمی نیگاکانەوە بێمە خوار و
دیوانێک لە ماچت بۆ بنووسمەوە.

(4)

چۆن چۆنی لە جەستەت بگەم
ماچەکانم سەهۆڵاوین
ئەرێ دەگەڵ "ئێوێرێست" خزمایەتیت نیە کناچێ؟

(5)

دەستەکانم بۆنی تۆیان لێوە دێ،
بۆنی تۆ...
لێوەکانت
چاوەکانت
کەزیەی خاوت
من جینایەتکارترین عاشقی سەر گۆی زەویم.

(6)

تام و چێژی ماچەکانی تۆ دەدەن.
کاتێک باران دادەکات و من
بێچەتر
چەند گوناحە ماچ لە لێوەکانت دەدزم.

ئەنوەر عەڕەب

1-
جڵەوداری کام شەڕگەی
تخوبی کام نیشتمانت
دەپارێزی
ئەو خۆش بەزەی تاوی
دەدەی،
جوانووی کۆتلێکە سالّگارێک
پێش ئێستا،
لەشی شەرڤانێکی بۆ مالّ
هێنایەوە.

٢-
لە ماڵی کام کۆنە سوارەوە
هەستا،
تۆزی ماییەنێکی غەمگین؟

٣-
کۆرژنی چیتە؟
ئەسپێ قەرار بوو بێتەوە
سالّگارێکە
هەیتاڵی سەر شەقامێکە.
ئۆقرە بگرە،
چیرۆکی ئەم شەوت
تەنیایە.

٤-
سمکۆڵانی چیتە؟
تۆزێک نییە
نێسکەی نەرمەغاری مەیدانت
بسەلمێنی.

٥-
مەسڵەمێوە
ئەوەشیان هەر خەوێک بوو.

٦-
گلاراو،
یاڵی شەتاو لێدراوی،
بەرەو باکوور سەما دەکا.

٧-
کەونە دەنگێک تاوی دەدا،
حیلەیەکی مەست،
دەبێ لەو دەشتەدا
کۆتاکێک هەبێت.

هەستیار ڕۆستەمی

....مەچۆڕێوە....

مەچۆڕێوە
هێشتا لە ژێر چەترەکەتام
ئێرە و خوا خۆشم ئەوێی
لە دووپاتی کام شەقامە
هەنگاوەکانت بێزارن
چەن سرنجی پیاوانە
وەک داهۆڵی ڕێبواریت بوون
چەن بلووتووس
داواکاری پەنجەکانتن
لە من
یا لەم هەموو نامۆ
حەزانە بێزاری
سەفەر مەکە، ئێرە و بالآت
خۆشم ئەوێی
لەو دیو سەفەر، چ چرۆ حەزێ
ئاشنات ئەکا
بە ڕێنووسی وەرزی گوڵان

پیاو، هەمان پاییزە بۆت
عەشق دووبارە بوونەوەی
هەوەسێکە بە تەماحی بالآ و
لێوت
جێم مەهێڵە، ئێرە و ئازار
خۆشم ئەوێی
شەپۆل ئەداتەوە دووریت
منیش بەلەمێکی بێکەناری
کۆچم
هەر چەن کەشی دابڕانە
من دڵنیام لە تۆ باران
چەتری یادت هەڵئەدەم و
لە دوا نوختەی
بێڕێبواری ئەم شارەدا
هێندەی دووری تۆ و سەفەر
چاوڕێتم
جێم مەهێڵە، ئێرە و سەفەر

خۆشم ئەوێی
من دەبمە فەوارەی تکا
تا بۆت ئەکرێ
چۆڵم مەکە
کەچی ئەتۆ هاوار ئەکەی
دەلێم گەڕێ، با جەستە و ڕوح
ئاوێتەی دابڕان و کۆچ کەم
با جارێکی غەریبانە ئاشق ببم
تەفسیرم کە بۆ دوا بەڵگەی
بیرەوەیت
با مێژوو بم لە ئێستاوە
بۆ داهاتووی بڕواکانت
نا....نا.....
غەریب مەبە، ئێرە و مێژوو
خۆشم ئەوێی

هەوالنامەی کتێب

زاهیر سەیدی

"گورگ"

گورگێک دەیـ... لوو... راند
ئێوارەی حەفتەیەک لەمەوبەر
دەزگیرانەکەی بە زۆر مارە کرابوو
لە تف... لە تف... لە تفەنگ!

"قاچاخچی"

تەق... تەق
قاچاخچییەک کوژرا !
شانێکی شەکەت،
کارتۆنێک بزە و
چاوەڕوان منالێک.

زانکۆ خەلیفە

کە تۆیان لە من کرد...

کە تۆیان لە من کرد
لە دەم هێورترین دەرگای ئەشقەوە
چەپکێک ڕیحانە بە بەرۆکتا
سەیر ڕادەژێ و من
لە ماتەمینی وەرینی هەرچی گەڵا ڕیحانە
شاگەشکەی ماچێکتم! ماچ
شێواتر لە ئۆقرەییتم
کە دەبارێ نیگات و دەچۆڕێ بەدەم گوڵەکانی سەدە
کە بای هەڵکرد و من
لە دەم زریانەوە
پەیاسەم لە خولیات کرد!
هەڵئەمژم بۆنی بەرۆکت
لە دەم بەختەوەری و نەختێک لە قاقات
با بنێژرێ و بچۆڕێ شەهدی شکەری هەنارێ
لە بێتاوانترین بوونەوەرەکانی خولیات
کە نێژراوە نەختێک لە بزەی فێنکی گەشت
و ئەوسا لە سەماتا خۆی دەبینمەوە
من لە مەرگتا درەختێکم چەقاند
و خولیام لە باوەشتەوە بوو بە دار گێوژ
کە هەبی و نیت لێرە

دەستەکانت لە بەرۆکێک چەنگ دائەکوتن
و شاگەشکەی لێئەبارێ ئەو!
خولیام پیس تێکی ئەدات
و دیسان لە دار گێوژ
بەدەم هۆرەکانی خولیاتەوە دائەکوترێن
بزەت کە قات بوو
کە تۆیان لە من کرد
پەیاسم دوبارە کردەوە لە خولیات
لە بیری هاڵۆزترین خۆشییەکانمدا
دەستم گەیاندە دوو
دوو
دوور
ئەوپەڕی دوور و قاقا
بۆنی ڕیحان لە دەم زریانەوە
هێور هێور شۆڕ ئەبێتەوە بۆ ناخم و
من باسک باسک ئەچم بە شێونتا
و کە بزەت قات بوو
من شەیداتر لە هەرچی بنیادەمە
نەختێک لە فێنکایی بۆنی بەرۆکت
و نەختێک لە نیاگاتا شک ئەبم.....

مەحموود محەممەدیان

نامەی۲

لە سانایی وەڕەزم

کە گوڵ چرۆ دەکا و وەرز کۆن دەبێ

ئەو کاتەی داوێنی ئاشتیت چەواشەیە.

مزگێنی کام بریندی لە پڕتاوی؟

چەشنی کام سەفەرت لە دەماری چۆڵگە کرد؟

من...

هەشتییەکی سوواوم بە ئەنگوستی شێت بوون و

تۆش...

باخچەت لە دواپاژی ویستندا هەلا هەلا کرد،

وێنای کەوناراترین چیرۆکی سەردەمت نەخشاند؛

ئەسپاردت بە ڕێبوارێک

لە قەرەبالّغترین کۆڵانی شار.

وەی لە من

بڤ لە ڕاڤەی جوانی و

پشت لە نووقمبوونی ئەم دێڕانە دەکە م

لە پاش دیوی ئاوێنەدا..

وەی لە تۆ

شەقام بە بەژنتدا ئەدووری و

پیلۆ بە جەرگی ئەوێندا ئەتروکێنی.

دڵم سەروای نیگاتە و

کێشی ئەم سروودە گەمە بە زانستی سەردەم دەکا.

کاڵتر لەوەم

سەرەڕۆیی بزەتم بێبەزە بیانە بە گژ داکەی؛

هاڵاوی لە شت تۆقە لە تەک مەراق و

چاوچنۆکترین خوازەم بکات.

چ نهێنیە کە لە گۆڤەندی چاوانتدا...؟

بۆرکان دەتووڕێنی،

مانگ بە زارتەوە دەتەقێنیەوە و

ئێواران بە با دەکەی.

تاریکی لە شار ئە دەڵێ،

چیرە بە چینەکانی شەو دادێت و

شە هید بە پەلکی بەیاندا هەڵدەواسرێ...

لە خەونیشدا

زرینگەت لە شەڕ و ئاگردانە

چ خەرمانێکی بە پیتە ئەوینت.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

محەممەد مستەفازادە

شەریعەتی سێو لە کیمیابارانی ڕوحی شارێکا

بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە و سەردەشت و نۆدشە و خانێ

یاسایێکی تاڵی تەنیایە
لە لورەی شەوگاری پەنجەکانتا دەنگی دێ
کلو کلو
حەسرەتی ئاوەدانیت تیا پروشە ئەکات
مەملاوێنە
من لە بزەت کەمتر و
زۆر بە دەگمەن
پەپولەیی لە سەرووی هەناوی ڕوحتەوە هەڵئەکەم
تا پیتێ سروەم و
تۆش شێعراوی
کرێوەی هەموو هەناسەکانی نیشتمانی

سەوز بووین و
سەمات ئەکرد و
هەنگاوت یاخی بە سەر کێڵگەدا
ئەپڕا
کەچی هەر لە سووراوی گێلاسی خۆشەویستیدا
بۆنی سێو تێکەڵی ئەکردی و
لێڵ لێڵ
لە یاسای نیۆتۆنا مەرگاوی
دا
ئە
چۆ
ڕا
ـــــــ

شەویار گولابی ئازەر

"ئەزموونی کۆنترین چاخ"

من لە حاڵەتی مەشقی دەروونی خۆم
بیری چەکمەکانی خۆمە و

تا ئەزموونی کۆنترین چاخ و
هاتنی ڕێگا تەنگەبەرەیە

خڵبوونەوەی لەش بەسەر سەهۆڵدا
لە هێرشی بۆنی مێخەکبەندەوە

من لە خولگەی هزرم
تا پێکەنینی ئۆدکلۆن و بوونی بۆنەوە

تا لاشەی مەیتخانە و بەردەنوێژی پەنجەکان
تا تێپەڕین پێڕابواردنی نەلوێ لە گەمەی ڕوح و

هەڵپەی گوزەر بە سەر قەڵافەتی داچۆڕاو
پێبەندی هزر

نەفرەتە لە فراموشکردنی خۆ و
لەم بونزایەدا هزر پرسەی لێم ونە و

ساتە وەختی ئەشق
منیش گەرم و گوڕی تەعاروفی وێنایەکی سۆفیستانەم

من لە نواندنەوەی خۆی تاکایەتی
تا مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکان بجوات و

تا خۆی گەردوون
مەرگیش پرسەچارەنووسی هێڵگەی باڵادەستی خۆڵەمێشی و

تەنگژە نێ خۆ گەردوونی ئازادی ڕووت بکا و
تۆێژاڵی بوونی خۆ

تۆ لە دووری چەمکی دابڕاوی بەتاڵ
بفرۆشێتە هەڵوێستگەی کەساس و دژەوەستان

خۆ بدۆزیتەوە لە گەوزین
چ نغرۆ تامێکە یەزدانی هزر و

من لە نیهایەتی بووکە بەفرینەکانی زستانەوە
گەوجاندنی کارەسات ڕەنجێنی خۆ

تا قرتماخەی ئەستێرە و ڕاستەقینەی وەرز

هەوالنامەی کتێب

هەوار خزرزادە "شەڤگەش"

دەستت لە چاوەکانی حەرامیم
و خۆم
کە بێ تاوان تر لە قامووسێکی زۆڵ
گەڕیدەی ناوێکی سیفرین و من
من
هەناسەیەکی قرتماغە کردووی شەوێکی دوو ڕووین
جێم دەهێڵن چاوەکانی نامۆیی
لە هەزارەیەک تاوان و
ئیبلیسێک ڕێئاڵتر لەم تابلۆ
یاخییە و
سەمبۆلی دامێنێک دادڕاوتر
کە ڕاپێچەی ساتێکی نەزان و
دیوانێک بە کچێنی جەستەیەکی
حیزەوەیە ...
جێم دەهێڵن هەڵەیەک لە پێڵاوەکان

... جێم دەهێڵن ...
جارێک خلیسکان
لەم هۆدە ماتەم گرتوویە
جەستەم میوانی تێزێکی بێبڕوا و
سەمای چێژێکی درۆزن دەکاتەوە
ئینجا باشاری تەوێڵ نایە و
شەکەت لە خیچانی ساوایەتی دەدوێ و
سەریش گلۆرە کردووی
لاپەڕەیەک ئاڵا و
پێشەنگی چاوەڕوانەکراوی
سینگی تۆ و
هێمایەک لە
دڕنجەیی من
هێمایەک لە
دڕنجەیی من

گەلاوێژ بەیگ‌نیا

کاتژمێر وادەبارێ، کات بە کاتی خۆشیما

با دیسان زستانێک ئاودەان بکاتەوە

مەعرەفەتی ساتەکان بوو بە قەساب بۆ زامی بەفر

چیرۆکبێژ بێدەنگ...

دەبێ سینگی لێک بێتەوە بۆ گێڕانەوە

من لە ناو چیرۆکەکانی زستان‌دا لە دایک بووم

سینگ بە سینگ هاتم تا نووسرامەوە

ئێستاش هەر چیرۆکم و دەگێڕدرێمەوە.

***

تەنیایەک بۆنی دڵتەنگی یاسەکان هەڵدەلوشێ

پەنجەرەیەک قژی بیرەوەرێکان ئاڵۆز دەکا

دڵۆپ دڵۆپ نەسرین دادەبارێ بە سەر مەناوی کوچەیەکدا

لە دایک دەبێ پێکەنینی سووچ، لە ناو لەشی خۆشەویستی

نیوەشەو چێژی چۆپی‌کێشانی تریفە

لە دیاری باوەلێکانی غەریب


ئەوین وا دەنێژرێ لە ناو چاوەکانی وشەی درۆ

ناوێک هاشوور دەکرێ، مەخمەری ڕەش کفن و باوەشی یار گۆڕ

هەوالنامەی کتێب

ئەرسەلان چەڵەبی

یک بسته سیگار در تبعید



"یک بسته سیگار در تبعید" نێوی کۆمەڵە شێعری شاعیری فارس"غولام رەزا بروسان"که بۆ جاری دووهەم له لایەن ئینتشاراتی شاملوو له ساڵی ۱۳۸۷ به سێ زمانی فارسی و ئاڵمانی و ئینگلیسی چاپ بووه، ئەم کۆ شێعره له٦٤ لاپەڕەدا و به ۳۲ شێعر که زۆربەیان کورتە شێعرن، خۆی خستۆته پاڵ کتێبخانەی فارسەکانەوە.

کۆمەڵەشێعری "یک بسته سیگار در تبعید" له لایەن شەمسی لەنگروودی پیناسەیەکی کورتی له پشت پووجڵدی کتێبەکە بۆ نووسراوە و خەڵاتی یەکەمی دەورەی شێعری هەواڵنێری ئیرانی پێ بەخشراوە، هەروەها جێی ئاماژەیە که خەڵاتی بەخشراو بەو کۆمەڵە شێعره له لایەن ئینتشاراتی (نگاه، امتیس، امرود)، پشتگیری ماڵی کراوە.

کۆمەڵە شێعری "یک بسته سیگار در تبعید" له پوانگەی زۆریەک له نووسەران و شاعیرانی فارسەوە به کۆمەڵە شێعرێکی سەرکەوتوو و تا ڕادەیەک جیهانی ناسراوە و منیش لەو سۆنگەیەوە بە پێویستم زانی بە خوێنەرانی شێعری بناسێنم و چەند شێعرێکی وەربگێڕمەوە سەر زمانی کوردی. له خوارەوە شێعرەکان بخوێننەوە:

تەنیایی

تەنیایی له ئوتووبووس‌دا
چل‌وچوار کەسە
تەنیایی له شەمەندەفەڕدا
هەزار کەسە.
بیر له تۆ دەکەمەوە
له چاوی قونجاودا خۆر زۆرتر
بەدی دەکرێ
بیر له تۆ دەکەمەوە و
هەموو ڕۆژ
به ژمارەی هەموو دانەکانم
سیگار دەکێشم
ئێمە وەک بارانێکین
که یەکتر دەخووسێنین.

پرد

وەک بیابانێک
دوور دەکەومەوە له خۆم و
دەڕێم
وەک ئەستۆنی پردێک
له ئاودا.
(...)
خۆزگە له کاتی شەڕدا
سێوێکمان به دوژمن
پێشکەش کردبا.
(...)
دوگمەکانت ببەستە
با، با سەرەخەوێک بشکێنێ.

باریکەڕێی مەزرایە

مارتین هایدگێر

وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی: هیوا قارەمانی

باریکەی ڕێی مەزرایە لە دەروازەی باغی کۆشک ڕا بەرەوە ئێهنرید (Ehnried) گوڵەباخەکان لەسەر دیوار ڕا چاویان لێیەتی، جا چ ئەوکات کە باریکەڕێ لە جێژنی پاکدا لە نێو ئەو ڕووەکانەی کە بە گەشاوەیی سەریان هەڵداوە و لە مێرگۆڵانی سەرزیندوودا گرشەی بێ یان لە شەوانی کریسمەس‌دا بە زەبری باوبۆران و کڕێوە لە پشت هۆ و تەپکەی دێدا لە چاوان ون بێ.

ڕێ، لە چوارڕێیانی شێوەردەکان ڕا بادەداتەوە بۆ لای جەنگەڵ. هەر کە گەیشتە کەناری جەنگەڵ، هەزاران ساڵو نیساری ئەو دار بەڕووە بڵێندە دەکا کە کوورسیەکی لە دار چێکراوی ئەستووری لە ژێر پایە.

لەسەر وێ، لە تەنیشت یەک، چەندین نووسراوەی هەڵکەندراو لە ئەندێشەندانی مەزن دێنە بەرچاو کە لاوێکی کاڵ دەیهەویست گرێ لە ڕازیان بکاتەوە. هەر کە دەگەیشتە ئەوەی کە لیچارەکان لەسەر یەک کەڵەکە بن، شانیان وەشانی یەک دەدا و هیچ دەرکەوتێک نەدەهاتە ئاراوە، باریکەڕێی مەزرایە دەفریا دەهات. چوونکێ ئەو زۆر هێدی و هێور لەسەر کوێرەڕێ، لە جەرگەی ئاوایی دڵبزوێن ڕا، ڕێبەڕێ، هەنگاوەکان ڕێنوێنی دەکا. هەمیشە کاتی ئەندێشەکردن لەسەر هەمان نووسراوەکان یان ئەو کات کە لە پەلەقاژەکانی خۆیدا وێڵە، دەکەوێتە ناو ئەو کوێرەڕێیە کە باریکەڕێ لە شێوەردەکان ڕا دەیگرێتە بەر . ئەوە خۆی ئەوەندە لە هەنگاوەکانی ئەندێشەگەر نزیکە کە لە هەنگاوەکانی کاکی جووتیار، ئەوکات کە بەری بەیانی بەرەو دروێنە بەڕێوەیە. زۆر جاران بەپێی تێپەڕینی ساڵەکان، داربەڕووی کەناری ڕێ، شوێنەونکەت پێدەکا بۆ بە پیرۆزکردنی کایە و گاڵتەوگەپی ڕابردوو، بۆ بیرەوەریی یەکەمینەکان. کاتێک بەپێی ڕۆژگاران لە ناخی جەنگەڵدا داربەڕوویەک لەژێر زەربەتی تەوردا بەلادا دەهات، باوکە بەبێوچان لە درێژایی مێشە و دارستان‌دا و لە ناو جەنگەڵی ڕووت هەڵگەڕاودا لە چەند بستە خاکێکی ساخووڕ دەگەڕا کە لەبۆ کارگەکەی دەکەوتە دەشتی.

لێرە لە مەودا کورتەکانی حەسانەوەی‌دا، بە درێژنگییەوە بە سەعاتی گۆیاری و ژامەکانەوە دەخافڵا کە هەر دوو پێوەندی تایبەتی خۆیان دەگەڵ زەمان و زەمانمەندی دەبێژتەوە.

بەڵام کورپژگەکان لە تەنەی داربەڕوو، کەشتییەکانیان ساز دەکرد کە تەیاری بێڵ و فەرمان بوون و لە ڕووباری بەرێ یان حەوزی مەدرەسەدا مەلەوەر دەکران. سەفەرگەلێک بۆ ئەو دوورەدوورانە لە کایەدا کە هەمین بە ساکاری دەگەیشتنە جێ و سەر لە نوێ دەگەڕانەوە زێوار و جێ دەسپێکی سەفەرەکەیان. خەیاڵی سەفەری لەو چەشنە، لە شکۆیەکی بەدەگمەن دیتباردا، بەڕێواردەما، کە بە سەر تەواوی شتەکان و کاروبارەکان‌دا پاڵ کەوتبوو. هەرێمەکەی لە لایەن چاوەکان و دەستەکانی دایە ڕا دیاری دەکرا.

وەها بوو کە هەر دەتگوت غەمی هەراوی دایە، وێڕای بە پەرۆشبوونی نەدرکاوی، پارێزەر و چاوەدێری تەواوی هەبوون بوو. سەفەری ئەو کایە و گەمانە

هیچیـــان لە بـــارەی ئەو کۆچکردنـــانەدا کە لە ئەوانـدا تەواوەتی ئاسۆکان لە پاش سەردا تێدەمان، نەدەزانـی. لەو ناوەدا سەختایی و بۆنی داربەروو تەمایان دەگرت خویـاتر لەو هێـوری و پەتیـایەتییەی درەخـت شـانازی پێدەکا و پێی هەڵدەدا، بێنە پەیڤین. داربەروو خۆی بە زمانی خۆی دەیگوت لەوەها هەڵدانێکدا ئەوەی خۆپاگرە و بەرگە دەگرێ، لە تەنیایـدا بەرپا و سەقامگیر دەبـێ؛ کە هەڵـدان و گەشەسـتەندن یـانی : هەڵاڤیـاوبوون لە پانـایی ئاسمانـدا، داگیرکردنـی ئاسمان هاوکـات دەگەڵ پیشـــەداکوتان لە تاریکـــایی زەوی‌دا. کە ئەســـالەت بەتەواوی، تەنیا کاتێک دەپشکوێ کە ئینسان هاوکـات ئەو دووانە بـێ: دەسـت ئـاوااڵ و سـینەبەرین لە پاسـت بانگەشـەی ئاسـمانی بڵێنـد و سـەرکەش و هەڵاچـوو لە تاروپۆی بەرگریکرنی خاکی پرپیتی باردەهنده.

هێســـتاش کە هێســـتایە، داربەروو ئەوەی بـــۆ بـاریکەڕێ دووپـات دەکـاتەوە، کە بە متمـانەوە بە ڕێـی خـۆی‌دا بەڕێـوەیە و بە کەنـاری وی‌دا تێـدەپەڕێ. ئەو گشـت ئەو شـتەی لە کەنـاری ڕێگـای هەبـوون هەیەتـی تەیاری دەکـا و پێشکەشـی ئەو بەرەوبـوونەوەرەی دەکـا کە لە سەرووی بە نەرمونیانی ڕێ دەپێوێ.

هەر هەمان شێوەرد و جاڕ و نشـێوی مێرگۆڵەکـان، باریکەڕێی وەرزاووەرز بەرەو دراوسێبوونی بێپسـانەوەی یەک دەگەڵ ئەوی دی هـــاوڕێیەتی دەکەن. جـــا چ زنجیرەکێوەکانی ئاڵپ لەسەر سەری جەنگەڵەکان گزینگ ئەنگێـوبێ، چ لەو جێگـایە کە بـاریکەڕێ بـاڵ بکێشـێتە سـەر شـەپۆلی تەپـکەیەک و هەوێـردەیەک لە سـپێدەی هاوینـی‌دا هەڵفڕێ، چ لەو ناحیە ڕا کە ئاوایی زێـدی دایە کەوتـۆتە وێ، بـای شـەماڵ بەرەو ئێـرە هەڵکـا. چ دارشـکێنێک کـاتی جەمـی شـەوێ، پـرێچکەکەی لە تەنیشـت ئـاورگ بکـاتەوە. چ ئەڕابەی پـڕ لە بەروبـۆی مەزرایە بە بـاریکەڕێدا بە کـاوەخۆ بەرەو مـاڵێ بەڕێـوە بێ. چ منااڵن، یەکەمین گوڵەپشـکووتووەکان لە هەودای کەنـاری شـیناوەرد تڵـژین کەن و چ مـژی ڕۆژێ ئـاونگی غەم و قورسایی خۆی بخاتە سەر ئەڕابەکان. هەمیشە و لە هەمـوو لایەک ڕا لە دەوران‌پشـتی بـاریکەڕێی مەزرایە پەیڤـی حەسـانەوەپێدەر تەنیـا یەک پەیـڤە: ئەمـری سادەپارێزەری، ئەمری مەزنە. ئەمـری بێنێـوانجیگەر کە بە لای مرۆڤانەوە هێلانە دەکا، حەوجێ بە شـکۆفابوونی درێژخایەنە. خێروبێرەکەی لە ئەمـری نەدیـو و هەمیشـە هەمان‌دا، وەشێردراوە.

جیهـان پانـایی و هەرێمـــی تەواوی شـــتەکان و کاروبـارە پەرەگرتووەکـانی مەنزڵگرتـووی دەوران‌دەوری باریکەڕێ وێڕای تێڕامان، نیساری ئێمە دەکا. ئەویش لە نەدرکاوی زمانی ئەمری نەدیودا؛ بەو چەشنەیە کە پیری خوێنـدنەوە و ژیـان. ئێکێهـارت (Eckehardt) دەڵێ: خودا لە پێش‌دا خودا.

بەڵام پەیڤـی حەسـانەوەهێنەری بـاریکەڕێ تەنیـا بـــاس لەو زەمـــان دەکـــا کە مرۆڤانێـــک هەن کە لە حاڵوهەوای ئەوی‌دا لە دایـک دەبـن، هەر بـۆیە دەتـوانن بیبیستن. ئەوان بیسەرانی ڕەگەزیانن، بەڵام نە کـوێلەی پێکـراوان. تێکۆشـانی مـرۆڤ بێهـودەیە کە دەیـهەوێ لە ڕێبـــازی پـــاڵن و خوازیاربیەکـــانی ڕا تـــۆپی زەوی سەروسامان پێ‌بدا،

گەر بێتوو بە پەیڤـی حەسـانەوەپێدەری باریکەڕێی مەزرایە سامانی نەگرتبێ.

ئەو مەترســـیە دایـــمە بە هەڕەشـــەیە کە ئەوڕۆیی‌یەکـان لەبـۆ ژنەفتەنـی پەیڤـی ئەوی گـوێگران دەمێنینەوە و بەدایمە تەنیا هات و هـاواری ئامرازگەلێـک کە هەر دەڵێی بە لایانەوە دەنگی خوداکەیانە، دەگـاتە گۆشـــیان. بەم چەشـــنەیە کە مـــرۆڤ پەرێشـــان و بێمەنزڵگە دەبێ. ئەمری سادە بەشێوەی تاکە بیچمی و

یەکەچەشنە دووپات بوونەوە بۆ ئەوانەی پەرێشانن و سەرلێشێواو وەدی دێ و یەکەچەشنە دووپات بوونەوە، هۆی پێکهاتنی وەڕەز بوونە. وەڕەزان تەنیا ئەمری یەک لایەنە و سووکوچرووک ڕێ پێدەبەن.

ئەمری سادە ڕایکردووە و هێزی نەرمونیان و بێهەستی ویشک هەڵگەڕاوە. کەوابێ زۆر بە پەلە، ڕادەی ئەوانەی کە هەر وەک پێشوو ئەمری سادە وەک سامانی دەوڵەمەندی خۆیان دەبینن، ڕوو لە کەمکردنە، بەڵام تاقمی هندک لە هەموو شوێنێک تاقمی هەرمانن. ئەوان دەتوانن زەمانێک لە دەستەڵاتی نەرونیانی باریکەڕێ دەگەڵ هێزە دێوئاساکانی وزەی ناوەکی، بەردەوام ئەو باسە بکەن کە ڕیازیاتی مرۆڤانەی ناحەز و دەسکردانە لێکردووە و بردوویەتە ژێرکۆتی کردەوەی خۆی.

پەیڤی حەسانەوەهێنەری باریکەڕێ ئەو هەستە وەخۆ دێنێ کە ئەمری ڕەها خۆشی گەرەکە و خەم لە هەلی گونجاودا بۆ ڕێگا بەرەو دوایین شادی ڕۆیشتنی، دەردەپەڕێنێ. ئەو دەگەڵ ناهەباری و ناحەزبوونی بەدایمە لە هەڵاتەهەڵاتدا بوون لە جەنگە و دەڵێ ئەوەی بە دایمە خەریکی هەڵاتەهەڵاتە، لە پاپۆکەی خۆیدا تەنیا خوازیاری ئەمری بەرەو نەمانە. لە حاڵوهەوای وەرز بە وەرزی باریکەڕێدا، سەرخۆشبوونی فرەزانی کە پتر، سەرمەستانە دەنوێنێ، دەپشکوێ. ئەو فرەزانیە سەرخۆشانەیە، ناوی ئەوەیە: (Da Kuinzige). هەر کەس خێوی نەبێ، دۆڕاوە. ئەوەی هەیەتی لە باریکەڕێ وەریگرتووە. لەو ڕێیەدا، تۆفانی زستانی و ڕۆژی دروێنەی بەرهەم وێکڕا دەتەقن. ژیانەوەی پڕ جۆشوخرۆشی نەورۆزی و مەرگی گەڕاوەی پایز دیدارییەک دەکەن، کایەی لاوێتی و فرەزانی پیری تێک دەفکرن. هەروەها لە ئاو دەنگایەتیەکی تاک و بێوێنەدا کە دەنگدانەوەکەی باریکەڕێ وێڕای خۆی لەسەرەخۆ بۆ ئەو لا و ئەم لا ڕادەوەشێنێ، گشت شتەکان بە وەسڵەتی یەک شاد دەبن. سەرخۆشبوونی زانایانە، دەروازەیەکە بەرەو هەرمان بوون. دەرگاکانی لەسەر ئەو بندەرانەیە دەسووڕێ کە ڕۆژگارێک لە ڕازەکانی دازاین لە ئاسنگەرییەکی لێهاتووانەدا تاووپەرداخ کراون.

لە ئێهێنرید ڕا بەو لایە، ڕێگا بەرەو دەروازەی باغ دەگەڕێتەوە لەسەر لوتکەی دوایین تەپکە، هەودای تەسکی باریکەڕێ بە نێوان سەرەولێژی پانوبەرینەدا هەتا دیوارەکانی شار دەخایەنێ.

لە ژێر تروسکەی ئەستێرەکان، نوورێکی بێهێز دەنوێنێ، لە پشتەوەی کۆشک، گۆیاری کڵیسای مارتینی پیرۆز، بەرەو ئاسمان خوشیوە. لەسەرەخۆ، هەروەها دەڵێی بە دوودڵی، دەنگی یازدە زەربەتی سەعات لە شەوێدا دەنگ دەداتەوە. ژامی کۆنە، کە زۆر جاران کوریژگەکان دەستیان بە سواندنی تەناف و گوریسەکانی ئەوی گەرم دەکردەوە، لە ژێر زەربەتەکانی سەعاتدا کە هیچ کەس بیچمی ڕەش و ڕەشخەنانەی ئەوی لە یاد ناکا، دەلەرێ. خامۆشی وێڕای دوایین زەربەتەکەی خامۆشتر دەبێ و دەگاتە گوێی ئەوانەی کە لە نێو دوو شەڕی جیهانیدا ناوادە بوون بە قوربانی. ئەمری سادە، هەمیسان سادەتر بووە. ئەو هەمیشە هەمان و هەمیشە یەکسانە، دەبێ بە غەریبەیەک و لەبەر یەک هەڵدەوەشێ. پەیڤی حەسانەوەپێدەری باریکەڕێی مەزرایە هێستا بەتەواوی خویایە. گیان، دێتە پەیڤین؟ جیهان دێتە پەیڤین؟ خوداوەند دێتە پەیڤین ؟ گشت شتێک لەسەر چاوپۆشی لە ئەمری سادە باسوخواسیانە. چاوپۆشی لێناستێنێتەوە. چاوپۆشی دەهێندەیە و ڕەوا بین. ئەو هێزی ماندوویینەناسی ئەمری سادە دەستەبەر دەکا. پەیڤی حەسانەوەپێدەر بە پێشینەیەکی دوورودرێژەوە دەبێ بە ئەمری خۆمانە و یاری هۆگر.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو خەونانەی دێنە دی!

چیرۆکی: سەبیحە خەلیل زەکی

وەرگێڕان لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری



نەزاکەت ئەو کێژەیە هیچ ئیش و کارێکی نییە، تەنها خوێندنەوەی ئەو کتێبانە نەبێت، کە باس لە جۆرەکانی خەون و شرۆڤەکانی دەکەن. هەر خەونێکی بدیتبا و گەر لە مانا و مەغزاکانی نەزانیبا پەنای دەبردە بەر پیاوانی ئایینی وخزمەکانی تاکوو بۆی شی بکەنەوە..

پلان و بەرنامەی ژیانی لە بەر ڕووناکی ئەو خەونانەی دادەنا، کە دەیانیبینی، گەر مرواری بهاتایا خەونی ئەوە نیشانەی گریان بوو، یان میوەی بدیتبایا ئەوە هێمای ئەوە بوو، تووشی نەهامەتی دەبێت، ئەم هەڵسوکەوتانەی ببوونە مایەی ئازاوە و بشێوێنی لە نێو خێزانەکەیدا، چەندین داخوازیکاری ڕەت کردەوە لەبەر ئەوەی خەونەکانی ڕێگایان نەدەدا ئەو ڕۆژە لەو جۆرە مەراسیمانە ڕێک بخرێت. عیزەتی بۆی لە هەموویان پتر خەمی لەو هەڵسوکەوتانەی خوشکەکەی دەخوارد... کەمۆکوڕی لە هەموو شتە جوانەکان دەدۆزییەوە، ناڕێکی خۆیشی لەوەدا بوو، تا پلەی شێتبوون وابەستە بوو بەخەونەکانییەوە. لە سپێدەیەکی باراناوی‌دا نەزاکەت لە خەو ڕاچڵەکی و بە پەلە چوو بۆلای دایکی و پێی گوت:

- دایکە...مامم..مامم..

- چی ڕووی داوە و مەبەستت کام مامەتە؟

- مامم حوسێن.

- باشە چی بەسەر هاتووە...قسە بکە..باشە بەم بەیانییە چی هێنای بۆ ماڵمان؟

- نا نا...لە خەوم‌دا هاتبوو بۆ ماڵمان .

- کچێ نەزاکەت هەترەشم چوو...وامزانی کارەساتێکی خراپی بەسەر هاتووە.

- تا ئێستا هیچی بەسەر نەهاتووە، وەڵێ لە دواڕۆژدا خراپی بەسەر دێت.

- کچێ نەزاکەت تۆ شێت بوویتە...ئەم قسانە چییە دەیکەیت؟

- جارێ شێت نەبوویمە. بەڵام ئیمڕۆ تێک دەچم. هێشتا شارەزای خەونەکانم نەبوویتە ؟

هەر کاتێک مامم لە خەون‌دا ببینم شتی خراپ لە ماڵی ئێمەدا ڕوودەدات...

- بەپێی خەونەکانم هەندێ ئازاوە لە ماڵمان ڕوودەدات...

- چیتریش؟

- لەگەڵ عیزەتی برامدا بەشەڕ دێن.

- بە ڕاستی!

- بە ڕاستی ...شتێڕ تریشم بۆدەرکەوت.

- چیتریشت بۆ دەرکەوت؟

- شەڕ و ئاژاوە ڕوو دەدات لەگەڵ عیزەتی برام...منیش بەرگەی ئەو ڕووداوە ناگرم.

- لەم بیرۆکە هەلەقومەلەقانە دوورکەوە کچی خۆم.

- دایکی مێهرەبانم دۆزیمەوە..بەتەنها (ئەرخەمیدس) دۆزەرەوە نییە!

- چیت دۆزییەوە؟

- چارەسەر...پێش ئەوەی براکەم وەخەبەر بێتەوە، ڕێم بدە با بچم بۆ مااڵی پوورە فەخریە..

- دەبچووە کێژم.

کاتێ نەزاکەت چووە دەرەوە خەڵکێکی زۆری بینی لە پێچی کۆاڵنەکەیان کۆبوونەتەوە و تەماشای دوو ژن دەکەن لە نێو حەشامەتێکی منداڵدا بە یەکتردا هەڵدەگژێن ودەستیان لە قیتك یەك گیر کردووە، ئەویش بە مەبەستی ناوبژیکردنیان لێیان نزیك بووەوە، بەهۆی هەوڵی چاکەخواری خۆی چەندین مشتە کۆڵەی بەر کەوت...دم وچاوی خەڵتانی خوێن بوو، کە دوو ژنە شەڕکەرەکە بینیان نەزاکەت زامدار بووە، پاشەکشەیان کرد و چوونەوە بۆ مااڵی خۆیان و منداڵەکانیش دەستیان بە یاریکردنی خۆیان کردەوە.

کاتێ نەزاکەت چاوی هەڵهێنا، بینی وا عیزەتی برای خوێنی دم وچاوی دەسڕێتەوە...

سەرچاوە:

* یورد سێوگیسی صبیحە خلیل زکی.. بغداد۱۹۹۱....

{کۆمەڵە چیرۆکێکە بە ناوی (خۆشەویستی نیشتیمان) لە ساڵی ۱۹۹۱ لەشەاری بەغدا چاپ کردووە} وەرگێڕ..

هەواڵنامەی کێبڕ

کوردستان گولابی‌ئازەر

وێرانەکانی ڕوحێک



ــ باران.... ڕۆڵە بۆ ئاوا دەکەی. خەونت دیتووە. دەستتم دەیە.

دەستی تووند دەگووشم.. نازانم بۆ ئەوندە جوان دەبێ. دروست لەو کاتانەدا کە دەکەوێتە خەوێکی قورسەوە! هەڵم شووشەی مینی‌بووسەکەی داپۆشیوە. هەڵمی سەر شووشەکە لادەدەم.

ــ کاکە ئەگە گەیشتینە لای قەبەری شەخسەکە، بۆمان ڕاگرە.

ــ ئاگام لێیەتی. چاو لەسەر ئاوێنەکە هەڵناگرێ.

گوێچکەی چارشێوەکەم تەواو هێناوەتە سەر لاجاینگم. وەبیر ئەو دەکەوم کە دایکم هەتا دەچووینە دەرێ، دەموچاوی بە چارشێوەکەی دادەپۆشی. منیش پێم سەیر بوو بۆ دەبێ دایکم ئەو دەموچاوە جوانەی داپۆشێ؟! حەیفی ئەو هەمووە جوانییە نەبوو کە دایپۆشێ! دایکم هەمیشە دەیکووت: ژن کە بە تەنیا بوو ، حەتا کورێکی چواردە ـ پانزدە ساڵانەش تەماحی تێدەکات. پیاوەکانی دیکەش هەر لێی مەپرسە. لە ژێر شۆقی چرا نەوتێکەوە، جوان دایکم دەدیت. دەتکوت دایکم لەو کاتەدا پێم دەڵێت:

ــ کچم چارشێوەکەت بێنە پێشێ.

دەنگی پڕخەی باران، نێو ماشێنەکەی پڕ کردووە. قژەکانی لە ژێر لەچکە ناسکەکەی هاتوونەتە دەرێ. ئەو هیچکات وەک من بیر ناکاتەوە. هەر ئەو ڕۆژە کۆڵێک قسەی ناخۆشی پێکوتم: لەسەر ئەوەی کە پێم کوتبوو لەچکەیەکی گەورەتر لە سەر کات. هەر ئەو ڕۆژە گەڕاوە و پێی کووتم: زەمانی ئەوانە نەماوە. ئەو شتانەی تۆ باسیان لێدەکەی، کڕیاریان نێ. دەست دەبەم لەچکەکەی بۆ بێنمە پێشێ بەڵام... نا... دەستی لێنادەم. هەر لەسەر قسە ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژە دڵم لێی هێشاوە. من بیست ساڵ لە باران گەورەترم بەڵام هەمیشە هەست دەکەم ئەو زۆر دوای من بە دنیا هاتووە، کاتێک ئەو باسی خۆی و ڕەفیقەکانیم بۆ دەکات. دەڵێی ئەوان لە جیهانێکی دیکەدا ژیان دەکەن. من هێشتا بیری ئەو کاتانە دەکەم کە دەگەڵ دایکم قەیسیمان وێشک دەکرد یان هێشتا بیری ئەو کاتانە دەکەم، لە پەنا تانکێڕە نەوتێکەی بەر دەرگای ماڵەکەمان، چاوەڕێی نامەی باوکی باران دەبووم. باران ئەوانەی پێ شتێکی سەیر نێ. باسی خۆشەویستی خۆم و باوکی بۆ دەگێڕمەوە، کاتێک کە باسی بۆ دەکەم کە هەوەڵین جار چۆن بە دزییەوە نامەکەی بۆ خستمە ژێر تانکێڕی نەوتەکەوە یان من چۆن بە ترسەوە نامەکەییم هەڵدەگرتەوە یان هەر هەوەڵین جار کە ماچێکی لێکردبووم، چەندە هەستم بە گوناحێکی گەورە دەکرد کە تا چەند ڕۆژان تەنیا لە بەر دەرگای خودا دەپارامەوە وەک سەگی بەر دەرگاکەی خۆی، قەبووڵم بکاتەوە. باران پێم پێدەکەنێت. پێم دەڵێت: تۆ چەندە بەدبەخت بوویە. من هەمیشە ڕقم لێی هەڵدەستێ. لە دیوەکەم دەیخەمە دەرێ. گووشیەکەی زەنگ دەخوات. هەستاوە... جواب دەداتەوە. وا قسە دەکات. هیچی لێحاڵی نابم. بە دەنگی بڵێندەوە پێدەکەنێ. تێی دەکووتم. مۆڕەیەکەم لێدەکات. ئەو هەمیشە بە دەنگی بڵێندەوە پێدەکەنێ. هەر لە ماشێنەکەدا لە شەرمان دەبم بە تنۆکێک ئاو و دەچمە حەرزەوە.

ــ دایە هەر نەگەیشتینە سەر قەبری ئەو پیاوچاکە!؟

ــ ڕۆڵە جوان قسە بکە، دەزانی ئەو شەخسە چەندە گەورەیە.

ڕووم کردووەتەوە شووشەی مینی‌بووسەکە.

تەواوی شووشەکەی داگرتووە، بۆن بە مێخەکەکانی ناو باخەڵم دەکەم. تا بۆن بە مێخەکەکانی باخەڵم دەکەم. وەبیر دایکم دەکەومەوە. هەتا سەر یەغدانەکەم دەکەمەوە. بۆنی مێخەکە ویشکەکان تەواوی دیوەکە هەڵدەگرێ بەڵام باران هیچکات بۆن بە مێخەکەکانی دیوەکەی منەوە ناکات. بیری ئەو ڕۆژانە دەکەم کە دەگەڵ دایکم هەناردە وردەکانمان ویشک کردبوو و بە بەنێکەوە هەڵماندواوەسی. هەر ئەو ڕۆژە بە دایکم کوتبوو:

ــ دایە ئەگەر کچم بوو ناوی دەنێم باران.

من هەمیشە پێم خۆشە باران ببارێت و پیاسە بکەم.

ــ دادە گیان گەیشتینە شەخسەکەی. دەبێ تا بەرقەدی کێوەکە بە پێیان بڕۆن.

ــ بەڵێ دەزانم ئەوە هەفدە ساڵە. هەموو ساڵێ جارێک هاتوومەتە سەر ئەو شەخسە.

باران پێش من دابەزیوە. سەری داخستووە و دەڕوات. من هەمیشە دەمهەویست خۆم لە بارانی کچمدا ببینمەوە. دایکم دەیکوت: هەر کات چاو لە تۆ دەکەم، خۆم لە تۆدا دەبینم بەڵام من هیچکات خۆم لە باراندا نابینم. ئەو دەڵێت من دەمهەوێ بۆ خۆم ژیان بکەم نە بۆ تۆ.

باران دەزانی هەفدە ساڵ پێشتر، دایکم، منی هێنا بووە سەر ئەو شەخسە... پێی کوتم : هەر ئاواتێک هەبێ. داوای لێبکەی. بە دڵەوە ناهومێدیت ناکات./ هەر ئاواتێکت هەبێ بە دڵەوە. باران ئاوڕی داوەتەوە. ئەو چەند شەقاوێک پێش من دەڕۆیشت. ئاوڕی داوەتەوە.

ــ دایە... ئەوە تەواوی وێران بووە.

نەمدەزانی چۆن شەقاوەکانم هەڵدێنمەوە.. هەر دوو ئەژنۆم نۆشتاوەتەوە. دروست ئەو کاتەی بە چاوی خۆم دیتوومە کە قەبری ئەو شەخسەی کە هەفدە ساڵ پێش دەگەڵ دایکم ناسیبووم، هەر کات دەهاتم، بۆنی ڕوحیم هەست پێدەکرد. قووەتی پێدەدام.. کێڵەکانیان شکاندبوو. شاڵە سەوزەکانیان لێکردبووە، من هەست دەکەم باوەڕەکانمیان تێک شکاندبوو. وەخۆ هاتوومەتەوە. باران چۆتە پێشێ، چۆکی داداوە، دەستی لەسەر قەبرەکە داناوە. بۆنی ڕوحی هەست پێدەکەم. دروست وەک هەموو ئەو کاتانەی دەهاتم و زیارەتم دەکرد. چوومەتە پێشێ. باران، مێخەکە ویشککراوەکان لەسەر قەبرەکە هەڵدەوەرێنێ. فرمێسک وەک باران بە دەموچاوی دا دەهاتە خوارێ. من بارانی کچم لە باوەش گرتووە، باران پێم دەڵێت:


ــ دایە بۆنی ڕوحێک هەست پێدەکەم. دەڵێی بانگم دەکات ئەو بە دەنگی بڵێندەوە دەگریت. من هەروا لە پەنای ڕاوەستاوم. دەستی تووند دەگووشم .

ــ باران ڕۆڵە بۆ ئاوا دەکەی، دەستم دەیە... دەستی تووند دەگووشم، من بۆنی مێخەکان هەست پێدەکەم.

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئەو شوێنە کەنار دەریایەکی سەر شیت نەبوو

جەلیل ڕەحیمی



لەبەر دەرگایەک وێستام کە تابلۆیەکی لە سەر بوو و چراغانیش کرابوو. گڵۆپەکان هەڵ دەبوون و دەکووژانەوە. شەو بوو یا درەنگانی ئێوارێ. چەند کەسێک لە ناو دەرگاکە هاتنە دەرێ. تاق و لۆقە بە سەر پلیکانەکان‌دا وەسەر دەکەوتن. شوێنەکە ژێرزەمین بوو. کارم بە کەس نەبوو. نەمدەزانی ئەو شوێنە کوێیە و نە ئەو شەقامە کام شەقامە و نە تەنانەت ئەو ولاتە کام ولاتە. دیار بوو پاش پیاسەیەکی زۆر و لە خۆرایی بە ڕێکەوت لەبەر ئەو دەرگایە وێستاوم. هێستا کە بیری لێ دەکەمەوە زۆریش لە خۆڕا نەبوە. ئەوانە زنجیرەیەک ڕێکەوت بوون کە دەبوو ئەمن چووبامە ئەو شوێنە و لە بەر ئەو دەرگایە گیرسابامەوە. هەڵبەت هەروا بە ڕێکەوت چاوم لەو کەسانە دەکرد کە لەو دەرگا بچووکە دەهاتنە دەر. چاوم بە ئیدریس کەوت. سەری زۆر بوو، ڕدێنی تەواو هاتبوو و یەکجار کز ببوو. وەک هەموو کات هۆش لە خۆ بڕاو بوو. نەی‌دیتم. بۆیە لەوە دەچی کە من لە بن دیوارێک لە تاریکی‌دا وێستابم. بەڵام من ئیدریسم دیت و ناسیشمەوە. ئیدریس هات، بەرامبەرم وێستا. دەستی بەرز کردەوە، لەوە دەچوو دەستێکی سەقەت کرابێ. بەڵام گرینگ نەبوو. ئیدریس بەرامبەر بە من چاوی لە چاوم دەکرد و پێدەکەنی. هەستێکی خۆش بوو. پێم وابێ لە دوای ئاخر دیدارمان، ئەرێ، ئەوە هەوەڵ دیدار بوو. لە سەر کوورسیەک هەروا لە شەقام پشت بە دیوار دانیشت. بەرامبەری وێستابووم. ماشێنێک تیژ تێپەر بوو و دەنگی ماتۆرەکەی هەروا دەهات.

- دەی ئێدریس
- دەی

ئاوڕی لەو دەرگایە داوە کە لێی هاتبووە دەر و هەرای ژنێکی کرد. ژنەکە منالێکی بە باوەشەوە بوو و هات لە پەنای ئیدریس دانیشت. دەتگووت پێش‌تر دیتووم. منالەکە خەوت بوو و ژنەکەش پێدەکەنی. ڕیزێک ددانی وردی هەبوو. سپیکەڵە و چاوی بچووک بوون.

- ها ئیدریس
- ها

دەگەڵ ژنەکە چاویان لێک کرد و پێکەنین. دەمەویست لێی بپرسم ئەو ئافرەتە کێیە؟ ژنی هێناوە؟ ئەو منالە هی ئەوانە؟ زۆرم پرسیار پێبوو. پرسیارگەلێک کە دوای سالانێک کەڵەکە دەبن. لە بیرم نایە ئیدریسم لە ئامێز گرت، ماچم کرد، تۆقەمان کرد یا نا؟

** ** ** **

چەند کەسێک بووین لە سەر ڕیزێک پلیکان بەرامبەر بە دەریا دانیشتبووین. دەمەو ئێوارە بوو. بای نەدەهات. بەڵام شەپۆلەکان یاغی ببوون. قەراغ ئاوەکەش بە جارێک کەفوکووڵ بوو. ئیدریس و چەند کەسی تر؛ ئەرێ، ئەو ئافرەتەشی دەگەڵ بوو. منالی بە باوەشەوە نەبوو. ئیدریس سمێڵی دانابوو و زیاتر لە پشیلەکەی بەرنامەی "مالی دایەگەورە" دەچوو، کە سالانێک لەمەوبەر بە منالی چاومان لێدەکرد و پێی شاگەشکە دەبووین. بەتایبەت بە ناوی پشیلەکە کە ناوی "مەخمەڵ" بوو. ئەرێ، ئیدریس زۆر لە "مەخمەڵ" دەچوو. هەرواش خۆشەویست و خوێنشیرین بوو. باسێک لە گۆڕێ دابوو. ئەمن شتم باش لە بیر نامێنێ. باسێکی هوونەر، باسی خوولیایەکانی مرۆڤ، یان لەوانەیە باسی موسیقا و گۆرانیمان کردبێ. ئەو ئافرەتە هەستا سەر پێ. دوو پلیکان لە وانەی تر، لە سەرتر دانیشتبوو. بۆیە

لە هەموویان بەرزتر بوو. دەستی کرد بە گۆرانی و لە پلیکانەکان هاتە خوار، ڕوو بە دەریا. دەریا سەرسام شەپۆلی دەدا. ڕۆی بۆ ناو ئاوەکە. خۆی هاوێشتە سەر باوەشی شەپۆلێک. لەسەر پشت ڕاکشابوو و هەرواش گۆرانی دەگووت. هیچی گۆرانیەکەم لە بیر نیە. بەڵام بە دەنگێکی بەرز دەیچریکاند. هاڵۆز ببوون؛ بەتایبەت ئیدریس. شەپۆلەکان بە جارێک دووریان دەکردەوە و لە پاشان بەتەواوی سوورعەت دەیانگەڕاندەوە. چەند کەسێک لەو بەرتر لە ئاویان دا و هەڵاتن بۆ ڕزگارکردنی. قووم بوو. ئەوانیش حەولیان دەدا. لە ئاو نەدەستێندراوە. قووم دەبوو، وەسەر ئاو دەکەوتەوە. هەر جارە و لە شوێنێک. گووتم: ئەڕێ ئیدریس لیباسەکەی بەری شین نەبوو؟ هێستا تەواو کەسک بووە. دەستی ڕاوەشاند. چەندین کەس کەوتبوونە گەمارۆی شەپۆلەکان. ئاوەکە دەگەیشتە سەر بەلەک و چۆکم. کەسێکیان لە ئاوەکە ڕزگار کرد. لە سەر دەستیان دانابوو و ئەمنیش ڕاست چووەمە سەری. ئیدریس بوو. خێرا دەستم لە سەر دڵی دانا. زگ و سینگیم فشار دا. وەک ئەو کەسانەی دەیانهەوێ کەسێکی تر لە مەرگ ڕزگار کەن. ئەوانەی دڵیان دەوێستێ. ئەوانەی کە نەماون و خڵاس دەبن. دایکم لە پشت سەرم گووتی: دەی ڕۆڵە خێرا کە. بەتەواوی هێز سینگیم فشار دەدا و هەموو جار قڵپێک ئاو لە گەرووی دەهاتە دەر. هیلاک بووم. هەموو جار فشارم بۆ دێنا و هەر جارەش قڵپێک ئاو لە گەرووی دەهاتە دەر. گوێم بە سینگیەوە نا. دڵی دەتگووت لێدەدا. گووتم: دایە زیندوو بۆوە.

گووتی: دەی ڕۆڵە خێرا کە.

هێنامە سەر تەنیشت تا ئاوی ناو زگی تەواو بەتاڵ بێت. ئیدریس ببوو بووتڵێکی ئاوێ کە تەواو قووپا بووە، هێستاش ئەستووراییەکەی تەنانەت چەند سانت بوو. ئەڕێ، زیاتر لە بووتڵێکی پلاستیکی دەچوو کە ڕەسمی ئیدریسیان لەسەر کێشابۆوە. ئەو سینگی نەمابوو و بۆ هەر جارێک کە فشارم خستبوو سەر سینگی زیاتر پووچابووە. هەستام هەڵمگرت. ئیدریسم بە سەر دەستدا مابوو و ببوو بە وەرەقێکی پلاستیکی قووپاوە. ئیدریس پێنەدەکەنی. کەسم بە دەورەوە نەبوو. سەرسام و گێژ و حۆڵ لە وڵاتم دەڕوانی. خیز و بەردەکانی دەوروبەرم هیچ لە کەناری دەریایەکی سەر شێت نەدەچوو. هەر چەند ئەوەندەی ئاو هەر لێبوون کە ئیدریسی باوێمە سەر باوەشی شەپۆلەکانی و هەر وام کرد. ئەو وەرەقە پلاستیکیەم هاویشت و دڵنیا بووم ئیتر قووم نابێ و دەڕوات. ئەوە پاش ئاخر دیدارمان هەوڵ دیدار بوو.

*** ** ** **

بەیانی زوو خاولێکەم بە دەستەوە گرت و لە سەر تەختی سێبەڕا خۆم شۆڕ کردەوە خوار. لە ناو زەنا زەنا و ئاپۆرەی کاڵیدۆری زیندان سەرپایەکانم بە دوای خۆمدا دەخشکاند. دەستێکم قالبێک سابوون بوو و دەستێکم خاولێکی خاو و چڵکن. دەچووم بۆ ئاودەست و دەست و چاو شووشتن. سەفی مستەڕاح زۆر بوو. وێستام. خەواڵوو بووم. سەرم دێشا و هەواش تەزوویەکی ساردی بوو. لە ناو ئاودەستەکە ڕاوەستام. پیستر لەوەی بوو کە هەڵتروشکێی و کاتی تێدا ڕابوێری. هەروا بە پێوە میزم کرد. پیستر لەوەش بوو کە ئاوی پێدا بکەی. هاتمە دەڕێ. شێرەی ئاوەکەم کردەوە و دەستم بە سابوون شووشت و دوو شڵپم بە دموچاومدا کرد. هەستێکی خۆش بوو. چاوم هەوایەکی هاتەوە بەر، ئەو جار هەڵدەهات. ڕاست بوومەوە و بەرامبەر بە ئاوێنە چڵکن و پەڵە پەڵاوێکەی ڕووبەڕووم کە تەسویرێکی مەحو و ونی خۆمی تێدا بوو. لە خۆم ڕامام. ڕدێنم زۆر بوو. سەرم زۆر هاتبوو. تەواو کز ببووم. چاوم لە ددانەکانم کرد کە زەرد و ڕەش داگیرابوون. دیتم کەسێک لە پەنام وێستاوە. هەر لە هەوەڵەوە گرانایی نیگای کەسێکم لە سەر خۆ هەست پێدەکرد. بەڵام حاڵی ئاوڕدانەوە نەبوو و لەو شوێنە هەموو شت چەند پاتە و هەزار پاتە بوو. ئای ئیدریس ئەوە لێرە چی دەکەی؟ پێکەنی. دەی ڕۆڵە. لە ئامێزم گرت. بۆ لێرەی؟ پێکەنی و دوایە گووتی: گرتیانین. لە سەرڕاوە پێکەنی. لە ئامێزم دابوو. بۆنی دەڕێی لێدەهات. ئیدریس نەدەبوو هێشتبات بتگرن. دە باوەشمدا دەلەرزییەوە. دەمزانی پێدەکەنێ. ئیدریس دەنگی گریانی لێنەدەهات. ئیدریس ئەوە ئاخر دیدار بوو لە ناو دوونیای واقیعدا، تا پێش دەرگای ئەو شوێنە کە لێی هاتیە دەر و پشت بە دیوار دانیشتی و لە پاشان بووی بە بووتڵێکی پووچاوە و ئەمن بە دەم شەپۆلەکانی دەریام دادای.

ئەو ڕۆژە کە بۆنی ژنم لێهات!

مریەم قازی



ئەو نوسراوەیە پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی کە توانییان بەرگی هەزاران ساڵە لەخۆیان دادڕن و تاریفێکی شیاوی مرۆڤیکی ڕاستەقینە بۆ خۆیان داڕێژنەوە. بەتایبەت بۆ سوغرای خۆشەویستم.

ئەو ڕۆژە بۆنێکی سەیر و خۆشم لێدەهات، تازە بوو ! بۆنێکی تەڕ و دەست لێنەدراو و نەناسیاو. تەنانەت بۆ خۆیشم پێم سەیر بوو! دەگەڵ ئەوەی کە بەتایبەت ژنەکان بەدڕدۆنگی چاویان لێدەکردم و لەوانەشە بڵێم بڕێکیشم لێدەترسان، چونکە بۆنێکی هەزاران ساڵەم لێنەدەهات، بۆنێکی تازە و ئەزموون نەکراو بوو. بۆنی ملدان و دڵتەنگی نەبوو! بۆنی جەرگێک نەبوو کە ددانی بە سەر داگیرابێ! بۆنی دڵێک بوو کە تازە لە سینگێک هاتبێتە دەر و لە سەر دەستم هەروا ترپەی دەهات و پەڕی هەڵداویشت. دەگەڵ ئەوەی کە چەند پارچە کرابوو لە هەموو کاتێک زیندووتر بوو! بۆ خۆم ئەرخەیان بووم، پێش‌تر شەوانە دەترسام، دەبوو دەگەڵ کەسێک نووستبام. دەبوو کەسێکم لە پەنا با، بە ڕۆژ دەبوو بەزانیبا کێ، چۆنم چاو لێدەکا؟ دەبوو ئەرخەیان بووبام لە ڕەزامەندی هەموو لایەک !! بەڵام ئێستا چ فرینێک بوو کە هیچ کام لەوانەم بەلاوە گرینگ نەبوو! ئەم بۆنە خۆشەم، بۆنی فرینی لێدەهات. بۆنی ئەو شوێنانە لە ئاسمان کە کەم کەس دەستی پێڕادەگەیشت ! نەختێکیش دەترسام لە زەوی دوور ببوومەوە، بێئەوەی لە فڕۆکەیەک دابم تەنیا دەبوو متمانەم بە باڵەکانی خۆم کردبا بە هانداندەکانی خۆم ، بە بیر و باوەڕەکانی خۆم! هیچ نیگایەک یاریدەی نەدەدام، هیچ دەستێک بۆم ڕانەدەوەشا، هەموو ئامازەیان بە هەڵدێرێک دەکرد کە لە ئاکامی ڕوانینەکانم بوو، تەنانەت ئەوانەی وەک خۆم ژن بوون نەیاندەدیتم بەم ڕواڵەتە تازەوە نەیاندەدیتم! ئا لە وێ بوو وازم لە وانیش هێنا! ئا لە ئەوێش بوو لە تەنووڕەی ڕەزامەندکردنی ئەوانی دی ڕزگاریم هات! ئەوەی ئەوان بە ولاتی ڕەشە بایەکانییان دەزانی بۆ من چڵەپۆپەی هەموو ئارەزووەکانم بوو، ئەم شوێنەی ئەوان بە قوڵترین و دوورترین شوێنی جەحەندەمییان دەزانی، بۆ من بەرزترین سروود و دەست پێڕانەگەیشتووترین سووچی ئاسمان بوو، ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بوو کە بە درۆ نەژیام، بە درۆ بەرەوپیری کەس نەچووم. بە دڵ گریان نەبوو، بە لێو پێکەنین، بە بیر ڕق نەبوو، بە زار خۆش ویستن ! ڕواڵەتی ژنێکی ڕەزامەندم بە خۆمەوە نەگرت! ئەو بەرگە درۆیە کە شەوی بووکێنی دایانە دەستم تا لە دوای پێشکەش‌کردنی کچێنی دەست لێنەدراوم لەبەر خۆمی هەڵکێشم، ڕۆیم دابوو و هاویشتبوومە نێو ئاوری. هەموو ئەو نیگا زەندەقچووانەی تێم ڕامابوون، ئەو پێستە بۆنێکی دەستکردی لێدەهات وەکوو بۆنی بۆقەکەی چیرۆکی کچی پادشا کە جادووگەرێکی فێڵباز لەبەری هەڵکێشا! ئەو ڕۆژە ڕووت ببوومەوە، هیچ شتێکم نەشاردەوە. ڕێک پڕ بە هەموو نیگاکان دەنگم هەڵبڕی و وتم نا!!!!!!!!!!!!!!!! ئەو ڕۆژە کە بۆ یەکەم جار درۆم نەکرد. ڕۆژێک بوو هەموو پێیان گوتم درۆزن! و لەو ڕۆژەوە پێم خۆشە هەموو پێم بڵێن درۆزن! ئێستا لەو ڕۆژەدا دەڕیم کە بۆنێ شلکە نەمامێکی تەڕ و بڕ، بۆنی مرۆڤێکی ڕووت، بۆنی ژنم لێدێ.

حەوتەمین دەرگا

هێمن سۆهرابی



بااڵتەیەکی درێژ، چاوێکی زیت، قژێکی ئااڵۆز و کۆاڵنێک لە نێو تەمەکەدا وەدەر دەکەوت. دەمەو ئێوارە بوو، پیاوێک بەرواڵەت بە تەمەنتر لە خۆی بەرەو ژوور دەهات، دوو جارێکیش وەک تارماییەک دیبووی، ئەگەر سەگەکەیان نەوەرێ لە وانەیە تا کۆتایی دەگەڵی بڕوا. جاروبار سوورایی‌یەک نەی‌دەهێشت وێنەکان بە جوانی بێنە بەر چاوی، لەبەر خۆیەوە دەیکوت: بڵێی ڕەنگی سوور، ڕەنگی خوێنی نێو چاوم نەبێ؟ نابێ لەبەر چاوم وون بێت، ئاخر سەگەکەمان!... نا، دەبێ تا کۆتایی دەگەڵی بڕۆم. نازانم، دەرگای ژوورەکەم کرابۆوە؟ نازانم، پەنجەرەکان بەسترا بوون، یان...؟ چاوی زۆرتر دەچووقێنێ تا وێنەکان جوانتر ببینێ.

پیاو چوارەمین دەرگای تێپەڕ دەکرد، ئارام و شەکەت، دەست لە گیرفان، خۆی بە دەرگا و دیوارەکان‌دا دەخشاند.

گەرمایەکی لە ژوورەکەی هەست پێ‌دەکرد، دڵەکوتەی زۆرتر ببوو، هەناسەکانی بەرەو قورسی دەچوو، تەم هەموو وڵاتی داگرتبوو.

پیاو بەرەو پێشتر دەڕۆیشت و پێنجەمین دەرگای تێپەڕ کرد.

دەنگی وەڕینی سەگەکەیان ئازاری دەدا بەاڵم وێنەی لەبەر چاو لا نەدەبرد، وەڕینی سەگەکە و هەناسەکانی ئەو و شەقاوەکانی پیاو تووندتر دەبوو.

پیاو لەبەر شەشەمین و ئاخرین دەرگا ڕادەوەستێ.


دەنگی دەرگا و کۆتایی وێنە و وەڕینی سەگ دایدەچڵەکێنن، چاو هەڵدێنێ. نە دەرگا و نە پەنجەرەکان، نە دیواری دەوروبەری و کەلوپەلی ژوورەکەی تەنانەت کورسیەکەی ژێر خۆشی، هیچیانی لێ دیار نەبوو، تەم هەموو ژوورەکەی گرتبوو، جارێکی دیکەش چاوی دەبەستێ و دەیکاتەوە، هەر دوو بەر تەماوێن دەنگی سەگ و دەنگی دەرگا دەست پێ‌دەبێتەوە، بە زەحمەت هەناسەیەکی قوواڵ هەڵکێشا و بەرەو دەرگای ژوورەکەی چوو، لەبەر خۆیەوە دەیکوت: نازانم، دەرگا کرابۆوە...؟ پەنجەرەکان بەسترا بوون...؟ لە ناکاو ناوچاوانی لە شتێک دەدرێ یان لەوانەیە شتێک لە ناوچاوانی درابێ. وەخۆ دەکەوێتەوە و بەرەو حەسار دەچێ، هەستی بە سوورایی‌یەک لە بەر چاوی دەکرد، لە بەر خۆیەوە دەیکوت بڵێی ڕەنگی سوور، ڕەنگی خوێنی نێو چاوم نەبێ، تەم بەرەو کۆتایی دەچوو، نزیک دەرگای حەسار سەگەکەیان پێی دەوەڕی. بە ئەسپایی دەرگای کردەوە، بااڵتەیەکی درێژ، چاوێکی زیت و قژێکی ئااڵۆز. پیاو دەستێکی بە دەرگاکەوە گرتبوو. لەوی دەڕوانی.

دەزانێ کە ناتوانێ بڵێ فەرموو، بۆ چەند خولەکێک بێهیچ قسەیەک چاو لە چاوی یەک دەبڕن، لە ناکاو پیاو کۆتەکەی دادەکەنێ و بە سەر دەستی‌دا دەدا و دەڕوا، سەگەکەش بەرەو کۆاڵن ڕێ دەکەوێ، تەم بەتەواوی کۆتایی دێ.

**

دەستی بە دەرگاوە ویشک هەاڵتبوو، ئەم دەرگایە ئەوەندەی کە هەموو کات ئاوااڵ بوو، دەتکوت بۆ ئەو داخراوە، لە بیرەوەری ئەودا دەنگی وەڕینی گەاڵی دارگوێزە بە تەمەنەکە و دەنگی جەڵغەبەستنی ئاوەڕۆی ساڵیانێک بەفر و بارانی حەسارێکی پڕ لە باغچە بە هێزتر بوو لە دەنگی قیژەی خەڵک و گرمەی بوردوومانی گەرەکی ئەوان و... لە بەر خۆیەوە دەیکوت: بڵێی دەرگاکە کرابێتەوە؟ بڵێی پەنجەرەکان بەسترا بێتن؟ هێزی وەژوورکەوتنی نەبوو، بۆچرووکی وەبیر دەهاتەوە و ئەو سەگەی وەک بوردوومانەکە لە مێشکی‌دا دەوەڕی، ڕۆژ بەرەو تەواوبوون دەچوو. هەستی دەکرد خەریکە لە نێو و باڵتە درێژەکەی‌دا نووقم دەبێ بە پەلە دایدەکەنێ و بە سەر دەستی‌دا دەدا و دەڕوا. لە دوای ئەو ڕۆژەی باوکی لە ژوورەکەی‌دا بۆ ماوەی حەوتوویەک دەرگای لە سەر داخستبوو و تەنیا پەنجەرەکانی بۆ کردبووە، قەت وەک ئەمڕۆ لە ڕێشتن و لە پیاسە وەڕەز نەبوو، تەنانەت ئەو کاتانەی تەماشای هاتوچۆیی مێلوورەکانی دەکرد لە کەلێنوقوژبنی ژوورەکەی. چوار پەنجەرەی بێشووشە و بێ پەردەکەی بژمارداید، بە کۆتایی کۆاڵن دەگەیشت. ئاگای لە هەنگاوەکانی بوو نەکا پێی لە سەر شوێنی ئەو تەرمانەدا بنێ کە ڕۆژگارێک هێزی ئەوەشی نەبوو کە تەنانەت بیریشیان لێ بکاتەوە بەاڵم بۆ ئەوەی بگاتە ژۆرەکەی، دەبوو بە سەر سێ چوار گاڵکۆدا باز بدایە، وردە وردە شەو دادەهات. چاوە زیتەکانی لە شەودا زۆرتر خۆیان نیشان دەدا. چاوێکی لە دەوروبەری کرد و لە دەرگای هەمیشە ئاوااڵی ژوورەکەی تێپەڕی، لە قوژبنێک خۆی قوشمە کرد، هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و چاوی بەست. لە بەر خۆیەوە دەیکوت: نازانم.. نازانم.. ، دەرگاکە کرابووە؟ پەنجەرەکان بەسترا بوون؟ چاوی زۆرتر دەچووقێنێ، وردە وردە وێنەکان دێنە بەر چاوی....

ئومید بەرین



ـ تەق تەق تەق

ـ کێیە؟

ـ تەق تەق تەق تەق تەق

ـ دەرکەی مەشکێنە، ئەوە هاتم

ـ تەق تەق تەق تەق تەق

ـ فەرموو

شەش کەس، بێئەوەی هیچ بڵێن، خۆیان دە ماڵەکە ڕاکرد!

لە ژوورەکە دەنگی زیڕە و گریان دەهات. دوای چەند خولەک، حەوت کەس لە ماڵەکە هاتنە دەرێ. بێجگە لە دەنگی گریانی منداڵێک و ژنێک ئیتر هیچ نەدەبیسترا.

درەنگ دەبێ

زێنەب بابایی



دەمهەوێ خۆم هەڵگرم و بیبەمە باخێکی دوور لە ئاسمان و ئازادی بکەم هەتا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشێت..... . کاتێک هەستی بە بێدەنگی کرد،..... . بە ئەرخەیانی میوەی یاساخ لێوە بکات و بە نەوسنی و چاوچنۆکییەوە قەپاڵتی لێداگرێ.....!

پیاوێک لە مانیتۆرەکەدا دێ

جەلال پوور حەسەن



چاوت لە مانیتۆرەکە بڕیوە، کەسێک لە دوورەوە لە مانیتۆرەکەدا دێ، نزیک دەبێتەوە، شتێکی لە سەر هەر دوو دەستی داناوە، شەکەتی بە لەشیەوە دیارە، ورد لێی خورد دەبیبەوە، حەولت دابوو نەتتوانیبوو هەنگاوەکانی بژمێری، سرنج دەدەیە ئەو شتەی لە نێو هەر دوو دەستی دایە. سەرقاڵی ئەوە بووی، بزانی چییە. تەواو نزیک دەبێتەوە، ترسێکت ڕێ دەنیشێ نا ترس نەبوو جۆرێک دڵەڕاوکێ ، لەو دیو مانیتۆرەکە بۆنی عارەقە و ئۆدکلۆنەکەی هەست پێدەکەی، ئەویش دڵەکووتەت هەست پێدەکا. لە میزی کامپیوتێرەکە دوور دەکەوی. لە مانیتۆرەکە دێتە دەرێ و لە بەرامبەرت ڕادەوەستێ ، قورسی ئەو شتەی لە نێو دەستی دایە، هەست پێدەکەی، تۆزێک چەماوەتەوە، بۆنی عارەقە و ئۆدکلۆنەکەی دیوەکە پڕ دەکا. دەیناسیەوە. گووتبووی: مەودا ناتوانێ پێشی ئەو خۆشەویستییە بگرێ . لێت نزیک دەبێتەوە . چەند هەنگاو دەکشێیەوە. نزیکتر دەبێتەوە، ڕادەچەنی . نووسراوەکانی نێو مانیتۆرەکە لە پێش چاوت پاک دەبنەوە. سەرت دادەخەی، بیری لێدەکەیەوە، ڕاستی دەکرد، دەیگووت: خۆشەویستی هەموو مەودایەک دەبڕێ، ڕاست بۆ خۆی بوو، سەرت هەڵدێنی، هەر دوو چاوت دەگووشی. چاو لە مانیتۆرەکە دەکەیەوە، هەناسەیەک هەڵدەکێشی و دەیخوێنییەوە :

پەیامێک لە کوڕێکی مکریانی بۆ کچێکی کامیارانی، ئاخر من چیم هەیە بیدەم بە تۆ لە باوەشێک خۆشەویستی زیاتر؟

بەنەفشە چۆگانی

ئەگەر لە حاڵی خوێندنەوەی دەردەدڵیەکانی منن ئەوە ئەو نووسراوانە لە هیچەوە سەرچاوەیان گرتووە و هاتوونەتە دی. ئەگەر خوویایی و چڵەکینەوەی ڕوحی من لە ناخی نووسراوەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، سەیروسەمەرەیە.

من هێشتاش کە هێشتایە، دەربەدەرێکی بێهەموو شت و لە هەموو شت دابڕاو، ئەو کەسەی کە لە پاڵەپەستۆی دیوێکی تاکەکەسیدا خۆی لێ وون بووە.

لە هەمووی ئەوانەی کە لە دیوەکەمدا دەست دەکەوێ، مشتێک خۆڵە و بەس. تەنانەت لەتە بەڕێکی کۆنی دایەگەورەشم لا نەماوەتەوە، حەرزی دیوەکەم داپۆشێ. تەنانەت ئەو دڵۆپەبارانەی کە میچی دیوەکەمیان بە ڕەنگی گڵەپاییزی ڕەنگاندووە و ئێتر ڕەنگێکی لە ڕابردوو نەهێشتۆتەوە.

وێنەی قابی وێنەی دایک و بابم لەسەر لێوارێ پەنجەرەی کاگڵی دیوەکەم نەماوەتەوە و دەنگی جیرەجیڕی لاولاوەی دەرگاش ئێتر نەوای فەقیری ناهێنێتەوە گوێ و موسیقا ناژەنێتەوە.

بەکورتی بڵێم: دیوەکەم زۆر چکۆلە و شێدارە، گوڵێک لە میچیەوە شۆڕە بە سەر دیوەکەمدا، ڕیشەی ئەو گوڵەی کە کچۆڵەیەکی گوڵفرۆش ڕۆژێ لە ڕۆژان لەسەر گڵکۆی من شینی کردەوە و من هیشتاش کە هێشتایە ڕوحێکی سەرلێشێواوم.

هەواڵنامەی کتێب

وتووێژی لوورا میلێر لەگەڵ هاروکی موراکامی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: هەرمان وەتمانی



هاروکی موراکامی لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کیۆتۆ یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی ئەمڕۆی ئەدەبیاتی ژاپۆن و جیهان بە ئەژمار دێ. ئەو سەبارەت بە خۆی دەڵێ:"ساڵی ١٩٧٤ ڕۆژێک لە سەر چیمەن ڕاکشابووم و سەرقاڵی تماشای کێبەرکێی بەیسباڵ بووم کە لەناکاو بڕیارم دا، دەست بە نووسین بکەم. نووسینی ڕۆمانم لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا دەستپێکرد. تا بەر لەوە بەرهەمی نووسەرانی ژاپۆنیم بە گیان و دڵ نەخوێندبووە. هەر بۆیە دەستم کرد بە نووسینی شێوازی خۆم. هەر لە سەرەتاوە شێوازی من شێوازی خۆم بوو نە هی کەسێکی تر." موراکامی سەبارەت بە پێوەندی خۆی دەگەڵ ئەدەبیاتی ژاپۆن ئاوا دەدوێ:"لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا کە تازەلاو بووم حەزم لە ڕۆمانە ژاپۆنییەکان نەبوو. هەر بۆیە بڕیارم دا، نەیانخوێنمەوە. من بە ئەنقەست دەمهەویست خۆم لە ئەدەبیاتی ژاپۆنی دوور بخەمەوە."

یەکەمین ڕۆمانی موراکامی ناوی "ئاوازی با ببیسە" بوو کە خەڵاتێکی بەنرخی هێناوە. دوای بڵاوبوونەوەی چوارەمین و گرینگترین ڕۆمانی "داری نۆرویجی" "Norwegian Wood" بوو کە بە فرۆشی سەرسوڕهێنەری پتر لە چوار میلیۆن نوسخە گەیشتە لوتکەی خۆشەویستی. بەهۆی پێشوازی بێسنووری خوێنەرانی ژاپۆنی لەم ڕۆمانە موراکامی ژاپۆنی بەجێهێشت و چوو بۆ یونان. ئەو هاوڕێی خێزانی چەند ساڵ لە یونان مایەوە و لەوێندەرێ ڕۆمانی "Sweetheart Sputnik"ی نووسی.

ئەو بەپێچەوانەی زۆربەی نووسەران کە بە جموجۆڵ نین و تەنانەت گوێ نادەنە تەندروستی خۆیان، وەرزشی زۆر بۆ گرینگە. هەموو ڕۆژێ هەڵدێ، مەلە دەکا و تەنانەت لە کێبەرکێی ماراتۆندا بەشداری دەکا.

موراکامی وەرگێڕیشە. ئەو زیاتر لە سی بەرهەمی ئەدەبی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ژاپۆنی. بەرهەمەکانی موراکامی (کە زیاتر لە سی بەرهەمی داستانی و هتد لەخۆ دەگرێ) بە ١٦ زمانی زیندووی دنیایان وەرگێڕاونەوە. لایەنگرانی موراکامی لە سەر ئەو بڕوایەن ڕۆژێک ئەو خەڵاتی نوبل وەردەگرێ.

پێشەکی وتووێژ:

قارەمانی ڕۆمانە سەرسوڕهێنەر و تا ڕادەیەک سەیری هاروکی موراکامی بە هیچ جۆرێک دەگەڵ کەسایەتی پارێزکار و کوشتەی ئیشوکاری ژاپۆنی یەک ناگرنەوە. قارەمانەکانی ئەو مرۆڤگەلێکی دەروونخواز، خەیاڵاوی و وریان و ئەویندارن فەرهەنگن و حەزیان لەوەیە پێوەندییان دەگەڵ ژنانی گوماناوی و پیلانی سەیر و سەمەرە هەبێ. "تۆرۆ ئۆکادا" بگێڕەوەی ڕۆمانی "دەمژمێری باڵندەی قورمیشی"، بەشی هەرە گەورەی ڕۆمان لە جۆرێک بێکارییەکی ئاوێتەی کۆک و پڕشتەیی تێپەڕ دەکا، ئاشپەزی دەکا، موتاڵا دەکا، مەلە دەکا و چاوەڕوانی ئەوە دەبێ کۆمەڵێک کەسایەتی سەیر و سەمەرە لەناکاو پەیدا بن و داستانە خەمبارەکانی خۆی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. خاڵی بەرچاو ئەوەیە کە ئەو تازە دەگەڵ ژاپۆن و هاوواڵاتیانی خۆی ئاشت بۆتەوە و ئەوە بوو بە هۆی وتووێژی ئەو دەگەڵ قوربانیانی پەلاماردانی گازی سەممی گرووپی "ئائوم" بۆ میترۆیەکی تۆکیۆ لە مارسی ١٩٩٥دا.

موراکامی دەڵێ ئەو پێداچوونەوەیە لە ماوەی چوار ساڵ نیشتەجێبوونی لە پرێنستین و کاتی نووسینی ڕۆمانی "دەمژمێری باڵندەی قورمیشی" دەستی پێکرد. نیشتەجێبوونی موراکامی لە ئەمریکا سەرەڕای ئەوە کە بوو بە هۆکاری زاڵبوون بە سەر زمانی ئینگلیزیدا، شوێنی سۆزدارانەشی بە سەر ئەودا هەبوو کە تا ئەمڕۆ تەنانەت پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵ لە گەڕانەوەی بۆ ژاپۆن

گێڕانەوەی دژوارە. من هاوڕێی "دان جۆرج" سەرنووسەری گۆڤاری "واندێرلاست" کە لە کاتێکی هەستیاردا هەنگاوی نا و ڕۆڵی وەرگێڕی گێڕا، موراکامیم کاتی گەشتێکی کورت بۆ ڕێکلامی کتێبەکەی "دەمژمێری باڵندەی قورمیشی" لە "وێست کاست" چاو پێکەوت. وڵامی هێور و بە سرنجی موراکامی بە پرسیارەکانی ئێمە زیاتر نیشانەی ڕاستگۆییەکی تەواو ناوشیارانە بوو ــ ئەو زۆر کەم وتووێژ دەکا ــ هەتا هەر جۆرە بێدەسەڵاتێکی زمانی.

پ: بیرۆکەی نووسینی ڕۆمانی "دەمژمێری باڵندەی قورمیشی" چۆن ختۆکەی کردە مێشکتان؟

و: کاتێک کە دەستم بە نووسین کرد بیرۆکەیەکی بچووک لە مێشکمدا بوو؛ تەنیا وێنەیەک بوو و لە ڕاستیدا بیرۆکە نەبوو. پیاوێکی تەمەن ۳۰ ساڵە لە ئاشپەزخانەدا خەریکە ماکارۆنی لێدەنێ و تەلەفوون زەنگ لێدەدا. هەروا سووک و ئاسان. بەڵام هەستێک بە منی دەگووت کە لەوێ خەریکە شتێک ڕووی دەدا.

پ: ئاخۆ ئێوەش لە ڕووداوەکانی داستان سەرتان سووڕ دەمێنێ، بە جۆرێک کە دەڵێی داستانی کەسێکی تر دەخوێنێنەوە یان نا، بۆخۆتان دەزانن داستان پاش قۆناغێکی دیاریکراو چلۆن درێژە پەیدا دەکا؟

و: نا، بە هیچ جۆرێک وا نییە. من چێژ لە نووسین دەبەم. کاتێک کە دەگەمە بەشێکی تایبەت لە داستان، نازانم خەریکە چ ڕووی بدا. ئەوە بۆ من وەکوو حاڵەتی مندااڵێکە کە لە حاڵی خوێندنەوەی داستانە دایە. زۆر هەستبزوێنە کە نەزانی ڕووداوی دیکە لە داستانەکەدا چ دەبێ. من کاتێک کە خەریکی داستان نووسینم ئەو حاڵەتەم هەیە. سرنجڕاکێشە.

پ: ئێوە لەم کتێبەدا باس لە هێندێک بابەت دەکەن کە بۆتان تازەیە. کەسایەتییەک لە داستانەکەدا هەیە کە ئەزموونی ترسناک و ڕاستەقینە لە شەڕی دووەمی جیهانی دەگێڕێتەوە. بۆچی بڕیارتان دا لەم بابەتە بکۆڵنەوە؟

و: هەوڵم دەدا سەبارەت بە شەڕ بنووسم بەڵام بۆم ساکار نەبوو. هەر نووسەرێک بۆخۆی تەکنیکێکی هەیە؛ یانی توانین و نەتوانینی ئەو لە وەسفی شتێک وەک شەڕ یان مێژوو. من سەبارەت بەم شتانە ناتوانم باش بنووسم بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم چوون هەست دەکەم نووسین سەبارەت بەم شتانە پێویستە. من کۆمەڵێک فایلم لە مێشکدا، دنیایەک فایل. لەم فایلانەدا سەدان ماددەی خاوم هەیە. بیرەوەری و وێنەکانی پێوست لەم فایلانە دەردێنم. شەڕ بۆ من فایلێکی گەورەیە، فایلێکی زۆر گەورە. بەردەوام ئەو هەستەم هەبووە کە ڕۆژێک دێ ئەم فایلە بکەمەوە، شتێکی لێ دەردێنم و سەبارەت بەمە دەنووسم. باوکم پێوەندی بە بەرەیەکەوە هەیە کە لە شەڕی ساڵەکانی ۱۹۴۰دا بەشدار بوو. کە مندااڵ بووم باوکم هێندێک داستانی بۆ دەگێڕامەوە؛ هەڵبەت ئەم داستانانە زۆر نەبوون بەڵام بۆ من پڕ بوون لە مانا. دەمهەویست بزانم پاشان چیان لێ بەسەر هات، مەبەستم بەرەی باوکمە. وەکوو جۆرێک میراتە، ئەو بیرەوەرییە دەڵێم. ئەو شتانەی لەم داستانەدا نووسیومە، سازکراوی خەیاڵی خۆمە؛ لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی خەیاڵاتە.


پ: ئەدی بۆ نووسینی ئەو کتێبە زۆرتان لێکۆڵینەوە هەبوو؟

و: بێگومان لێکۆڵینەوەم هەبوو، بەڵام هێندە زۆر نا. کاتی نووسینی ئەو کتێبە من لە پرێنستێن بووم؛ لەوێ کتێبخانەیەکی گەورەی لێیە. ئەم ڕۆژانە بۆ هەر کارێک بە ئەندازەی پێویست کاتم هەبوو. هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ دەچوومە کتێبخانە و هێندێک کتێبم دەخوێندەوە زیاتریش کتێبی مێژوویی. لەو کتێبخانەیەدا کۆمەڵێک کتێبی باش سەبارەت بە ڕووداوەکانی سنووری مەغولستان و مەنچۆری هەیە. زۆربەی ئەو زانیارییانەی لەوێ وەدەستم هێنان، بۆم تازە بوون. من لە خوێندنەوەی ئەو هەموو نەفامی و بێڕەحمی و خوێنڕشتنە سەرسووڕماو بووم. دوای تەواوکردنی کتێبەکەم چوومە مەغۆلستان کە دیارە ئەوەش کارێکی سەیرە، چوون زۆربەی نووسەرەکان بەر لە نووسینی کتێب بۆ لێکۆڵینەوە دەچنە شوێنێک بەڵام من بەپێچەوانە جوولامەوە. خەیاڵ گرینگترین دارایی منە، هەر بۆیە بەر لە نووسینی کتێب نەچوومە وێ تا خەیاڵم نەفەوتێ.

پ: ئەم کتێبە لە بەراورد دەگەڵ کتێبەکانی پێشترتان "ژاپۆنی‌تر" خۆ دەنوێنێ. لە ڕوانگەی خوێنەرانی ڕۆژئاوا کەسایەتییەکانی هێندێک لە کتێبەکانی دیکەی ئێوە وا وێدەچێ ڕۆژئاوایی بن.

و: هەر بە ڕاست؟

پ: بەڵێ. لەوانەیە بە هۆی ئەوە کە کەسایەتییەکانی داستانی ئێوە زۆر هۆگری فەرهەنگی ڕۆژئاوان. خوێنەر بە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئێوە وا هەست ناکا کە ئەم ڕووداوانە لە ژاپۆن دێنە دی، بەڵام دیارە ئەوە هەستی خوێنەری ڕۆژئاواییە. ئەو کتێبە بێشک جەختی لەسەر ژاپۆنە. چۆن بوو ئەم بڕیارەتان دا؟



و: ئەوە بەم هۆیەیە کە من ئەو کات لە ئەمریکا دەژیام! من لە ساڵی ۱۹۹۱ تا ۱۹۹۵ لە ئەمریکا دەژیام و لەم کاتەدا بوو کە خەریک بووم ئەو کتێبەم دەنووسی. هەر بۆیە نیگایەکی تایبەتم بۆ وڵات و خەڵکی وڵاتەکەم هەبوو. ئەو کات کە لە ژاپۆن کتێبم دەنووسی دەمهەویست هەڵێم. کاتێک کە لە وڵاتی خۆم هاتمە دەر، لە خۆم پرسی: شوناسی من چییە؟ من وەکوو نووسەرێک چ شوناسێکم هەیە؟ من بە زمانی ژاپۆنی کتێب دەنووسم و ئەوە بەو مانایەیە کە من نووسەرێکی ژاپۆنیم، بەڵام شوناسی من چییە؟ کاتێک کە لە ئەمریکا بووم بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە.

بە بڕوای من ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان بوو کە من کتێبێک سەبارەت بە "شەڕ" بنووسم، ئێمەی ژاپۆنی بە جۆرێک خۆمان ون کردبوو. ئێمە دوای شەڕ زۆرمان ئیش کرد. خەریک بوو دەگەیشتینە دارایی و سامان. گەیشتینە قۆناغێکی تایبەت. بەڵام دوای گەیشتن بەم قۆناغە لە خۆمان پرسی: خەریکە دەچینە کوێ؟ خەریکی چین؟ ئەوە یانی هەست بە خەسارکردن. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە من وەشوێن هۆیەکم بۆ نووسین. باسکردنی ئاسان نییە، زۆر دژوارە.

پ: کاتێک کە لە ژاپۆن دوور بووی، ژاپۆن بۆ تۆ چۆن بوو؟

و: [دوای بێدەنگییەکی زۆر]، وتنی زۆر دژوارە.

پ: دەتهەوێ بە زمانی ژاپۆنی بیڵێی؟

و: [بە زمانی ژاپۆنی] تەنانەت بە زمانی ژاپۆنیش باس لێکردنی زۆر دژوارە.

[دان جۆرج، سەرنووسەری گۆڤاری واندێرلاست، بە زمانی ژاپۆنی:] ئاخۆ دەتانهەوێ بڵێن کە کاتێک لە دوورەوە و لە وڵاتێکی تر دەڕواننە وڵاتی خۆتان، مانای ژاپۆنیبوون و ئەوەی کە ژاپۆنیبوون یانی چی، بۆتان بەبایختر دەبێ و زیاتر بیری لێدەکەنەوە؛ کاتێک لە ژاپۆن بن و لەوێ بژین بیر لەو شتانە ناکەنەوە بەڵام کاتێک کە لەناکاو خۆتان لە وڵاتێکی بیانی دەبینەوە، ژاپۆنیبوون واتا پەیدا دەکا؟

و: بەڵێ، ئەوە بەشێک لە باسەکەیە، بەڵام... شتەکە هێندە گەورەیە کە باس لێکردنی بۆ من زۆر دژوارە. دەکرێ بچینە سەر باسی شتێکی دیکە؟

پ: بە دڵنیاییەوە. قارەمانی چیرۆکەکانی ئێوە هاوتەریبی ئەو ژاپۆنییانە نین کە زۆر ئیش دەکەن، ئەو تێکۆشەرییە بەپێی وتەی ئێوە لە دوای شەڕ یەکجار زۆر بوو. لە ڕوانگەی ئێوە خاڵی گرینگ سەبارەت بە کەسایەتییەکانی وەک "تۆرۆ" لە ڕۆمانی "دەمژمێری باڵندەی قورمیشی" کە بێکارە و زۆر لە ماڵدا دەمێنێتەوە، چییە؟

و: من لەو کاتەوە کە خوێندنم تەواو کرد لە سەر پێی خۆم ڕاوەستاوم و تەواو سەربەخۆ بووم. پێوەندیم بە هیچ کۆمپانیا و ڕێکخراوەیەک نەبووە. ژیانی ئەمجۆرە لە ژاپۆن ئاسانە. لێرە بەپێی ئەوە کە پێوەندیت بە چ کۆمپانیا و ڕێکخراوەیەک هەیە، داوەریت لە سەر دەکەن. ئەوە بۆ ژاپۆنییەکان زۆر بەبایخە. من وا هەست دەکەم تەواوی ئەو ماوەیە بێگانە و نامۆیەک بووم. تا ڕادەیەک دژوار بوو بەڵام من ئەو شێوازە ژیانم پێخۆشە. ئەم ڕۆژانە لاوەکان وەدووی ژیانێکی وەها دەکەون. ئەوان متمانەیان بە هیچ کۆمپانیایەک نییە. دە ساڵ لەوە پێش "میتسۆبیشی" یان کۆمپانیایەکانی دیکە زۆر بە بڕشت و خۆڕاگر بوو بەڵام ئێستا وا نییە. بەتایبەت ئێستا. لاوەکان ئەم ڕۆژانە متمانەیان بە هیچ شتێک نییە. دەیانهەوێ ئازاد بن؛ ئەوان کۆمەڵگای ئێستا و دەسەڵاتدارەکانی پەسند ناکەن. هەر بۆیە ئەگەر ئەم لاوانەش لە خوێندن تەواو بن و بۆ ئیشکردن نەبنە ئەندامی هیچ کۆمپانیایەک ناچارن کەسانێکی بێگانە هەڵبژێرن. ئەم کەسانە ئەم ڕۆژانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا خەریکە دەبنە گرووپێکی گەورە. دەتوانم زۆر باش لە هەست و ئیحساسیان بگەم. ئەوان لە دەیەی بیست یان سی تەمەنیان دان، من مەودایەکی زۆری تەمەنم دەگەڵ ئەوان هەیە بەڵام من ماڵپەڕێکم لە ئینترنێتدا هەیە و نامەی بۆ یەکتر دەنووسین. ئەوان زۆرم ئیمەیل بۆ دەنێرن و تاریفی کتێبەکانم دەکەن. زۆر سەیرە؛ نێوان بەرەی من و بەرەی ئەوان جیاوازییەکی زۆر هەیە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی لە یەک دەگەین. هەر ئەوە کە زۆر ئاسایی دەگەڵ یەکتر پێوەندی دەگرین بۆ من زۆر سرنجڕاکێشە. من واهەست دەکەم کۆمەڵگای ئێمە لە حاڵی گۆڕان دایە. ئێمە خەریکین سەبارەت بە قارەمانی داستانەکانمان قسان دەکەین. لەوانەیە خوێنەرانی من دەگەڵ ئەو قارەمانانە هاودڵی و هاودەردی بکەن. ئەوە بڕوای منە. لەوانەیە داستانەکانی من بۆ خوێنەرەکانم جۆرێک هەست بە سەربەستی و ئازادی ساز بکا.


پ: قارەمانەکانی ئێوە تا ڕادەیەک وەک نووسەرەکان دەژین چوون ئیشێکی سەربەخۆیان هەیە. داخوا نووسەربوون لە ژاپۆن دژوارە؟

و: دژوار نییە. من هەڵکەوتەم. تەنانەت نووسەرەکان لە ژاپۆن بۆخۆیان ناوەندیان وەڕێ خستووە بەڵام من ئەندامی نیم. بەردەوام ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵاتنی من لە ژاپۆن بووە. ئەوە ماڤی منە. من دەتوانم بۆ هەر شوێنێک کە حەزم لێبوو، بچم. لە ژاپۆن نووسەرەکان کۆمەڵگایەکی ئەدەبیان وەڕێ خستووە، زنجیرەیەکی ئەدەبی، ناوەندێک. بە بڕوای من لە سەتا ۹۰ی نووسەرەکانی ژاپۆن لە تۆکیۆ دەژین. دەی، ئاسایی یە کە کۆمەڵگایەک پێک بێنن لە دوای ئەمە هێندێک دابونەریتیش ساز بووە و ئەوە بە لای منەوە گاڵتەیە. مرۆڤی نووسەر، ئازادە هەر کارێک بکا، بۆ هەر شوێنێک بڕوا و ئەوە لە ڕوانگەی منەوە گرینگترین شتە و ئەوەش ئاسایی یە کە زۆربەی ئەوان منیان خۆش ناوێ. من حەزم لە زاناپەروەری یان ئێلیتیزم نییە. کاتێک کە لە ژاپۆنیش دەڕۆم کەس دڵی بۆ من ناگیرێ.

پ: تۆ بڵێی ئەوان دەگەڵ نووسراوەکانتان گرفتیان هەبێ؟

و: من زۆرم حەز لە فەرهەنگی گشتییە. هەر بەم هۆیەش بوو کە وتم حەزم لە ئێلیتیزم نییە. من فیلمی ترسناکم پێخۆشە، ستیوێن کینگ، ڕیموند چێندلێر، داستانە جینایییەکان. هەڵبەت سەبارەت بەم شتانە نانووسم. من لەم قەوارانە کەڵک وەردەگرم نەک ناوەڕۆکیان. پێمخۆشە ناورۆکی دڵخوازی خۆم لەو جۆرە قەوارانە هاوێم. ئەوە شێوازی منە. هەر بۆیە ئەم دوو جۆر نووسەرانە منیان خۆش ناوێ، نووسەرانی داستانە جیددییەکانیش منیان خۆش ناوێ. من بە جۆرێک لەو نێوانەدا هەم و خەریکم کارێکی تازە دەدەمە دەر. بەم هۆیە ناتوانم شوێن و جێگەی خۆم تا ساڵانێک لە ژاپۆن بدۆزمەوە. بەڵام ئێستا هەست دەکەم گۆڕانێکی بەرچاو خەریکە دێتە ئاراوە. چوارچێوەی من خەریکە بەربڵاوتر دەبێ. لەم پازدە ساڵەدا خوێنەرگەلێکی بەئەمەگم هەبووە. ئەوان کتێبی من دەکڕن و لایەنگری منن. نووسەرەکان و ڕەخنەگرەکان لایەنگری من نین.

کاتێک کە چوارچێوەکەم بەربڵاوتر دەبێ وەک نووسەرێکی ژاپۆنی هەستی بەرپرسایەتیشم زیاتر و زیاتر دەبێ. ئەوە شتێکە کە ئێستا خەریکە بۆ من دێتە پێش و هۆیەکەشی ئەوەیە کە دوو ساڵ لەوە پێش، گەڕامەوە ژاپۆن. ساڵی ڕابردوو کتێبێکم نووسی



سەبارەت بە پەلاماردان بە گازی سارین بۆ مێترۆی تۆکیۆ لە مانگی مارسی ۱۹۹۵دا. من دەکەڵ ٦٣ کەس لە قوربانیانی نەم ڕووداوە کە ئەو ڕۆژە لە شەمەندەفەڕدا بوون، وتووێژم کرد. من ئەو کارەم کرد چوون دەمهەویست دەگەڵ خەڵکی ئاسایی ژاپۆن قسان بکەم. ڕۆژی پشوودان نەبوو، بەیانی دووشەممۆی ڕۆژێک، کاتژمێر ۸:۳۰ یان لەم دەوروبەرە. خەریک بوون وەک ڕۆژان دەچوونە تۆکیۆ. شەمەندەفەڕ لیپاولیپ بوو، ئەو کاتە زۆر قەرەباڵغە و جێی دەرزی هەڵاویشتن نییە. مرۆڤگەلێکی زۆر تێکۆشەرن، ئەو ژاپۆنییە ئاساییانە بێهیچ هۆیەک کەوتنە بەر پەلاماری گازی سەممی. گاڵتە بوو. تەنیا بە دوای ئەمەوە بووم کە بزانم چییان لێ بەسەر هات و ئەو کەسانە کێن. هەر بۆیە یەک یەک وتووێژم دەگەڵ کردن. ساڵێکی خایاند، بەڵام کاتیک کە لە ماوەی وتووێژدا زانیم ئەو کەسانە کێن زۆر پەرۆش بووم. من حەزم لەو مرۆڤانە نەبوو کە دەچوونە کۆمپانیا، لەوانەی مووچەیان وەردەگرت و تاجرەکان. بەڵام پاش ئەو وتووێژە پەرۆشم بوون. بەڕاستی من نازانم بۆچی ئەوان زۆر ئیش دەکەن. هێندێک لە ئەوان کاتژمێر ۵:۳۰ ی بەیانی لە خەو هەڵدەستن تاکوو بچنە ناوەندی تۆکیۆ. بە مێترۆ پتر لە دوو سەعات دەخایەنێ، هەموویان ئاوان لە پاڵ یەک خزاون [خۆی خڕ دەکاتەوە] تەنانەت ناتوانی کتێبیش بخوێنیەوە. بەڵام ۳۰ یان ٤٠ ساڵە ئەو کارەی دەکەن و ئەوە بۆ من جێی سەرسوڕمانە. کاتژمێر ۱۰ی شەو دەچنەوە ماڵ و لەو کاتەدا منداڵەکانیان خەوتوون، ئەوان تەنیا یەکشەممۆیان دەتوانن منداڵەکانیان ببینن. ئەوە جێی مەترسییە بەڵام گلەیی ناکەن. لێم پرسین: بۆچی گلەییتان لەو بارودۆخە نییە؟ وڵامیان داوە بێفایدەیە. ئەوە کارێکە کە خەڵکی هەموو خەریکین، هەربۆیە هۆیەکی نییە بۆ گلەییکردن.

پ: ئاخۆ ئەوان ئێرەیی بەم ژیانەی ئێوە دەبەن؟

و: نا، ئێرەیی نابەن. ئەوان خوویان بەم ژیانە گرتووە. سااڵیانێکە بەم شێوەیە دەژین. ڕێگەیەکی تریان نییە. دیارە لە نێوان ئەو کەسانەی تاقمگەران و ئەوانەی ئاسایین، خاڵێکی هاوبەش هەیە. کاتێک کە وتووێژەکانم تاوتوێ دەکرد... وتنی دژوارە. بە واتەیەکی تر من ئاشقی ئەو خەڵکەم. گوێم دەگرتە داستانی منداڵییان. لێم دەپرسین لە منداڵیدا چ جۆر مرۆڤێک بوون؟ لە دواناوەندیدا چۆن بوون؟ کاتێک کە زەماوەندتان کرد چۆن بوون؟ دەگەڵ چ جۆر کچێک زەماوەندتان کرد؟ ژیانیان پڕاوپڕە لە داستان. هەر کام لەم خەڵکە بۆخۆیان کۆمەڵێک داستانی سرنجڕاکێشیان هەیە و ئەوە منی دەوروژاند. ئێستا کاتێک کە سواری مێترۆ دەبم و ئەو جۆرە مرۆڤانە دەبینم، دیارە نایانناسم بەڵام ئێستاکە دەگەڵیان ڕاحەتترم. دەتوانم تێبگەم کە ئەو کەسانە بۆخۆیان داستانیان هەیە. ئەو وتووێژانە بۆ من بەبایخ بوون. پێم وایە خەریکە دەگۆڕدرێم.

پ: هەڵسوکەوت سەبارەت بەو کتێبە چۆن بوو؟

و: کۆمەڵێکم نامە لە خوێنەران بە دەست گەیشت. زۆری شوێن لە سەر دانابوون. هێندێکیان دڵگەرم بوون. بۆ کتێبێکی جینایی کە داستان نییە هەڵسوکەوتێکی سەیر بوو. خوێنەران وتیان دڵگەرم بوون. خەڵک خەریکی ئیشکردنێکی زۆرن و ئەو کتێبە بۆ ئەوان ڕاچڵەکێنەر بوو. ئەوە لە سەر بنەمای ڕوانگەکانی پێشووی ئێمە نەبوو کە ئیشکردنی زۆر، شتێکی باشە.

پ: دەگەڵ ئەندامانی گرووپی "ئائووم"یش وتووێژتان کرد؟

و: ئێستا خەریکی ئەو کارەم. زۆریان بۆ بەداخم. ئەوان لاون، زۆر جیددی و ئامانجخوازن. سەبارەت بە جیهان و سیستەمی بەهاپێدان زۆر جیددی بیر دەکەنەوە. من ساڵی ۱۹٤۹ لە دایک بووم و لە ساڵی ۱۹٦۰ کە قۆناغی چالاکییەکانی شۆڕش و دژی سوتنەت بوو، خوێندکار بووم. ئێمەش ئامانجخواز بووین، بەرەی خۆمان دەڵێم. بەڵام ئێستا ئاسەواری ئەو ئامانجخوازییە دیار نییە و بڵقێکی ئابووری وەدی هات. ئەو لاوانەش تا ڕادەیەک وەک قۆناغی لاوێتی ئێمەن، ئامانجخوازن و ناتوانن خۆیان وەک بەشێکی سیستەمی بەهاکان چاو لێبکەن. هیچ کەس ئەوانی قەبوڵ نییە و هەر بۆیە وەشوێن گرووپ کەوتن. لە وتووێژەکانیاندا دەیانگوت

که پارە بۆ ئەوان هیچ بایەخێکی نییە و بە دووی شتێکی بەبایەختردا، شتێکی دەروونی. جاخۆ ئەوە شتێکی خراپ نییە، هەڵەش نییە. بەڵام هیچ کەس ناتوانێ شتێکیان پێ پێشنیار بکات بێجگە لە ئەندامانی گرووپی ئائووم. ئەوان سیستەمێکیان بۆ پێداچوونەوە نییە تا بتوانن داوەری بکەن کە چ شتێک دروستە و چ شتێک نادروست. ئێمە ئەو سیستەمە داوەرییەمان نەداوە بەوان. پێم وایە ئێمەی نووسەر لەم بارەوە بەرپرسیارین. ئەگەر من داستانێکی دروستتان بدەمێ ئەو داستانە سیستەمێکی داوەریتان دەداتێ و پێتان دەڵێ کە چ شتێک دروستە و چ شتێک نادروست. بە بڕوای من خوێندنەوەی داستان وەک لەبەرکردنی کەوشی کەسێکی دیکەیە. لە دنیادا ئەو هەمووە کەوشە هەیە و کاتێک مرۆڤ یەکیان لە لاقی دەکا لە ڕوانگەی خەڵکەوە چاو لە دنیا دەکا. مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەی داستانە باش و جیددیەکان هێندێک شت سەبارەت بە جیهان فێر دەبێ. بەڵام هیچ کەس داستانی باشی نەدا بە ئەندامانی ئەو گرووپە. کاتێک کە "ئاساهارا" داستانی خۆی دا بە ئەوان، هێزی داستانی ئەو زۆری شوێن لەسەر دانان. ئاساهارا خاوەن هێزێکە کە بێشک دەرەنجامی شەیتانی لێکەوتەوە، بەڵام باسی گرینگ ئەوەیە کە ئەو داستانی بەهێز و پتەوی دا بە ئەوان و من لەم بارەوە بەداخم. ئەوەی بە لای منەوە گرینگە، ئەوەیە کە دەبوو "ئێمە" داستانی باشمان دابا بە ئەوان.

پ: لە ڕۆمانی " دەمژمێری باڵندەی قورمیشی"دا، "نوبۆرۆ" ژنبرای تۆرۆ کەسایەتییەکی زۆر سرنجڕاکێشی هەیە؛ وەک کارناسێکی ڕاگەیاندنی گشتی کە دەچێتە تەلەڤزیۆن تا سەبارەت بە سیاسەت و ئابوور قسە بکا، بەڵام ئەو بڕوای بە هیچ شتێک نییە؛ تەنیا ئەوەی بە قازانجی بێ، دەیڵێ. سەرچاوەی وەدی هاتنی چ بوو؟

و: تەلەڤزیۆن [پێدەکەنێ]. هەڵبەت بەگشتی من چاو لە تەلەڤزیۆن ناکەم بەڵام ئەگەر تەنیا ڕۆژێک لە بەیانییەوە هەتا شەو تماشای تەلەڤزیۆن بکەی، دەتوانی کەسایەتییەکی وەها ساز بکەی. ئەو دەتوانێ قسان بکا، بەڵام زۆر سووک و سەرسەرییە. هیچی لە دەروون‌دا نییە. لە ژاپۆن، زۆری لەو مرۆڤانە لێیە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەورەتر. زۆربەی نەتەوەپەرستەکان وەک نۆبۆرۆ سەرسەری و بەتاڵن. وا هەست دەکەم بوونی ئەو جۆرە کەسانە تا ڕادەیەک جێی مەترسییە. هەڵبەت دەتوانین پێیان پێبکەنین، بەڵام لە ڕاستی‌دا جێی مەترسین.

پ: نیگەرانی فاشیسم یان شتێکی وەهای؟

و: فاشیسم وشەیەکی شیاو نییە، دەبێ بڵێین نەتەوەپەرستی و گۆڕانکاری لە بنەما سەرەتاییەکانی مەڕامی حیزبی. ئەوان دەڵێن شتێک بە ناوی کۆمەڵکوژی "نان لینگ" و گرفتێک بە ناوی "ژنانی ئاسایش" بوونی نییە [مەبەست لە ژنانی ئاسایش ئەو ژنە کوریا و چینی‌یانەن کە بە زۆرەملی لە لایەن ئەرتەشی ژاپۆن بە کۆیلە گیراون]. ئەوان خەریکە مێژوو سەر لە نوێ ساز دەکەنەوە و ئەوە زۆر مەترسی‌دارە. چەند ساڵ لەوە پێش چوومە مەنچۆری و گوندێکم دیت. خەڵکی ئەو گوندە بە منیان دەگووت سەربازانی ژاپۆنی پەنجا - شەست کەسیان لە خەڵکی ئەو دێیە کوشتووە. گۆڕی بە کۆمەڵیان نیشان دام، ئێستاش هەر ماوە. بەڕاستی ڕاچڵەکێنەرە و هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا بەڵام ئەوە کارێکە کە خەریکە دەیکەن. ئێمە دەتوانین بەرەو پێش بڕۆین بەڵام دەبێ ڕابردوومان لە بیر بێ؛ ئەوە فەرقی هەیە.

پ: ئێوە دەڵێن خەیاڵ لە کارەکانتان‌دا زۆر گرینگە. هێندێک کات ڕۆمانەکانت زۆر ڕێئالیستین و هێندێک کات زۆر میتافیزیکی.

و: من داستانی سەیر و سەمەرە دەنووسم. نازانم بۆچی هێندەم حەز لەوەیە نووسراوەکانم سەیروسەمەرە بن. من خۆم مرۆڤێکی زۆر ڕێئالیستم. بڕوام بە هیچ شتێکی "سەردەمی نوێ" نییە؛ یان زنتۆڵی و خەون و فاڵگری. بە هیچ جۆرێک بڕوام بەم شتانە نییە. کاتژمێر ٦ لە خەو هەڵدەستم و ١٠ی شەو دەخەوم. هەموو ڕۆژێ سووک هەڵدێم و مەلە دەکەم و خواردنی خاوێن دەخۆم. بەڵام کاتێک کە دەنووسم شتی سەیروسەمەرە دەنووسم و ئەوە زۆر سەیرە. هەرچی زیاتر جیددی دەبم سەیروسەمەرەتر دەنووسم. کاتێک کە دەمهەوێ سەبارەت بە ڕاستییەکانی کۆمەڵگا و جیهان بنووسم، نووسراوەکەم سەیروسەمەرە دەردێ. زۆر کەس لێم دەپرسێ بۆچی و من وڵامێکم نییە بیان‌دەمەوە. بەڵام کاتێک کە خەریکی وتوویژ دەگەڵ ئەو ٦٣ کەسە بووم بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەوان زۆر سادە و ساکارن، بەڵام داستانەکانیان زۆر جاران زۆر سەیروسەمەرە بوو و ئەوە بۆ من سرنجڕاکێش بوو.

پ: داخوا بۆخۆت هیچ کات وەک تۆرۆ قارەمانی ڕۆمانەکەت، لە بن چاڵاوێکی وشک دانیشتووی؟

و: نا، بەڵام چاڵاو هەمیشە بۆ من سرنجڕاکێش بووە، زۆر زۆر. هەر جار کە چاڵاوێک دەبینم، دەچم لە قەراغی ڕاوەدەستم و چاو لە نێوەکەی دەکەم.

پ: پێت وایە ڕۆژێک لە چاڵاوێک بکەوی؟

و: نا، نا.

پ: دەترسێن؟

و: بەڵێ، دەترسێم. من نووسراوەی ئەو کەسانەم خوێندۆتەوە کە لە چاڵاو کەوتوون. داستانێکم لە ڕیمۆند کارۆیر خوێندبووە سەبارەت بە کوڕێک کە لە چاڵاوێک کەوتبوو و ڕۆژێکی تەواو لە چاڵاوەکەدا بوو. داستانێکی باش بوو.

پ: ئەو نووسەرێکی زۆر ڕێئالیست بوو.

و: ئەرێ، زۆر ڕێئالیست. بەڵام بە شێوەیەکی نەناسراو بۆ من زۆر گرینگە. من زۆر بەرهەمی "یونگ" ناخوێنمەوە بەڵام نووسراوەکانی من و نووسراوەکانی ئەو زۆر لێک دەچن. "ناوشیار"ی بۆ من وڵاتێکی نەناسراوە. نامەوێ شیکردنەوەم لەسەری هەبێ بەڵام یونگ و ڕەوانپزیشکەکان بەردەوام خەریکی شیکردنەوەی خەون و خەیاڵ و ڕادەی گرینگی هەر شتێکن. من نامەوێ ئەو کارە بکەم. ناوشیاری بۆ من هەر ناوشیاریی‌یە. لە وانەیە ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەک سەیر بێ بەڵام وا هەست دەکەم دەتوانم بەو بۆچوونە سەیرە، بەو شتەی مەبەستمە بگەم. جاری وایە زاڵبوون بەسەریدا زۆر مەترسیدارە. ئەو دیمەنەی پێوەندی بەو هۆتێلە گوماناوییەوە هەبوو، لە بیرتە؟ من حەزم لە داستانی "ئێرفێنۆس"ە، هاتنە خوارێ؛ ئەو داستانە سەبارەت بەو شتە نووسراوە، "دنیای مەرگ"، مرۆڤ پێ دەنێتە ئەو مەترسییە و دەچێتە ناوی. بە بڕوای خۆم من نووسەرێکم و دەتوانم ئەو کارەی بکەم. یانی خەریکە پێ دەنێمە ئەو مەترسییە. دڵنیام کە دەتوانم بیکەم. بەڵام کاتی دەوێ. کاتێک کە نووسینی کتێبەکەم دەست پێکرد هەموو ڕۆژێ دەمنووسی و دەمنووسی، کاتی گەیشتنی تاریکی ئامادە بووم بچمە ناوی. بەر لەوە دیارە کاتی دەبرد، گەیشتن بەو قۆناغە دەڵێم. پیاو ناتوانێ ئەمڕۆ دەست بە نووسین بکا و سبەی پێ بنێتە ناو ئەم دنیایە؛ دەبێ هەموو ڕۆژێ دەگەڵی بسازێی و زەحمەت بکێشی. دەبێ توانایی وردبیر لێکردنەوەت هەبێ. بە بڕوای من ئەوە گرینگترین بەشی کاری نووسەرە. بەم مەبەستە من هەموو ڕۆژێ خەریکی خۆڕاهێنان بووم. هێز و توانایی لەش زۆر پێویستە. زۆربەی نووسەران گوێ نادەنە هێزی لەش [پێدەکەنێ]. زۆر دەخۆنەوە و جگەرە زۆر دەکێشن. هەڵبەت من ڕەخنەیان لێناگرم بەڵام هێزی لەش بۆ من زۆر گرینگە. خەڵک باوەڕ ناکەن کە من نووسەرم چوون هەموو ڕۆژێ هەڵدێم و مەلە دەکەم. بە سەرسوڕماوییەوە دەپرسن: "ئەوە نووسەرە؟"

پ: کاتێک کە سەبارەت بە شتی ئاوا ڕەش و تاریک دەنووسی خۆیشت ترس دادەگرێ؟

و: نا، بە هیچ جۆرێک.

پ: تەنانەت لەو کاتەشدا کە ئەو بوونەوەرە شەیتانییە لە دەرگای هۆتیلەوە دێتە ژوور هەتا "تۆرۆ"ی بگرێ، یان کاتێک کە بە زیندوویی پێستی ئەو سەربازە هەڵدەقەنن؟ یانی لە نووسی ئەو دیمەنانە تووشی ئازار نابی؟

و: لەم لایەنەوە بۆچی تووشی ترس دەبم. کاتێک کە ئەو دیمەنم دەنووسی، خۆیشم لەوێ بووم. ئەو شوێنەم دەناسی. دەتوانم هەست بەو تاریکییە بکەم. دەتوانم بۆن بەو شتە سەیرانەوە بکەم. ئەگەر نەتوانی ئەو کارانە بکەی نووسەر نی. ئەگەر نووسەر بی دەتوانی لە ژێر پێستتدا هەست بەو شتانە بکەی. کاتێک کە خەریک بووم دیمەنی هەڵقەندنی پێستی ئەو سەربازەم دەنووسی زۆر بۆم... زۆر ترسناک بوو و من زۆر ترسابووم. ڕاستی نەمدەویست ئەو دیمەنانە بنووسم بەڵام نووسیم. لە نووسینی ئەو دیمەنانە ڕازی نەبووم بەڵام بوونی ئەو دیمەنانە لە داستانەکەدا پێویست بوو. پیاو ناتوانێ خۆیان لێبپارێزێ. بەشێکە لە ئەرکی مرۆڤ. پ: وا وێدەچێ کاتێک کە لە نووسینی شتێک دەترسێی بڕیار دەدەی وەدووی کەوی.

و: ناکرێ لێی هەڵێی. قسەیەکی نەستەقی ژاپۆنی هەیە کە دەڵێ: "ئەگەر تۆڵەی پڵینگت دەوێ، دەبێ بچیە ناو هێلانەی پڵینگ."

بەرهەم ۵

بروسکەی سەرەخۆشی و ماتەمین




بە داخ و کەسەرێکی زۆر، لە ڕێکەوتی ۲۵ی بانەمەڕی ۱۳۹۲ هەتاوی تەنزووس، چیرۆکنووس و نووسەری مەهابادی کاک جەعفەر خزرپوورئەقدەم بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد.

کاک جەعفەر خزرپوور ئەقدەم ئەندامی دێرین و چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بوو و لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەنجومەن لە خولەکانی پێشوو، بەشداری بڕوێنەی هەبوو هەروەها کاک جەعفەر خاوەنی چەندین بابەتی چاپکراو لە گۆڤاری مەهاباد و گۆڤارەکانی تر بوو.

بە بۆنەی ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنە و کۆچی ناوادەی هاوخەباتمان کاک جەعفەر خزرپوورئەقدەم سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو هەڵسووڕاوانی بواری ئەدەبی شاری مەهاباد و کوردستان دەکەین و هیوادارین گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

.....

پیرۆزبایی هاتنی مانگی ڕەمەزان



بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم ئاڕاستەی سەرجەم خەڵکی کوردستان بە تایبەت ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد دەکەین و هیوادارین نیشتمانمان هەمیشە ئاوەدان و پارێزراو بێت.

لێژنەی بەڕێوەبەراتی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد و گۆڤاری بەرهەم

ئەوە دڵمە! ئەوە دەنگی تەپڵی دڵمە!

کە بە نەردیوانی ستوونی فەقەڕاتی مێژووی شەڕدا،

هەڵدەچێتە تەسخیری فەزای جومجومە

ئەوە دڵمە! ئەوە خوڕەی خوێنی دڵمە

کە بەرێشەی مێژووی ڕەشدا،

هەڵدەکشێتە لق و پۆپ و گەڵای شێعرێک

سپی وەک سپێنەی هەتاو.

هەواڵنامەی کتێب

قاسم موئەییەدزادە "هەڵۆ"